




# بەشێک لە وتارو نووسراوەکانی

## هاوڕێ ئامانج زیبایی

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

گەلاوێژی ٢٧٢٦ی کوردی = ئاگۆستی ٢٠٢٦ی زایینی

سەرچاوە
Serchawe

# پێڕست:

١- کوردەکان و ناکۆکییەکانی نێوان تورکیە و ئامریکا................................................................ ٣
٢- ناسیۆنالیسم و شوناسی نەتەوەیی...................................................................... ٦
٣- فیتیلە پیچ کردنی ئێران لە سەر دۆشەکی زۆران.............................................................. ٩
٤- ئێران وەک کارتی فشاری ئەمریکا لەسەر عەرەب.............................................................. ١١
٥- سێبەری سەرکەوتنی سیاسەتەکانی ئامریکا بەسەر ئێراندا.................................................. ١٤
٦- سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بەرامبەر بە ئێران لە سەردەمی «دۆناڵد ترامپ»دا.................................. ١٦
٧- ئایا ئامانجی ئەمریکا ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە؟........................................................ ٢٢
٨- ڕای گشتی............................................................................................. ٢٦
٩- لە پەراوێزی فیدرالیزمەکەی خاتەمی!....................................................................... ٢٩
١٠- ئەو خەونانەی ڕێژیم دەیدی و وەدی نەهاتن!............................................................... ٣٢
١١- ئەوە کۆتایی نییە، دەستپێکێکی نوێیە........................................................................ ٣٥
١٠- پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانی ئێران دوای ٤١ ساڵ.............................................................. ٣٨
١١- داهاتووی ئێران لە ئەگەری کاراکردنی مێکانیزمی ماشەدا...................................................... ٤٢
١٢- ستراتێژیی ئەمریکا لە عێراق، کشانەوە یان ڕەگداکوتان؟..................................................... ٤٥
١٣- پێوەندییەکانی نێوان ئێران و چین........................................................................ ٤٨
١٤- تێکنۆلۆژیی مووشەک لە دەست دەسەڵاتێکی سەرەڕۆدا........................................................ ٥٢
١٥- هەوراز و نشێوی پێوەندییەکانی نێوان ئێران و تاڵیبان......................................................... ٥٦
١٦- دەرکەوتنی ڕووی ڕاستەقینەی کۆماری ئیسلامی ئێران......................................................... ٦٢
١٧- قوماره گەورەکەی ئێران............................................................................... ٦٥
١٨- ساڵێک دوای شەڕی ئوکراین............................................................................ ٦٨



سەرچاوە
Serchawe

## کوردەکان و ناکۆکییەکانی نێوان تورکیە و ئامریکا

کەمتر لە مانگێک لەمەوبەر دۆنالد ترامپ سەرۆک کۆماری ئامریکا لە چاوپێکەوتنێکی لە گەڵ رەجەب تەیب ئەردۆغاندا گوتی کە پێوەندی نێوان تورکیە و ویلایەتە یەکگرتووەکان لە هەموو کات دۆستانەترە و لە هەموو کاتەکان لێک نێزیکترە!

سەرەڕای ئەوەی کە ئەو کاتیش ئەو دوو وڵاتەی ئەندام لە ناتۆدا بێ کێشە نەبوون، بەڵام پێوەندی نێوان تورکیە و ئامریکا لە دوای کودەتا ناسەرکەوتووەکەی ژوویيەی ٢٠١٦دا، رۆژ لە گەڵ رۆژ ئاڵۆزتر بووە.

ئامریکای کاتی سەرۆک کۆماریی ئۆباما پێی وا بوو کە رەجەب تەیب ئەردۆغان سیاسەتمەدارێکی (میانە رەو)ی موسولمانە و دەتوانێ رۆڵی پردێک بگێرێ لە نێوان دونیای رۆژئاوا و رۆژهەڵاتدا.

سیاسەتە نەرمەکانی ئیدارەی ئۆباما هانی تورکییەی دا کە دەستتێوەردانی سەربازی بکا لە سووریە و هەروەها رەخنەش لە سیاسەتەکانی ئامریکا بگرێ لە مەڕپشتیوانی ئامریکا لە کوردەکانی رۆژئاوا.

لە ئێستادا ناکۆکییەکی زۆر لە نێوان پێوەندیەکانی ئامریکا و تورکیەدا هەیە، یەک لەوان قەیرانی سووریە. ناکۆکییەکانی نێوان ئامریکا و تورکیە لە سەر ئامانج وستراتێژی لە سوورییە زۆر زەق و بەر چاوە.

لە کاتی دەستپێکردنی قەیرانی سوورییە، تورکیە لە بەرەی دژ بە بەشار ئەسەد خۆی دەر دەخست. لابردنی بەشار ئەسەد بۆ دەسەڵاتدارانی تورکیە ببوو بە بابەتێکی حەیسیەتی، ئەم ئامانجە بۆ تورکیە ببو بە گرینگترین ئیستراتێژی لەو کاتدا، تورکیە پێداگری دەکرد لە سەر دامەزراندنی هەرێمێکی ئاسمانی (ئەمن) لە نیزیک سنوورەکانی خۆی، کە هەر زۆر زوو ئامریکا دژایەتیی خۆی دەربڕی سەبارەت بەم بابەتە.

دژایەتی ئامریکا بۆ دامەزراندنی ئەم هەرێمە ئاسمانییە هۆکارێکی سەرەکیی هەبوو. ئەوەی بۆ ئامریکا گرینگ بوو لەنێوبەردنی داعش بوو لە عێراق و سووریە، بەڵام ستراتێژیی تورکیە لە نێوبردنی پارتی کرێکارانی کوردستان بوو نەک داعش.

ئەم جیاوازیی ستراتێژییە و ئامانجە هەر لە سەرەتای قەیرانی سووریەڕا خۆی نیشان دا. وەک گوتمان ئامریکا لە سووریە ئامانجەکەی لە نێوبردنی داعش بە هاوکاریی سەرەکیترین هێز لە سووریە بوو کە هێزەکانی سووریەر دێموکرات( کە زۆربەیان کوردن) بوو، کە بە پێچەوانەی ئەم ئامانجە ستراتێژی تورکییە لە نێوبردنی هێزەکانی پاراستنی گەل(YPG) بوو، تەنانەت بە پشتبەستن بە چەندین بەڵگە و دێکۆمێنت کە لە میدیاکاندآ بڵاو بوونەوە، ئەگەر نەڵێین تورکیە بۆ زەبر وەشاندن لە کوردەکان هاوکاری داعشی کردوە، ئەوە دەتوانین بڵێین کە بۆ ئەم مەبەستە زۆری کارئاسانی بۆ کردوون.

لەم نێوەدا دەستێوەردانەکانی ڕووسیە و ئێران لە قەیرانی سووریەدا بارودۆخەکەی زیاتر ئاڵۆز کرد، تەنانەت دوای تێکشکانی فرۆکە رووسیەکە و تیرۆرکرانی باڵوێزی رووسیە (ئاندرئی کارلۆف) لە ئانکارا بە دەستی پۆلیسێکی تورک لە پێشانگایێکدا، هەر سات ئەگەری داگیرسانی شەڕێکی دیکە لە ناوچەکەدا لە ئارا دا بوو لە نێوان هاوپەیمانانی ئەسەد و دژبەرانیدا.

لە دوای تیرۆرکرانی باڵوێزی رووسیە لە ئانکارای پایتەخت و ڕاگەیەندراوی وەزارەتی دەرەوەی تورکیە کە تێیدا باس کرابوو کە تورکییە ئیزن نادا ئەم رووداوە ببێ بە هۆکارێک بۆ لە نێوچوونی دۆستایەتیی ئەم دوو وڵاتە؛ ئەمە سەرەتای گۆرینی سیاسەتەکانی تورکیە بوو لە بەرامبەر رووسیە و ئێراندا، ئەوە لە کاتێکدا بوو کە تورکیە بە درێژایی مێژووی خۆی لەگەڵ ئێران و رووسیە ناکۆکیی هەبووە.

هاوڕابوونی توورکیە لە سەر ئیسرائیل و قەتەر و دژایەتیی عەرەبستانی سعودی و دژایەتیی بەرێوەچوونی ریفراندۆمی هەرێمی کوردستان لە باشوور، چوونە نێو هاوپەیمانییەکی ڕانەگەیندراو بوو لە گەڵ ئێران، و هۆکارێک بوو بۆ نێزیکبوونەوەی تورکیە لە ئێران و رووسیە و دوورکەوتنەوەی زیاتر لە ئامریکا و رۆژئاوا. بەڵام ئایا تورکیە لەم هاوپەیمانییە تازەیەی خۆیدا براوەیە؟

تێروانین و سیاسەتی رووسیە بەرامبەر بە کوردەکانی باشوور و رۆژئاوا ڕوون و ئاشکرایە، بەرامبەر بە کوردەکانی باکووریش ئەگەر نەڵێین ئاشکرایە دەتوانیین بڵێین کە زۆریش نهێنی نییە. لە هەمان کاتدا پێوەندییەکانی تورکیە و رووسیەش جێگای گومانە، هەر وەک چۆن جەلال گوزەل، بەرپرسی ناوەندی لێکۆڵینەوەی ستراتێژی تورکیەی نوێ کە سەر بە حکومەتی تورکیەیە لە دوایین لێدوانی خۆیدا دەڵێت، هاوپەیمانی لە گەڵ رووسیە لە رووی ناچارییە و کاتییە.

هاوپەیمانی لەگەڵ ئێرانیش سەرەڕای ئەوەی کە خاڵی ناکۆکییان یەکجار زۆرە و هەروەها پێوەندیی ئێران لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان بۆ تورکیە خێرێکی وا ناداتەوە و زەرەرمەندی سەرەکی هەر تورکیەیە؛ وەک چۆن بینیمان لە

سەردانەکەی ئەم دواییـانەی ڕەجەب تەیب ئەردۆغـان بـۆ ئێـران، حکومەتی ئێرانی بە پێشێلکردنی ئەتەکێت و پرۆتۆکۆلی دیپلۆماسی، وەزیری پیشەسازیی خۆی نارد بۆ پێشوازی لە ئەردۆغان.

**بەپێی هەموو ئەو لێکەوتانە سیاستی ئێستای تورکیە تەریککخستنەوەی زیاتری ئەم وڵاتەی لێ دەکەوێتەوە لە کۆمەڵگای نێو دەوڵەتیدا.**

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧

## ناسیۆنالیسم و شوناسی نەتەوەیی

پرۆسەی بە نەتەوەبوون بە چەند قۆناغدا دەڕوا و دروستبوونی ئەو شکۆیە پێویستیی بە خۆڕاگری و بەرگەگرتن لە بەرامبەر گیروگرفتەکاندا هەیە و تاکەکانی ئەو نەتەوەیە دەبێ لە زۆر تایبەتمەندیی ژیانی خۆیان خۆش بن. ئەم لە خۆبوردووییە تەنیا بە کەسانی ناسیۆنالیست دەکرێ و ناسیونالیسم وا لە تاکی کۆمەڵگە دەکا کە لە کاتی بەرەڕووبوونەوە لەگەڵ هەژاری و نەداری و نەبوونیدا پشت لە نەتەوەکەیان نەکەن و لە خۆشی و ناخۆشیدا بە دڵ و بە گیان لەگەڵ ڕوحی نەتەوەی خۆیان بن، لە بەر ئەوەی کە نێوەرۆکی ناسیونالیزم نەتەوە مێحوەرییە و بەرژەوەندیی نەتەوەییش لە سەروو هەموو بەرژەوەندییەکاندا جێ دەگرێ

ناسیۆنالیزم، واتا ئەو هەستەی کە تاکەکانی نەتەوەیەک پابەند دەکا بە کۆمەڵێک دەروەستی و زۆر بەڵێنی نەگوتراو بەرامبەر بە نەتەوەکەی، هەروەها پەرژینێکە لە بەرامبەر زۆر چەوتی و لادان لە دژی نەتەوەکەی. بەڵام کاتێک نەتەوەیەک تووشی قەیرانی شوناس بێ، ئیدی تاکەکانی پرسی نەتەوەیی و بابەتی سەروەری و پرەنسیپە نەتەوەییەکانی لەلا گرینگ نامێنێ، یان بە واتایەکی دی وەک جاران لە ریزبەندیی یەکەمی بەها و بایەخە گرینگەکانی ئەو کەسەدا نایە، بەڵام پرسیار ئەوەیە کە هۆکارەکانی بێ شوناسی یان سەرهەڵدانی قەیرانی شوناس بۆ چی دەگەڕێتەوە؟

زۆر جار مۆدێرنیتە هۆکاری سەرەکییە. دورکەوتنەوە لە کلتوور و تێکەڵبوون لەگەڵ دونیای تازە و مۆد هۆکارێکە بۆ دورکەوتنەوە لە ناسیونالیزم کە دیارە ئەو لێکەوتەیە نەوە دوای نەوە کاریگەریی خۆی دادەنێ، بەڵام لە هەمان کاتدا ناسیۆنالیزم خۆی دژی مۆدێرنیتە و جیهانیبوون (globalization) نییە و بە ڕوویەکی دیکەدا دەکرێ بڵێین ناسیۆنالیزم هاندەریشە بۆ بەرۆژبوونەوە بۆ ئەوەی تاکەکانی نەتەوەیەک لە ڕەوتی خێرای گەشەسەندن و پێشکەوتنەکان جێ نەمێنن، بۆ ئەوەی تاکەکانی ئەو نەتەوەیە هەر دەم بە شانازییە باس لە خۆیان و نەتەوەکەیان بکەن و ڕوخسارێکی جوان لە نەتەوەی خۆیان پیشانی نەتەوەکانی دیکە بدەن. بەڵام کاتێک نەوەی نوێی نەتەوەیەک هەموو کلتوور و وردەکلتووری خۆیان بەختی شەپۆلەکانی مۆدێرنیتە دەکەن، ئیدی زەنگی لەکزیدانی ناسیونالیزم دەبیسترێ و نەوەکانی دواتر یەک لە دوای یەک بەرەو هەڵدێری لاوازبوونی شوناسی نەتەوایەتی پاڵ پێوە دەنێ.

هۆکارێکی دیکە کە کاریگەری لەسەر کزبوونی هەستی نەتەوەیی دادەنێ، بیر و باوەڕی چەپی ڕادیکاڵ و ئەو بەشە لە وێژمانی چەپی تۆخە کە بایەخ بە نەتەوە نادا کە دیارە لە ئێستادا ئەم ئایدۆلۆژییە بە بەهێزی و گوڕوتینی جارانی نییە

و لە هەناسە کەوتوە.

**بەو پێشەکییە دەمەوێ تیشک بخەمە سەر جۆری پەروەردەکردنی تاک لە کۆمەڵگەدا، بە تایبەت لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا.**

کاتێک تاکی کورد وا پەروەردە بکرێ کە خاک و نیشتیمانی خۆی کە هەر دەم لە پێناویدا قوربانی دەدا بۆ گرینگ و ئەولەوییەتی یەکەمی بیرکردنەوەی بێ و بۆ شکۆ و مەزنایەتیی خۆی و نەتەوەکەی تێ بکۆشێ، ئەوە کۆمەڵگەیەش بەرەوپێش دەڕوا و لە هەموو بوارەکاندا پەرە دەستێنێ. بە نەتەوەبوون بە چەند قۆناغدا دەڕوا و دروستبوونی ئەو شکۆیە پێویستیی بە خۆڕاگری و بەرگەگرتن لە بەرامبەر گیروگرفتەکاندا هەیە و تاکەکانی ئەو نەتەوەیە دەبێ لە زۆر تایبەتمەندیی ژیانی خۆیان خۆش بن. ئەم لە خۆبوردووییە تەنیا بە کەسانی ناسیۆنالیست دەکرێ و ناسیونالیسم وا لە تاکی کۆمەڵگە دەکا کە لە کاتی بەرەورووبوونەوە لەگەڵ هەژاری و نەداری و نەبوونیدا پشت لە نەتەوەکەیان نەکەن و لە خۆشی و ناخۆشیدا بە دڵ و بە گیان لەگەڵ ڕوحی نەتەوەی خۆیان بن، لە بەر ئەوەی کە نێوەرۆکی ناسیونالیزم نەتەوە مێحوەرییە و بەرژەوەندیی نەتەوەییش لە سەروو هەموو بەرژەوەندییەکاندا جێ دەگرێ.

زۆر جار لێرە و لەوێ دەگوترێ یان دەبیستین کە ناسیونالیزم تەنیا باسی سەر کلاس و کۆڕ و کۆبوونەوەکانە و ئەوانەی لەم کۆڕ و کۆبوونەوانە نین لە ناسیۆنالیزم بێبەرین، یا بە تێگەیشتنێکی دیکە دەروانە ناسیونالیزم کە دەکرێ وا نەبێ.

بۆ نموونە کاتێک تاکێکی کوردی نەخوێندەوار بە کار و کوێرەوەری لە شوێنە سەختەکانی وەک کورەخانە و جوجەخانە ڕازی دەبێ، بەڵام ڕازی نابێ مووچەی بندەستەیی لە دەسەڵاتی داگیرکەر وەرگرێ و نابێتە گوێرایەڵی و چەکی بۆ لە شان ناکا و سەردانەواندن بە عەیبە و عار دەزانێ و بە «نا» گوتن لە بەرامبەر ویست و داوای داگیرکەری زۆرداردا دەوەستێتەوە، ئەو هەر هەمان ناسیونالیزمە کە ئەو بەبێ پەروەردەی زانستی و بەشداریکردن لە کۆڕ وکۆبوونەوەکان فێری بووە، بەڵام لە ناخی خۆیدا بە خودئاگایی پێی گەیشتوە. سەرەڕای ئەمەش نابێ ڕۆڵی ڕووناکبیران و ڕاگەیاندن و حیزبەکان بە کەم بگرین چ لە بەرەی ناسیونالیزم و چ لە بەرەی دژ بە ناسیونالیزمدا.

لە کاتێکدا کە هەر چوار وڵاتی داگیرکەری کوردستان بە چاوی شوێنیستی دەڕوانە خەڵک و خاکی کوردستان و وەک بەشێکی کلۆنی لە کوردستانی بن دەسەڵاتی خۆیان دەروانن و بەردەوام لە هەوڵی بەتاڵانبردنی سامانی کوردستانن و دانیشتووانی قەڵاچۆ دەکەن و لە هیچ کردەوەیەکی نامرۆڤانە ناپرینگێننەوە؛ ئەویش لە کاتێکدا کۆمەڵگای جیهانی لە سۆنگەی بەرژەوەندییەکانیان قروقپ دانیشتوون و نابەرپرسانە چاو لە دۆخی کوردستان دەکەن و؛ لەو کاتەدا کە کورد

هەمیسان وەک جاران بە تاقی تەنیایە، تاکە رێگەی بەردەمان هەر دەتوانێ بەهێزترکردنی هەستی نەتەوایەتیمان بێ.

دۆخی ئێستا کوردستان لە هەموو بەشەکاندا پێمان دەڵێن لە هەر بەشێک لە کوردستان بەپێی سروشتی خەبات و ژینگەی سیاسیی خۆی؛ حیزبەکانی پێویستە لە ژێر چەترێکی یەکگرتووانەی بەرفراواندا پتر هەوڵ بۆ بەخشینی شوناسێکی نوێ بە تاکی کورد و کۆمەڵگای کوردستان و خەباتی ئەو نەتەوەیە ببەخشن. ئەو شوناسە بە پشتبەستوو بە پاشخانی خەباتی دەیان ساڵە و بە ڕێکخستنی کۆمەڵگە لە نێوخۆی وڵاتدا و، بە وەگەڕخستنی لۆبییەکی بەهێز لە کۆڕ و کۆمەڵەی نێونەتەوەییدا دەتوانێ ئاراستەیەکی دی بە خەباتی کورد بدا.

لە ژمارەی ٧١٤ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی نۆڤەمبەری ٢٠١٧



سەرچاوە
Serchawe

## فیتیلەپیچ کردنی ئێران لە سەر دۆشەکی زۆران

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا عەلیڕەزا کەریمی بۆتە یەکیک لە سووژە گرینگەکانی نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە ئێران.

عەلیڕەزا کەریمی بۆ دووهەم جار لە تیروپشکی کێبرکێیەکانی نێودەوڵەتی پشکی لە گەڵ ئیسرائیل دەکەوێ. ئەو بە ئەمری ڕاهێنەرەکانی و بە ناچار دەبوا پشتی خۆی بۆ سیاسەت لە دۆشەکی زۆران بخشێنێ و چاوی لە مەر بە دەستهێنانی میداڵ بقووچێنێ و وەڵامی ماندووبوونەکانی خۆی لە ڕاهێناندا بەو پەری دڵشکاوی بداتەوە خۆی.

بەڵام دۆڕاندنی بە ئانقەستی ئەم یاریزانە جگە لە دڵشکاویی خۆی کاردانەوەی دیکەشی لێ دەکەوێتەوە.هەر یەک لە یەکیتیی جیهانی زۆرانبازی و کۆمیتەی نێودەوڵەتی ئولەمپیک و بەکارهێنەرانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و فیدراسیۆنی زۆرانبازیی ئێران و ڕاهێنەرەکانی چەندین ڕای جیاوازیان هەبووە لە مەڕ ئەم ڕووداوە دوور لە پرنسیپە.

ئەوەی کە کاربەدەستانی ئێرانی لە هەمووان زیاتر تووشی شڵەژان کردووە کاردانەوەی یەکیەتیی جیهانی زۆرانبازییە کە داوای لە کۆمیتەی ئینزباتیی خۆی کردووە بەدواداچوون بکا لەم بارەیەوە. ڕاگەیەندنەکانی ئێران نووسیویانە کە یەکیەتی جیهانیی زۆران لە ژێر فشاری کۆمیتەی نێودەوڵەتیی ئولەمپیک(IOC) ملکەجی ئەم بریارە بووە بە مەبەستی ڕاستی ئەم پرنسیپەی کە دەبێ وەرزش لە سیاسەت دوور بێ و تێکەڵ بە یەکتری نەکرێن. دیارە ئەمە یەکجار نیە و دەیان حاڵەتی لەو چەشنە ڕووی داوە و سەیر ئەوەیە ئێران لە کاتێکدا ڕەفتاری لەو چەشنە نەگونجاو لەگەڵ بەها جیهانییەکان لە بواری وەزرشدا دەکا کە تەنانەت وەرزشکارە فەلستینییەکان بە قەد ئێران کێشە لە گەڵ ئیسرائیل ناکەن.

لە ئێستادا ئەگەری سڕ کردنی فدراسیۆنی زۆرنبازیی ئێران بە گشتی و عەلیڕەزا کەریمی بە تایبەتی هەیە. لە دوای ئەم ڕووداوە عەلیڕەزا کەریمی لە نووسینێکدا دەڵێ: دوایین سەنگەر بێدەنگییە (آخرین سنگر سکوتە). ئەو دەیەوێ بڵێ ئەمەی ڕووی داوە دەرنجامی سیاسەتێکی چەوت و هەڵەی کاربەدستانی ڕێژیمی ئێرانە کە تێکەل بە هەموو بوارەکانی ژیانی خەڵکی ئێران بووە و دەنگی ڕاهێنەرەکەی بۆ هەمیشە لە گوێدا دەمێنێتەوە کە بڕیاری بە کەریمی دەدا: «ئەتۆ دەبی بدۆڕێنی.»

شوورەیی ئەو ڕەفتارە گەیوەتە جێیەک کە لە پاڕلمانی ئێراندا ببێتە باس و کۆمیسیۆنی ئەسلی۹۰ داوا لە وەزارەتی وەرزش بکا وەڵامدەر بێ، لە حاڵێکدا بۆ خۆیان سوور دەزانن کە ئەوە هێڵی ئیدۆلۆژیکیی نیزامە و ناتوانن بە پینەپەڕۆکردنی

کاریگەری لەسەر بیروڕای ڕاتڵەکیوی کۆمەڵگا دابنێن.

سروشتییە هێڵێکی ئیدۆلۆژیک کە سەپاندوویەتی وەرزشکار دوای سەرکەوتن لە مەیدانە وەرزشییەکان میداڵەکانیان پێشکێش بە خامنەیی و قاسم سولیمانی و بەناو «مدافعین حرم» بکەن، یان خو لە کێبرکێی وەرزشی لەگەڵ وەرزشکارانی وڵاتی ئیسرائیل بەدوور بگرن و مەیدانیان بۆ چۆڵ بکەن؛ لە دواجاردا تێچووی قورسی بۆ کۆمەڵگەی وەرزشیی ئێران هەبێ.

لە ژمارەی ٧١٥ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی دێسەمبەری ٢٠١٧

---

## ئێران وەک کارتی فشاری ئەمریکا لەسەر عەرەب

لە مانگی دێسەمبردا ئیدارەی ترامپ فەرمانی راگوازتنی سەفارەتخانەی ئامریکای لە شاری تەلاویو بۆ ئورشەلیم(قدس) دا و ئەو ڕۆژەی بە ڕۆژێکی مێژووی ناو برد.

سەرەڕای ئەوەی کە ئەم بڕیارە لە ئیسرائیل زۆر بە گەرمی وەرگیرا، بەڵام جگە لە ئیسرائیل هیچ وڵاتێکی دی پشتیوانیی لێ نەکرد و زۆر لە هاوپەیمانانی ئورووپایی و کەسایەتیی سیاسی و ئاینی ئەم هەڵوێستەی ئامریکایان بە مەترسی بۆ سەر ئاشتەوایی ناوچەکە زانی.

بۆ چی و بۆ لە کاتێکی ئاوا دا کە ناوچەکە تووشی چەندین ململانێی چەکداری و ڕووبەڕووبوونەوەی ئایدۆلۆژیاکان بۆتەوە ئیدارەی ترامپ هەڵوێستێکی ئاوا دەنوێنێ؟

ڕەنگە یەکەم هۆکارکە بە مێشکی کەسێکی سیاسیدا بێ ئەوە بێ کە وڵاتانی عەرەبی لە لاوازترین بارودۆخی سیاسی و تەنانەت قەیرانی نێوخۆیی دان و ئەوە هەلێکی زێڕینی خستووەتە بەردەم ئیسرائیل.

بەڵام بە ئاوردانەوەیەکی خێرا لە ڕووداوەکانی ئەم یەک دوو مانگەی ڕابردوو بۆمان دەردەکەوێ کە وڵاتانی عەرەبی و ڕۆژئاوا لە بەرەبەری دروستکردنی بەرەیەکی دژ بە سەرەرۆیی و دەستتێوەردانەکانی ئێراندا بوون و زۆری نەما بوو بۆ شکڵگرتنی ئەم بەرەیە.

بڕیاردان و هەڵوێستێکی ئاوا گرینگ لە سەر شارێک کە گرینگیی تایبەتیی هەیە بۆ هەر سێ ئایینە ئاسمانییەکە (یەهوود - مەسیحییەت - اسلام) بە قازانجی ئێران بوو یا بە زەرەری بووە؟

سەرەڕای ئەوەی کە لەم ماوەیەدا کۆمەڵێک ڕووداوی گرینگ لە ناوچەکەدا ڕوویان دا و هەڵوێستی ئامریکا لە هەمبەر ئەو ڕووداوانە زیاتر بە قازانجی ئێران و سپای پاسداران بوو، وەک داگیرکردنی بەشێک لە خاکی باشووری کوردستان، مووشەکهاوێژیی حوسییەکانی یەمن بۆ ئامانجە دیاریکراوەکان لەنێو خاکی عەرەبستانی سعودییە و بە هێزتر بوونی بەشار ئەسەد لە سووریە و هتد. ئەوە لە حاڵێکدا بوو کە سپای پاسداران چند ڕۆژ پێش هێرشکردنە سەر کوردستان بە ڕەسمی

لەلایەن ئیدارەی ترامپەوە وەک ڕێکخراوێکی پشتیوانی تروریسم ناسرا و گەمارۆی ئابووریی خرایەسەر؛ بەڵام لە کاتی هێرشەکەدا نەک پێشیان پێ نەگرت بەڵکوو بە چەک و تەقەمەنیی ئەمریکی هاوکاریی زیاتریشیان کرا. (بەکارهێنانی تانکی ئابرامس بۆ داگیرکردنی خاکی کوردستان نموونەی زەقە). لەو نێوەدا بێدەنگیی ئەمریکا لە دوای ڕاگەیاندنی شەڕ لە لایەن عیبادییەوە بە واتای هەڵکردنی گلۆپی سەوز بوو بۆ هێرشکردنە سەر کوردستان .

ئەم سناریویە خەریکە جارێکی دیکە دووپاتە دەبێتەوە بەڵام نەک بۆ هێرشکردنە سەر کوردستان بەڵکوو بۆ چاوترسێنکردنی وڵاتانی عەرەبی. بەم کارەش ئەمریکا سێ ئامانج بە بەردێک دەپێکێ:

یەکەمیان دڵی هاوپەیمانی سەرەکیی خۆی واتا ئیسرائیل ڕادەگرێ، کە لە ساڵی ١٩٩٥وە بەڵێنی ئەوەیان دابووێ کە ئورشەلیم بە پێتەختی ئەو وڵاتە بناسن.

دووهەمیان بازاری فرۆشتنی چەک و تەقەمەنی بە بەهای میلیاردها دۆلار لە ناوچەکەدا گەرم ڕادەگرێ، مەترسیدارهێشتنەوەی دەستتێوەردانەکانی ئێران لە ناوچە و بەریەکخستنی لەگەڵ ئەمنیەتی نەتەوەیی پێش بە کزبوونی بازارێکی وا دەگرێ.

سێهەم ئامانج کەمکردنەوەی زیانەکانی خۆی لە ئەگەری ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ ئێران و تەیارکردنی وڵاتانی عەرەبی بە چەک و تەقەمەنی لە پێناو ئەم سیاسەتە دایە و بەشی زۆری ئەم شەڕە بە وڵاتانی عەرەبی دەکا و مەترسیی ڕووبەڕووبوونەوەشی لەگەڵ ڕووسییە کەم دەبێتەوە.

ئەم هەڵوێستەی ئیدارەی ترامپ لە کورت خایەندا بە قازانجی ئێران دەبێ، بەڵام لە درێژ ماوەدا بە دژی ئێران دەشکێتەوە کە ئامانجی سەرەکیی ئیدارەی ترامپە. وڵاتانی عەرەبیش کە بە تەواوی هەستیان بە مەترسیی ئێران کردوە، بۆیە دژکردەوەیەکی زۆر لاواز و دوور لە چاوڕوانییان لە خۆیان پیشان دا.

ئەم دەستتێوەردانانەی ئێران لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا ناراستەوخۆ لە قازانجی بەرژەوەندییەکانی ئامریکا دایە و لە درێژماوەشدا ئێران بۆتە کارتێکی فشار لە دەستی ئامریکا کە هەر کات بە پێویستی بزانن گلۆپی سەوزی بۆ هەڵ دەکەن بۆ سەرەڕۆییەکانی.

لێدوانەکانی بنیامین نتانیاهۆ لە فەرانسەش دەرخەری ئەم ڕاستییە بوون کە سەرەڕۆییەکانی ئێران لە ناوچەکەدا زۆر

گرینگتره لە ڕاگواستنی سەفارەتخانەی ئامریکا لە شارێک بۆ شارێکی دیکە و ئەم ڕاگواستنەش پێویستی بە کاتێکی زۆر هەیە کە ڕەنگە لە ئەگەری سەرنەکەوتنی ترامپ لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماریی داهاتوودا بگەڕێتەوە بۆ ئەو بارودۆخەی کە لە ساڵی ١٩٩٥ و کاتی دەسەڵاتدارەتی کلینتۆن تێیدا بوو.

لە ژمارەی ٧١٧ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی جانیۆێری ٢٠١٨

## سێبەری سەرکەوتنی سیاسەتەکانی ئامریکا بەسەر ئێراندا

لە ئێستادا ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ ناکۆکی و شەڕەقسەی نێوان کاربەدەستان و بەرپرسانی ئێران و ئامریکا زیاتر خۆ دەنوێنێ. باسەکە لە کشانەوەی ئەمریکا لە بەرجام و بڕیاری گەڕاندنەوەی گەمارۆکان بۆ سەر ئێران دەستی پێکرد. کاربەدەستانی ئێرانیش زمانی هەڕەشەیان گرتەبەر و حەسەن ڕووحانیش وێڕای کاربەدەستانی سەربازیی وڵات لەو خۆ گیفکردنە بەجێ نەما.

ڕووحانی سەرەتا لە سویس هەرەشەی ئەوەی کرد کە ئەگەر پێش بە هەناردەکردنی نەوتی ئێران بگیرێ، ئەوە ئێرانیش لە کەنداودا گەرووی هورمووز دادەخا. ئەو لێدوانە بوو بەهۆی ئەوەی سپای پاسداران ناکۆکییەکانی لەگەڵ دەوڵەت وەکا بنێ و بێتە پشت حەسەن ڕووحانی. خامنەیی، ڕێبەری ڕێژیمیش ڕایگەیاندوە کە متمانەی بە ڕووحانی هەیە و داوای لە هەمووکاربەدستانی ڕێژیمەکەی کردوە کە هاوکاری ڕووحانی بن بۆ زاڵبوون بە سەر بارودۆخەکەدا. بەڵام ڕاست لەو هەلومەرجەدا و لە کاتێکدا گۆڕانکارییەکان لە بەرژەوەندیی ئێراندا نەدەچوونە پێش، ڕووحانی دەراوی زاری گۆڕی و هەڕەشەکانی نەرمتر کردەوە. ئەمجارەیان هاتە سەر ئەوە کە ئێران بە تەمای داخستنی گەرووی هوورموز نییە و گەرووی دیکە زۆرن کە بتوانێ دەستی پێیان ڕابگا، بەڵام «شەڕ لە گەڵ ئێران دایکی شەڕەکانە و سازان لە گەڵ ئێرانیش دایکی هەموو سازانەکانە.»

ڕووحانی لە کاتێکدا چراسەوزی سازان و ڕێککەوتن بۆ ئەمریکای هەڵ کردووە کە خامنەیی لە ڕواڵەتدا زۆر دژی دانوستان لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە و وتوویژ لە گەڵ ئەم وڵاتە بە هێڵی سوور دەزانی، هەڵبەت خامنەیی پێشتریش چەند جارێک ئەزموونی بادانەوە و قسەخواردنەوەی بووە. ڕووحانی هاوکات هەوڵی هێورکردنەوەی پێوەندییەکان لەگەڵ سعوودیە دەدا و لە سووریە و یەمەنیش دیارە کە خەریکە گۆڕەپانەکە چۆڵ دەکا.
ئەم ڕەفتارەی کۆماری ئیسلامی لە سیاسەتی دەرەوەیدا بێ ئەوەی هێشتا وادەی گەڕێ نوێی گەمارۆکانی ئەمریکا گەیشتبێ، دەریدەخەن کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی سەرەڕای هاشوهوشی زۆری، بەڵام لەڕووی ستاتۆی لە هاوکێشەکانی ناوچەدا لاواز بووە، هۆکاری ئەوەش ڕاستەوخۆ بۆ لاوازیی ئابووری و لە سۆنگەی ئەوەش هێژمونیی سیاسیی دەگەڕێتەوە و ئەوەش نیشانەیەکی لە سەرکەوتنەکانی سیاسەتی ئەمریکایە بەسەر ئێراندا.
جگە لەم گرفتانەی ئێران لە سیاسەتی دەرەوی خۆیدا لە گەڵیان دەستەویەخەیە، سیاسەتی نێوخۆی و ژێرخانە ئابوورییەکانیشی دارمانێکی گەورەی دروست کردووە. کار گەیوەتە جێگەیەک کە ڕێژیم لە دابینکردنی ئاوی خواردنەوە و برق

بۆ خەڵکەکەی داماوە و چارەنووسی دراوی نیشتمانیی وڵاتیش کە ڕوون نییە دەگاتە کوێ و، شەپۆلی نوێی ناڕەزایەتییە گشتییەکانیش خەریکە زۆربەی شار و ناوچەکانی وڵات دەتەنێ. ئەو ناڕەزایەتییانەی کە وێدەچێ ئەمجارەیان کاریگەریی زیاتر لەسەر چارەنووسی سیاسیی وڵات دابنێن، چونکی لەلایەک ئەمریکا بە ئاشکرا ڕایگەیاندوە کە لە پشتی خەڵکی ئێران دەوەستێ، لەلایەکی دیکەش ئۆپۆزیسیونی کۆماری ئیسلامی جیددیتر لە جاران هاتوونەتە نێو گۆڕەپانەکە. بۆیە ئەوەی ئێستا ڕێژیم بەدەستەوەی ماوە تەنیا هێزی سەرکوتە و ئەوەی لەو نێوەشدا خەڵک هیوای لەسەر هەڵچنیوە ڕۆڵی ئەمریکایە، بەڵام دەبینین کە باسەکە لەوە پێچەڵەوپێچترە.

ئەمریکا دوای شەڕێکی فرەڕەهەندیی زارەکی و چەند ڕۆژێک پێش سەپاندنی گەڕێ نوێی گەمارۆکان ڕادەگەیەنێ کە ئامادەیە لەگەڵ ڕووحانی دابنیشێ؛ کە دیارە ئەوە پتر لەوەی چارەسەری کێشەکانی نێوان دوو وڵاتی تێدا مەبەست بێ، هاویشتنی تۆپەکە بۆ گۆڕەپانی ئێران و چەککردنی ئەو وڵاتەی تێدا بەدی دەکرێ. ئەگینا ڕوون و ئاشکرایە کە پشتیوانیی ترامپ و ئەمریکا لە ناڕەزایەتییەکان هەر بە هەمان ئاقاردا دەچێتە پێشێ کە بە بەچۆکداهاتنی کۆماری ئیسلامی دوایی دێ. بەدەر لەوەش وتووێژ و دانوستانی نێوان دوو وڵات وەنەبێ ئەمە یەکەمجاری بێ. سەردانەکەی مەک فارلین بۆ ئێران، ڕێککەوتنی ئێران و ئامریکا لە سەر لوی جەرگەی ئەفغانستان، هاوبەشیی تاکتیکیی هێزەکانی ئەمریکا و سپای قودس لە شەڕی دژی داعش، چاوپێکەوتنی کەماڵ خەرازی لە کۆنفرانسی داووس لەگەڵ جۆزێف بایدن و چاو پێکەوتنەکانی هەر دووک باڵوێزی ئێران و ئامریکا لە عێراق بە شێوەی ڕاستەوخۆ و... پێمان دەڵێن ئەم دوو وڵاتە بەپێی بەرژەوەندییەکانیان زەرفییەتی پێکەوەسازان و دانوستان لەگەڵ یەکتریان هەیە؛ بەڵام قسەیە ئەوەیە کە لە ئێران کام لایەنە دانوستانەکە دەکا؟ کۆماری ئیسلامی بیروڕای گشتیی وڵات چۆن قایل دەکا کە ئەمجارەیان بەئاشکرا لەگەڵ شەیتانی گەورە دانیشتووە و سەودا دەکا؟ سەوداکان کامەن و ئێران چەندەی نەوی کردووە؟ باروودۆخی خەڵک و مافەکانیان و چارەنووسی ناڕەزایەتییەکانیان لە ئەگەری سازانی ئێران لەگەڵ دنیای دەرەوە چیی بەسەردێ؟

بۆ وەڵامی بەشێک لەو پرسیارانە دەبێ چاوەڕوانی ڕۆژانی داهاتوو و گۆڕانکارییەکان بین، بەڵام ئەوەی لەو نێوەدا دەمێنێتەوە ئەوەیە کە کێشەی خەڵکی ئێران لەگەڵ کۆماری ئیسلامی جەوهەرییە و بەندە بە ماف و، ئازادییەکانی ئەو خەڵکە و کۆماری ئیسلامی لە چوار دەیەی ڕابردوودا نیشانی داوە نە ئیمانی پێی هەیە و نە ئیرادەی ئەوەی بەڕەسمییان بناسێ. بۆیە خەڵکی ئێران و هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن و بزاوتە خاوەن کاریگەرییەکان لە ئێران نابێ ئەم دەرفەتە بە کۆماری ئیسلامیی ئێران بدەن لە دەرەوە بە سازان و سەرنەویکردن خۆی لە تیغی سزا و گوشارەکان ڕزگار بکا و لەنێوخۆش بە سەرکوت و گوشار بۆسەر خەڵکی تەمەنی خۆی درێژتر بکاتەوە.

لە ژمارەی ٧٣١ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی ئاگۆستی ٢٠١٨

# سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بەرامبەر بە ئێران لە سەردەمی «دۆناڵد ترامپ»دا

## ئامانج و بنەما سەرەکییەکانی ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا

ستراتیژی ئەمریکا لە کۆمەڵێک ئامانجی جۆراوجۆر پێک دێ کە پێوەندیی ڕاستەوخۆیان بە ئاسایشی نەتەوەیی ئەو وڵاتەوە هەیە، بەجۆرێک کە دیاریکردنی ئامانج و بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی - کورت خایەن یان درێژ خایەن_ی ئەمریکا، ڕەنگدانەوەی پێوەندیی نێوان ئاسایشی نەتەوەیی و بەرژەوەندییە زیندووەکانی ئەمریکایە لە هەموو جیهاندا، کە خۆی لە پاراستنی ئاسایش و سەروەری و یەکپارچەیی خاکی ئەمریکا و دابینکردنی سلامەتی و ئازادیی هاووڵاتیان و پاراستنی ئارامی و سەقامگیریی سیستمی سیاسیی ئەمریکادا دەبینێتەوە؛ هەروەها پاراستنی هەژموونی و باڵادەستی ئەمریکاش بەشێکە لەم ستراتیژییە. هەروەها دەکرێ ئامانج و بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی ئەمریکا، لە ئامانج و بەرژەوەندییە سیاسی، سەربازی، ئابووری و کولتوورییەکاندا کورت بکرێتەوە.

کاتێک کە باس لە ستراتیژیی (درێژ خایەن)ی وڵاتێک دەکەین دەبێ بۆمان ڕوون بێ کە ستراتیژیی درێژ خایەن، نەگۆڕە و بە دەستاودەست کردنی دەسەڵات (لە سیستمی دیموکراسی)دا گۆڕانی زۆری بەسەردا نایە و ئامانج هەر هەمان ئامانجی سەرەکییە؛ بەڵام ئامرازەکان بەپێی بارودۆخ و کات، دەگۆڕدرێن.

## ئێران لە ستراتیژیی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکادا

ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە یەکێک لە ناوچە ئاڵۆز و پڕ کێشەکان دەناسرێ، لە هەمان کاتدا ناوچەیەکی مەترسیدارە (لە ڕووی هەبوونی گرووپە جیهادی و تیرۆریستییەکان) کە بەردەوامن لە دروستکردنی ناسەقامگیری و بڵاوکردنەوەی توندوتیژی لەم ناوچەیەدا. ئێرانیش لە پشتیوانیکردنی ئەم گرووپ و ڕێکخراوانە (لە باری دارایی و لۆجیستیکییەوە) پشکی شێری بەخۆی داوە و، ئەم ناسەقامگیرییە بە قازانج و بەرژەوەندیی خۆی قۆستووەتەوە و هەژموونی و دەسەڵاتی خۆی لەم ناوچەیەدا پەرە پێداوە. لە لایەکی دیکەوە ئێران بەردەوامە لە سەر پەرە پێدانی توانا مووشەکی و هەواڵگرییەکانی و بەردەوامیشە لە ئەنجامدانی کردەوەی توندوتیژانە لە زۆربەی وڵاتانی دنیا بە گشتی و لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە تایبەتی.

بۆیە دەبینین کە ئەمریکا زۆر لەمێژە ئێران بەوە تۆمەتبار دەکا کە ئێران پشتیوانی لە تیرۆریزمی نێودەوڵتی دەکا و ئێران بۆتە مەترسی و بەربەستێکی ڕاستەقینە لەسەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانانی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا. هەروەها ئیدارەی نوێی ئەمریکا - ئیدارەی کۆمارییەکان بە سەرکردایەتیی ترامپ - پێداچوونەوەیەکی بەسەر سیاسەت و هەڵوێستەکانیدا کردووە لە بەرامبەر بە ئێراندا.

کشانەوەی ئەمریکا لە ڕێککەوتننامە ئەتۆمییەکەی نێوان ئێران و وڵاتانی ٥+١ دەستپێکی ئەم پێداچوونەوەیە بوو کە لە هەمان کاتدا سزاکانیشی بۆ سەر ئێران پتر کرد. واژۆکردنی یاسای «کاتسا»، یاسای بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ دوژمنەکانی ئەمریکا لە ڕێگەی کۆمەڵێک سزاوە دژ بە ژمارەیەک کەس و دامەزراوەکانی ئێران کە پێوەندییان هەیە بە سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە هەیە، بلۆککردنی پووڵ و قەدەغەکردنی هاتوچۆی زۆر لە کاربەدەستان کە پێوەندییان بە پشتیوانیکردن لە پرۆژەی پەرەپێدانی پرۆگرامی مووشەکی دوورهاوێژ و تیرۆریزمی نێودەوڵەتی و پێشێلکردنی مافی مرۆڤەوە هەیە؛ تازە بەشێک لەو سزا و گوشارانەن کە ئەمریکا گەڕێکی نوێی بەسەر ئێراندا سەپاندوە. کۆمەڵێک سزای دیکەش هەر لەم پێوەندییەدا بە سەر ئێراندا سەپاوە؛ کە ڕێگری دەکا لەوەی کە هەرچەشنە گرێبەستێکی دارایی لەگەڵ ئەم دامەزراوە و کەسانەدا ببەسترێ.

بەم جۆرە دەبینین ئامانجی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لەبارابردنی کاریگەریی ئێرانە لەسەر ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە ڕێگەی کەمکردنەوەی دەسکەوتەکانی و ژمارەی ئەو گرووپ و تاقم و ڕێکخراوانەی وا پشتگیریی ئێران دەکەن. لە لایەکی دیکەوە بۆ بەهێزکردنی ڕۆڵی دەوڵەتانی کەنداو لە ڕووبەڕووبوونەوەی دەسەڵاتی ئێران لە ناوچەکەدا، ئەمریکا بە بەردەوامی چەک و تەقەمەنی بە وڵاتانی کەنداو دەفرۆشێ. ئەمەش بۆ زیادکردنی توانا بەرگرییەکانی ئەو دەوڵەتانەیە بۆ بەرپەرچدانەوەی هەر هەوڵێکی فراوانخوازانەی ئێران لە ناوچەکەدا و هەروەها پاراستنی هاوسەنگی هێز کە یەکێک لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی ستراتیژیی ئەمریکایە لە ناوچەکەدا و بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩١٣ لە لایەن سەرۆککۆمار ویلسۆن، ٢٨ ـەمین سەرۆک کۆماری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە، بوو بە یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا.

### ئایا سیاسەتی دەرەوی ئەمریکا بەرامبەر بە ئێران لە سەردەمی ئیدارەی ترامپدا گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە؟

**لە سەرەتادا دەبێ ئاماژە بە خاڵێکی گرینگ بکەین، کە ئەویش ئەم هۆکارانەن کە بوونەتە هۆی گۆڕانکاری لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بەرامبەر بە ئێران:**

١- تایبەتمەندییە کەسییەکانی سەرۆک ترامپ.

٢- پێکهاتەی سەرەکیی کابینەی ترامپ.
٣- پێوەندییەکانی نێوان کۆشکی سپی و کۆنگرە.
٤- پێوەندییەکانی ئەمریکا لەگەڵ زلهێزەکان.
٥- پێوەندییەکانی ئەمریکا لە گەڵ هێزە ناوچەییەکاندا.

لە سەرەتای دەستپێکردنی ئیدارەی نوێ لە ئەمریکا بە سەرۆکایەتیی ترامپ پێکهاتەی سەرەکیی کابینەی ترامپ بریتی بوو لە مایک پێنس، جێگری یەکەمی سەرۆک کۆمار؛ ڕێکس تیلێرسۆن، وەزیری دەرەوە؛ ژێنێراڵ جەیمز مەتیس، وەزیری بەرگری؛ ژێنێراڵ مەک مەستێر، ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتیمانی؛ ژێنێراڵ مایک پۆمپێئۆ، سەرۆکی ئاژانسی ناوەندی هەواڵگری ئەمریکا؛ ژێنێراڵ جان کێلی، وەزیری ئاسایشی نێوخۆ؛ ستیڤێن بێنند، ڕاوێژکاری باڵای سەرۆک کۆمار؛ ستیڤێن منۆچێن، وەزیری خەزێنەداری، کە دواتر جان بۆڵتۆنیشی پێوە زیاد بوو.

بە چاوپێداخشاندنێکی خێرا بە ڕابردووی ئەم وەزیر و ڕاوێژکارانەی ئیدارەی ترامپ بۆمان دەردەکەوێ کە کابینەی ترامپ لە ڕادیکاڵترین و توندڕەوترین کەسە کۆماریخوازەکان لانیکەم لە دوو دەیەی ڕابردوودا پێک هاتووە، کە هەر هەموویان دژ بە سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانن.

لە ڕوانگەی ترامپەوە لە دوو دەیەی ڕابردوودا پێگەی ئەمریکا لە ئاستی نێودەوڵەتی لە کزی داوە. دەستێوەردانەکانی بووش لە عێراق و ئەفغانستان و، هەوڵکانی ئیدارەی بووش بۆ پەرەپێدانی دێموکراسی، خەرجێکی قورسی خستە سەر شانی ئەمریکا و، ئیدارەی ئۆباما بە کەمکردنەوەی بوودجەی سەربازی، هێزی سەربازی ئەمریکای لاواز کردووە، ئەم سیاسەتە هەڵانە بوونەتە هۆکار بۆ ئەوەی پەیامێکی هەڵە بدرێ بە دوژمنانی ئەمریکا و ئەوان لە بەرامبەر ئەمریکادا بوێرتر بوون. لە ڕوانگەی ترامپ و ڕاوێژکارە سەرەکییەکانی، داعش یەکەم هەڕەشەیە بۆ سەر ئەمریکا و لە دوای داعش، کۆماری ئیسلامیی ئێران مەترسیدارترین شتە بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانە سەرەکییەکانی لە ناوچەدا (ئیسڕاییل و عەرەبستانی سعوودی).

## ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا

بە شرۆڤەکردنی لێدوانەکانی ترامپ و هەوڵەکانی لە دوای چوونە نێو کۆشکی سپی هەتا ئێستا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە ترامپ کەمترین پێبەندی بە بنەماکانی سیاسی و سیاسەتی دەرەوە هەبووە.

**زەلمای خەلیلزاد لە نووسینێکی لە «نەشناڵ ئینتێرێست»دا کە بڵاو بۆوە دەڵێ:** «هەموو بەرپرسەکانی سەرۆک کۆماری ئەمریکا لە ساڵی ١٩٩٢ بەم لاوە سەرەڕای هەبوونی ڕای جیاواز لەمەڕ شتی تایبەتدا بەڵام هەموویان لە سەر یەک بابەت کۆک بوون، کە ئەویش ڕێبەریکردنی ئەمریکا لەمەڕ وەڵام دانەوەی ئەم وڵاتە بوو بە قەیرانەکان و پاراستنی ئاشتەوایی لە نێوان زلهێزەکاندا بوو؛ بەڵام ترامپ زۆر یەک لەم بنەما سەرەکییانەی هێناوەتە ژێر پرسیار و پێڕەوییان لێ ناکا».

**زەلمای خەلیلزاد ئەم دوورکەوتنەوانەی ترامپی لە لانیکەم پێنج بابەتی سەرەکیدا هێناوەتەو بەر باس. کە بریتین لە؛** «ئامانجەکانی ئەمریکا، بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم، پەرەپێدان بە دیموکراسی، بابەتی پەنابەری و پێوەندیی نێوان زلهێزەکان». کە بە دوورکەوتنەوە لەم بنەمایانە هەوڵ دەدا نیشانی بدا کە لە بەرچاونەگرتنی ئەمریکا چ داهاتوویەکی دەبێ.

ئیدارەی پێش ترامپ واتا ئیدارەی ئۆباما توانیبووی کە بە ڕێکەوتننامەیەکی نێودەوڵەتی لەگەڵ ئێران بگاتە (برجام). ترامپ پێش چوونە نێو کۆشکی سپی و دوای دەستبەکاربوونی ئەم ڕێکەوتننامەی بە خراپترین ڕێکەوتننامە ناو برد کە هەتا ئێستا واژۆ کراوە. ترامپ ئێرانی بە گەورەترین پشتیوانی تیرۆریزمی نێودەوڵەتی لە جیهاندا و، هەروەها ئەو وڵاتەی وەک گەورەترین مەترسی بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانانی ناوزەد کرد. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئیدارەی ترامپ هەتا ئێستا نەخشە ڕێگایەکی دیاریکراوی بەرامبەر بە ئێران لەبەر دەستدا نییە.

دیارە ناکرێ ڕۆڵی وڵاتانی کەنداو و عەرەبی (سوننی) بەگشتی و ئیسرائیل و سعوودیە بەتایبەتی لەبەر چاو نەگرین لەمەڕ مەترسییەکانی ئێران لە ناوچەکەدا. هەر لەم پێوەندییەدا تەنانەت هانی ئەمریکا دەدەن بۆ هێرشی سەربازی بۆ سەر ئێران. لە ڕاستیدا هەوڵەکانی ترامپ لە گۆڕەپانی نێوخۆیی و سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، گرینگیی ئاسایشی نەتەوەیی ئەم وڵاتە و ڕێگاکانی کە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییەکانی سەر ئاسایشی نیشتمانی دێنە بەرباس، دوو هێندە دەکا. هەر لە چوارچێوەی پرسە پێوەندیدارەکان بە ئێرانەوە، ترامپ بەڵێنی دابوو کە ستراتیژیی نوێی ئەمریکا بە دووی بەرەنگاربوونەوەی ئەمریکایە لە سووریە و هەموو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دژ بە مەترسییەکانی ئێران، ئەوە لە کاتێک دایە کە ئەمریکا هەر هەموو ڕێگەکانی گەیشتنی ئێران بە بۆمبی ئەتۆمی گرتووە و لە داهاتووشدا پەیڕەوی لەم سیاسەتە دەکا. ئەم شێوە تێڕوانینانە بۆ سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بوو بە پاڵنەرێکی بەهێز بۆ ئەو وڵاتە کە سەرەڕای زەختە نێودەوڵەتییەکان، لە کۆتاییدا بتوانێ تاکلایەنە لە ڕێکەوتننامە (٥+١) بێتە دەرێ و بە هەڵوەشاوە و بێکەلکی بزانێ. لە پاڵ ئەم هەوڵانەی ترامپ وەک سەرۆک کۆمار نابێت ڕۆڵی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا مایک پۆمپیئۆش لەبەر چاو نەگرین، کە پێناسەیەکی نوێی بۆ سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا کردووە و هێڵە گشتییەکانی ئەم سیاسەتەی دەستنیشان کردووە؛ کە خۆی لە گۆڕانکاری لە پێوەندییەکان لە گەڵ هاوپەیمانانی ئورووپایی، گۆڕینی پێگەی وڵاتانی عەرەبی هاوپەیمان لەگەڵ

ئەمریکا و هەروەها ڕۆڵی ئیسرائیل (لۆبی بەهێزی ئیسرائیل)دا دەبینێتەوە.

ئەگەر بەخێرایی ئاوڕێک لە سیاسەتەکانی ئەمریکا بەرامبەر بە قەیرانی یەمەن و عێراق و سووریە و جۆری هەڵسوکەوتی لەگەڵ ئێران، ڕووسیە، چین، عەرەبستانی سعوودی و سیاسەتەکانی دەرەوەی سعوودییە بدەینەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە سیاسەتی دەرەوەدا خەریکە شکڵ دەگرێ، کە ئەم سیاسەتە پتربوونی ناکۆکییەکانی نێوان ئێران و ئەمریکای لێ کەوتۆتەوە. جگە لە ناکۆکیی نێوان ئێران و ئەمریکا ناکۆکییەکانی نێوان ئێران و سعوودییەش لە پەرە سەندن دایە. شایانی باسە کە یەکەم سەردانی ترامپ وەک سەرۆک کۆمار، بۆ سعوودیە بوو.

ڕێکاری نوێی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بە تایبەتی لە لێدوانەکانی مایک پۆمپێئۆ نیشاندەری ئەوەن کە ئەمریکا چەندین ئامانجی سەرەکیی هەیە بەرامبەر بە ئێران لەوانە؛ فەلەجکردنی ئابووریی ئێران، گوشار خستنەسەر شادەماری ئابووریی ئەو وڵاتە، پەرەپێدان بە خۆپێشاندانەکان و نارەزایەتییەکان کە لە لایەن خەڵکی ئێرانەوە دەکرێن، هەروەها کەمکردنەوە و سنووردار کردنی دەستێوەردانەکانی ئێران لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتان، زیاترکردنی چاودێری بەسەر ڕێکەوتننامە ئەتۆمییەکەی ئێران و بازرەسی لە ناوەندە سەربازییەکان و سنووردار کردنی بەرنامە مووشەکییەکان و هەروەها زیاترکردنی فشارەکان بۆ سەر سپای پاسداران و سەرکردەکانی ئەم ڕێکخراوەیە بە مەبەستی کەمکردنەوە هەژموونیی ئێران لە ناوچەکەدا و لاوازکردنی پێگەی ئێران لەو ناوچەیەدا لە دەستووری کاری سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا دایە بەرامبەر بە ئێران.

ترامپ و کابینەی دەوڵەتەکەی بە مەبەستی هێنانی ئێران بۆ سەر میزی دانووستان و گەیشتن بە ڕێکەوتنێکی دیاریکراو هەموو هەوڵێکی خۆیان وەگەڕ خستووە، کە هەر وەکوو لە سەرێدا ئاماژەمان پێدا ئەم هەوڵانە بریتینە لە زۆرترین ئاستی گەمارۆ ئابوورییەکان کە بە وتەی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا مێژوو بە خۆیەوە نەدیتبێ و، هەروەها هەوڵدان بۆ پەرەپێدانی نارەزایەتییەکان لە نێوخۆی ئێران و پشتیوانی لە خۆپێشاندانەکان دژ بە دەسەڵاتدارانی ئێران دەبێ.

پاڵپشتێکی تری ئەم سیاسەتەی ئیدارەی ترامپ بە دژی ئێران، پشتیوانیی سێگۆشەی (ڕیاز - تێلاویو - ئەبووزەبی)یە کە هەموو ناکۆکییەکانی ڕابردوویان وەلا ناوە و هاوپەیمانییەکی ڕانەگەیەندراویان بە یەکەوە هەیە بۆ دژایەتیی ئێران.

لە ئاستی نێوخۆییشدا دوو گرووپ هەن کە هاوتای سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکان دژ بە ئێران کە ئەوانیش بریتین لە؛ زۆربەی ژێنێراڵ و بەرپرسانی سەربازی ئەرتەشی ئەمریکا و لایەنگران و لۆبیی ئیسرائیلن لە نێوخۆی ئەمریکادا. (ئەم دوو گرووپە زۆر بەهێزن لە نێوخۆی ئەمریکادا) بازنەی ڕێکەوتن و لێکتێگەیشتنی ئەو دوو گرووپە زیاتر لە خاڵە ناکۆکەکانیان لە پێوەندی لەگەڵ ئێران دایە.

بە لەبەر چاو گرتنی ئالۆزی لە موعادلاتی سیاسی و نێودەوڵەتیدا، گرینگیی ڕۆڵی کارناسان و شارەزایان (لە هەر دوو گرووپەکەی سەرەوە)مان بۆ دەردەکەوێ، لە بارودۆخێکی ئاوادا شارەزایانی سیاسی لە ناوەندکانی توێژینەوە و لێکۆڵینەوە ڕۆڵێکی چارەنووساز دەگێڕن لەمەڕ چۆنیەتیی داڕشتنی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتان. شارەزایانی بواری سیاسەت و پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە وڵاتانی پێشکەوتوو بەگشتی و لە ئەمریکادا بەتایبەتی کاریگەریی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیان دەبێ لەسەر سیاسەتی دەرەوەی وڵاتدا.

نموونەی ئەم کاریگەرییانە؛ ڕێکخراوی بەرگری لە دێموکراسی، ڕێکخراوی هادسۆن، ناوەندی نیکسۆن. هەر لەم پێوەندییەدا جۆزێف لیبێرمەن، جێمز وێلسی، ئایلان بەیرمەن، مارک پالمێر، دانیال پرتگا؛ کە ڕۆڵیان هەبوو لە زیاترکردنی ئابلۆقەکان بۆ سەر ئێران کە بە هێزی نەرم ناسراوە.

وەک چۆن مایک پۆمپیێۆ لە یەکەم لێدوانی دوای دەستبەکار بوونی لە پۆستی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە ڕێکخراوی (هەریتێج)دا ستراتیژی و سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکای بە ڕوونی باس کرد.

بۆیەش دەتوانین ئەم ئاکامە لەو باسە وەربگرین کە سەرەڕای ئەوەی کە گۆڕانکاری لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا بەدی دەکرێ، بەڵام لە کۆتاییدا ئامانج و ستراتێژیی ئەمریکا لە سەردەمی ئیدارەی سەرۆک ترامپدا هەر هەمان ئامانج و ستراتێژیی سەرۆک کۆمارەکانی پێش ترامپە.

لە ژمارەی ٧٤٧ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی ئەپریلی ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

## ئایا ئامانجی ئەمریکا ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە؟

بەرپرسانی ئەمریکایی بەگشتی و سەرۆک ترامپ بەتایبەتی هەر دەم باس لەوە دەکەن کە بۆ بەرەنگاربوونەوە و پێشگیری لە سەرەڕۆییەکانی ئێران هەموو ئەگەرەکان لە ئارا دان و هیچ بژاردەیەک وەلا نەندراوە.

لە ڕاگەیەندراوەکانی کۆشکی سپیش ڕا بۆمان دەردەکەوێ کە ئامانجی ئەمریکا بەرەنگاربوونەوەیە بەرامبەر بە هەوڵ و چالاکییەکانی ئێران کە هۆکاری سەرەکین بۆ بشێوی و ناسەقامگیریی ناوچەکە. ئەوەی کە گرینگییەکی تایبەتی هەیە لە پێوەندی بە ئێرانەوە ئەو گۆڕانکارییە بنەڕەتییانەن کە لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا دەبیندرێ بەرامبەر بە ڕووسیە، ئیدارەی سەرۆک ترامپ بە پێچەوانەی سەرۆک کۆمارەکانی پێش خۆی هەوڵێکی بەرچاوی داوە کە ناکۆکییەکانی خۆی لەگەڵ ڕووسیە کەم بکاتەوە و ئامانجیشی دوورکردنەوەی ڕووسیە لە ئێرانە.

ئەوە لە کاتێک دایە کە پێوەندیی ئێران لەگەڵ ڕووسیە لە دوای ٢٠١٥ وە گەشەیەکی بەرچاوی بە خۆیەوە بینیوە، بە تایبەتی هاوتەریب بوونی سیاسەتی دەرەوەی هەر دووک وڵات لەسەر قەیرانی سووریە و پشتیوانیکردنیان لە دەوڵەتی بەشار ئەسەد. بەڵام ئەم سیاسەتەی ئیدارەی سەرۆک ترامپ بەرامبەر بە ڕووسیە هەر وا بە ئاسانی دەست ناکەوێ، ئەمە لە کاتێک دایە کە ئەم هەوڵانەی ترامپ لەلایەن ئەندامانی کۆنگرێسی ئەمریکاوە بە چاوی شک و گومانەوە سەیر دەکرێ، هەروەها ڕووسیەش دەبێ لەوە دڵنیا بێ کە لە هاوتەریب بوونی سیاسەتەکانی لەگەڵ ئەمریکادا زیاتر قازانج دەکا هەتا مانەوەی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێراندا و، ئەو گۆڕانە بە قازانجی دەبێ و نابێتە مەترسی بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ئەم وڵاتە.

خاڵێکی گرینگیی تر کە شایانی هەڵوێستەکردنە، بەشداریی بەرپرسانی باڵای هاوپەیمانییە لە کۆڕ و کۆبوونەوەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بۆ نموونە؛ بەشداریی جان بۆڵتۆن لە کۆبوونەوەی ساڵانەی موجاهیدینی خەلقی ئێران، چاو پێکەوتنی مەحموود عەباس لەگەڵ مریەم ڕەجەوی، بەشداریی فەیسەل تورکی لە کۆڕ و کۆبوونەوەکانی موجاهیدین و هتد.

ئەم هەوڵانە لە کاتێک دایە کە بەرپرسانی باڵای ئەمریکا تەنانەت خودی سەرۆک ترامپیش بەئاشکرا باس لە پشتیوانیکردن لە خۆپێشاندەرانی نێوخۆی ئێران کردووە و تەنانەت باس لە دامەزراندنی کاناڵێکی ئاسمانی (ماهوارەیی) ٢٤ کاتژمێری دەکەن بۆ پاڵپشتی لە ناڕازییانی ئێرانی.

ئەوەی هەتا ئێستا ڕوون نەبۆتەوە ئەوەیە ئەوەی کە سەرەڕای ئەوەی کە کاربەدەستانی ئەمریکایی باس لە هەبوونی هەموو بژاردەکان تەنانەت بژاردەی سەربازیش لەسەر مێزی دانووستان دەکا لە هەمبەر ئێراندا، بەڵام ئامانجی سەرەکییان هەر گۆڕینی ڕەفتاری ڕێژیمی ئێرانە.

لە دوای ئەم گەمارۆیەی کە ئەمریکا لە دوای هاتنەدەرەوەی لە ڕێکەتننامەی ٥+١ بە سەر ئێرانی سەپاندووە و، ژێرخانی ئابووری ئەو وڵاتەی بەرەو دارمان بردووە و هەر ڕۆژە لە شارێک و تەنانەت لە چەند شاری گەورەی ئێران هاوکات خۆپێشاندان دەکرێ و خەڵکی ناڕازی دێنە سەر شەقام، ئەوەی جێگەی سەرنجە کە لێدوانەکانی بەرپرسانی ئەمریکایی و سەعوودی و ئیسرائیلی و تەنانەت ئیماراتیش بوونەتە هۆکارێک بۆ ئەوەی کە کاربەدەستانی ئێران بێبەزەیانەتر لە جاران خۆپێشاندەران سەرکوت کەن و کوژراو و گیراوەکان بە مۆرەی ئەو وڵاتانە ناو دەبەن.

لە بارودۆخی ئێستای ئێراندا ئەوەمان بۆ هەڵدەهێنجێندرێ کە لانیکەم هەتا ساڵی ٢٠٢٠ کۆماری ئیسلامیی ئێران بە هەر شێوەیەک بێ خۆی لە بەرامبەر ئەم گوشارانەدا ڕابگرێ و سیاسەتی چاوەڕوانی ڕەچاو بکا، بە ئومێدی ئەوەی کە ترامپ لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماریی داهاتووی ئەمریکادا دەنگی پێویست نەهێنێتەوە و ئیدارەی دوای ترامپ بە جۆرێکی تر هەڵسوکەوت لەگەڵ ڕێژیمی ئێران بکا؛ ئەم سیاسەتەش تێچوویەکی کەمی بۆ ئێران نییە و دەبێ بە جۆرێک لە جۆرەکان پێداچوونەوەیەک بە سیاسەتی دەرەوەی خۆیدا بکا و، دەبێ ئەو قەیرانانەی کە ئێران لە ئێستادا ڕووبەڕووی بووەتەوە تێیان پەڕێنێ و نەهێڵێ کە زیاتر تەشەنە بستێنێ. بۆ ئەم بابەتەش دەبێ یان ڕووبەڕووی خۆپێشاندەران و ناڕازییانی نێوخۆیی ببێتەوە و درێژە بە سیاسەتی سەرکوتی خۆی بدا، یان ئەوەی کە چاوێک بە سیاسەتی دەرەوەی خۆیدا بخشێنێ و دەست لە هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی هەڵگرێ کە هەتا ئێستا ستراتێژیی ئێرانی لەسەری بنیات نراوە و؛ تێچوویەکی زۆری بۆ داوە و چی دیکە پشتیوانی لە میلیشیا شیعە و توندڕەوەکان و تاقم و گرووپە تێرۆریستییەکان نەکا.

جگە لەم بابەتانە خاڵێکی دیکە، کە ئەویش پەرەپێدان بە سیستمی مووشەکیی ئەم وڵاتەیە بۆتە هۆی نیگەرانیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی. بەتایبەتی کە کۆماری ئیسلامیی ئێران نەیشاردۆتەوە کە مەبەستیان لەم پەرەپێدانە پاراستن و بەرگریکردنە لە دەستکەوتەکانیان و بە دروشمی گەورەش لە سەر مووشەکەکانی خۆیان مزگێنی نابووتکردنی ئیسرائیلیان نووسیوە.

هەر لەم پێوەندییەدا بنیامین نێتانیاهوو لە ساڵیادی کارەساتی هۆلۆکاستدا باسی لەوە کرد کە ئێران گەورەترین مەترسییە بۆ سەر جوولەکەکان لە هەموو دنیا و لە ئیسرائیلیش هەر بە هەمان شێوەیە. نێتانیاهوو جگە لە هەڵوێستە دوژمنانەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران گلەییەکیشی لە وڵاتانی ڕۆژئاوا کرد و، گوتی سەرەڕای ئەوەی کە ئێران بەردەوام

هەڕەشە لە ئیسرائیل و جوولەکە دەکا بەڵام کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بێدەنگییان هەڵبژاردوە. هەر ئەم هەڵوێستانەی ئێران لە پێوەندی لەگەڵ ئیسرائیل بۆتە هۆکارێکی سەرەکی کە ئیسرائیل بەرپەرچدانەوە لە خۆی نیشان بدا و لە سووریە ڕۆژانە هێز و گرووپەکانی ئێران و سەر بە ئێران بکرێنە ئامانجی فڕۆکەکانی ئیسرائیل.

جگە لەم قەیرانانە کە ڕووبەڕووی ئێران بۆتەوە گەندەڵیی بەرپرسانی ئێرانیش بەربینگی بە ویلایەتی موتڵەقەی فەقیهـ گرتووە و مانەوەی ئەم حکوومەتەی لە مەترسی هاویشتوە. کۆماری ئیسلامیی ئێران سیستمێکی بەڕێوەبەریی ئاڵۆزی هەیە، کە زۆر جار ئەم ئاڵۆزییە بە قازانجی ئێران و زۆر جاریش بە پێچەوانەوە بە زەرەری تەواو بووە. لە بارودۆخی ئێستادا کە سیاسەتی سەرەکیی کۆماری ئیسلامی، سیاسەتی سەبرکردن و دانبەخۆدانانە بەرامبەر بە ئەمریکا، ئەگەری ئەوەی هەیە کە سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی کە ئێستا ئیدی لەلایەن ئەمریکاوە بە ڕێکخراوێکی تێرۆریستیش ناسراوە؛ هۆکارێک بێ بۆ هەڵگیرسانی شەڕێکی خوێناوی لە ناوچەکەدا.

لەلایەکی دیکەشەوە پەرەپێدانی خۆپێشاندانەکان و زیادبوونی ناڕەزایەتیی خەڵکیش فاکتەرێکی سەرەکیی دیکەیە کە لە قەیرانی ئابووری و داراییدا ڕۆژ بە ڕۆژ لە زیادبوون دایە و، لە وانەیە کە ژێرخانی ئابووریی کۆماری ئیسلامیی ئێران نەتوانێ بۆ ماوەیەکی زۆر تەحەمولی ئەم گەمارۆیانە بکا. بۆیە وا وێ دەچێ کە هەر وەک جان بۆڵتۆن دەڵێ بەم زووانە گوێمان لە دەنگی شکانی ئێسکەکانی ئابووریی ئێران بێ. بۆیە ئێران چ لە سیاسەتی دەرەوەی خۆی پاشەکشێ بکا یان بە خۆداچوونەوەیەک بە سیاسەتی نێوخۆی خۆی بێنێ ئەوە براوەی سەرەکیی هەر ئەمریکا و هاوپەیمانانی دەبن.

## دەرەنجام

بۆ ئەمریکا تەنیا چالاکییەکانی تایبەت بە بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران جێگەی نیگەرانی نەبوو. هەردەم کۆمەڵێک چالاکی و کردەوەی ئێران هەڕەشە بوون بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا، بۆ نموونە پشتیوانی و داکۆکی لە گرووپە توندڕەوە شیعەکان لە وڵاتانی دراوسێ، هەڕەشەکانی ئێران لە ئیسرائیل و دانپێدانەنانی ئێران بە ئیسرائیل وەک وڵاتێکی سەربەخۆ، باردۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران، ڕۆڵی ئێران لە سووریە و عێراق و هتد.

هەموو ئەم بابەتانە هۆکارێکی سەرەکین بۆ درێژەپێدانی ناکۆکییەکانی نێوان ئێران و ئەمریکا بەتایبەتی و ئورووپا بەگشتی.

دەبینین کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی وردەوردە هەستی بە مەترسییەکانی ئێران کردووە و خەریکن بەرپەرچی کردەوە

سەرەڕۆییەکانی دەدەنەوە هەر وەک چۆن ڕێکخراوی هەواڵگری ئێران (اطلاعات)ی خستە لیستی تێرۆری ئورووپاوە.

پەرەپێدان بە بەرنامەی مووشەکیی ئێرانیش بەشێکی گرینگی مەترسییەکانی سەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە خۆ دەگرێ. کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ٨ی سێپتامبری ٢٠١٨ بە شێوەیەکی فەرمی مووشەکە دوورهاوێژەکانی خۆی لە سەر ئۆپۆزیسیۆنی کورد واتا حیزبی دێموکراتی کوردستان تاقی کردەوە و لەنیزیک شاری تەورێزەوە ٧ مووشەکی ئاراستەی بنکە و بارەگاکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆیەی باشووری کوردستان کرد و بە ڕاشکاوانە ئەم کردەوەشی لە ئەستۆی خۆی گرت و پەیامێکی ناڕاستەوخۆی بە دژبەرانی خۆی بە گشتی و بە ئەمریکا بە تایبەتی گەیاند کە نەیارانی کۆماری ئیسلامی بە ئەمریکا و ئیسرایل و سەعوودییەوە و ئۆپۆزیسیۆنەوە دەتوانن ئامانجی مووشەکەکانی ئێران بن.

کۆماری ئیسلامیی ئێران بە هیوای ئەوەی کە لە خولی داهاتووی هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماریی ئەمریکادا، ترامپ دەنگ نەهێنێتەوە بە پارێزەوە سیاسەت دەکا. لەم ماوەیەدا بە شێوەیەکی بەرچاو خۆی لە چین و ڕووسیە نیزیک دەکاتەوە، ئەمەش لە کەس شاراوە نییە کە ئەم دوو وڵاتە (چین و ڕووسیە) لە داهاتوودا ئەگەر مافی هەڵبژاردنیان هەبێ لە نێوان ئێران و ئەمریکادا ئەوە بە دڵنیاییەوە ئەمریکا هەڵدەبژێرن، لە ئێستادا زیاتر ئێران ڕۆڵی کارتێکی فشاری هەیە بۆ چین و ڕووسیە. هەر وەکوو ئەوەی کە لە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا ئەم دوو وڵاتە دەنگی بەڵێیان داوە بە هەموو بڕیارنامەکانی شۆڕای ئەمنیەتی نەتەوە یەکگرتووەکان.

لە ژمارەی ٧٤٨ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی ئەپریلی ٢٠١٩

## ڕای گشتی

لە دنیای ئەمڕۆدا کە چرکە بە چرکە بەرەو پێشچوون لە هەموو بوارەکانی زانست و تەکنۆلۆژیا و ئاستی ڕۆشنبیری و تێگەیشتنی خەڵک لە هەڵکشان دایە و، بەدواداچوون بۆ هەموو بابەتەکان دەکرێ و گەیشتن بە هەواڵی نوێ و ئاپدەیت بوونەوە بە چرکە و ساتە، بابەتی ڕای گشتی بابەتێکی جێگەی سەرنجە بۆ ڕۆژنامەنووسان، ئابووری ناسان و مێژوونووسان و چالاکانی بواری میدیایی و سیاسی و ژینگە پارێزی و کۆمەڵناسان و دەروونناسان.

**ئەم تایبەتمەندییە ڕاستییەکمان بۆ دەسەلمێنێ کە ڕای گشتی بابەتێکی گشتگیرە و لێکۆڵینەوە و توێژینەوە لەم بابەتەوە تەنیا پێوەندی بە چینێکی تایبەتەوە نییە.**

### ڕای گشتی چییە؟

ڕای گشتی بە کۆمەڵێک لە بیر و بۆچوون و تێڕوانینی زۆرینەی تاکەکانی کۆمەڵگەیەک دەوترێ کە لەسەر بابەتێکی دیاریکراوی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و کولتووری و ... وەک یەک بچێ و هەست و سۆزیان ببزێوێ و ببێ بە پەرچە کردارێک کە ڕەد فێعلێکی هاوشێوەی لێ بکەوێتەوە. بەڵام خاڵێکی گرینگ لەم پێوەندییەدا جیاوازیی نێوان هاوڕا بوون لەگەڵ ڕای گشتییە.

هاوڕا بوون واتا پشتیوانی کردنی زێهنی و زمانی لە بابەتێک، بەڵام ڕای گشتیی پارچە کردارێکە کە زۆربەی هەرە زۆری کۆمەڵگە بەرامبەر بە بابەتێک، جا بابەتەکە چ نێوخۆیی بێ یان پەیوەست بێ بە دەرەوەی سنوورەکانی ئەم کۆمەڵگەیە. تۆماس هابز، فیلسووفی بەناوبانگی سەدەی حەڤدەهەم لە پێناسەی ڕای گشتیدا دەڵێ کە ڕای گشتی بەڕێوەبەری ڕاستەقینەی جیهانە و سەرچاوەی هێزە.

### هۆکارەکانی بزاوتنی ڕای گشتی؟

ڕووداوێکی سیاسی یا ناسیاسی دەتوانێ هۆکارێکی سەرەکی بێ بۆ وەخۆخستنی ڕای گشتی. ڕوودانی لە ناکاوی کۆدەتایەکی سەربازی بەدژی ڕێژیمێکی یاسایی، دەست بەسەر کردن و ڕاوەدوونان و یان کوشتنی ڕێبەرانی سیاسی، ڕووناکبیر و نوخبەکانی نێو بزووتنەوەیەک یان گرووپێک یاخود حیزبێکی سیاسی - کۆمەڵایەتی، یان لە قاودانی گەندەڵییەکی

ئابووریی گەورە کە لە لایەن بەرپرسانی باڵای وڵاتێک کرابێ و، یان ڕاگەیاندنی سیاسەتێک کە خەڵک لێی زەرەرمەند بێ یان خود تەنانەت بێڕێزی کردن و شکاندنی کەسایەتیی تاکێک یان سیمبولێک دەتوانێ هۆکاری سەرەکی بێ بۆ ناڕەزایەتی دەربڕینی ڕای گشتی.

ڕای گشتی زۆربەی کاتەکان بە شێوەیەک لە شێوەکان خۆڕسکن بەڵام ئەم حاڵەتە حاڵەتی گشتی نییە، زۆر جار دەبیندرێ کە دەسەڵاتداران و تەنانەت سیاسەتمەدارەکانیش ڕای گشتی وەک چەکێکی بەهێز بەکار دەهێنن بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان و پشت ئەستوور دەبن بە ڕای گشتی.

لەم شێوەیەدا کە دەوڵەت و دەسەڵات ڕای گشتی وەک چەکێکی بەهێز بەکار دێنێ بۆ پێڕەویی کۆمەڵگە لە سیاسەتەکانی خۆی، بە شێوەیەکی سروشتی بەهێزتر دەردەکەوێ لە شێوە خۆڕسکەکەی، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دەسەڵات و حکوومەت هەر هەموو ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و پڕوپاگاندای لە بەردەستە و پێشوەخت دەتوانێ بە دانانی پلانێکی داڕێژراو هەنگاو بە هەنگاو و بە مەبەستێکی تایبەت هەوڵی بۆ بدا.
ئەمە بەو مانایە نییە کە تەنیا دەسەڵاتە کە دەتوانێ کەلک لەم ئامرازانە وەر بگرێ، زۆر جار ئۆپۆزیسیۆنیش بەو ئامرازانە دەتوانێ ئەم کارە بکا.
وەک نموونە دەتوانین ئاماژە بە خۆپێشاندانەکانی ئەم دواییەی فەڕانسە بکەین کە بەشێکی بەرچاوی کۆمەڵگەی فەڕانسەی هێنایە سەر شەقام و دەوڵەتی ئیمانوێل مەکرۆنی ناچار بە پاشەگەز بوونەوە کرد. یان ڕای گشتی توانی کۆتایی بە شەڕی ئەمریکا بێنێ لە ویتنام.
لە هەمان کاتدا ئەوە بۆ کەس شاراوە نییە کە دەسەڵات دەستی ئاوەڵاترە لە گرووپەکانی تر لەم پێوەندییەدا. باشترین نموونەش بۆ ئەم حاڵەتە ڕیفراندۆمەکەی هەرێمی کوردستانە لە ساڵی ٢٠١٨دا کە سەرەڕای ئەوەی کە مافی دیاریکردنی چارەنووس مافێکی سەرەکی و بێ ئەملا و ئەولای هەموو نەتەوە ژێردەستەکانە و نەتەوە یەکگرتووەکانیش وەک مافێکی سەرەکی و یاسایی دانی پێداناوە. لێرەدا نابێ پێناسەی ڕای گشتی و ڕیفراندۆم تێکەڵ بە یەک بکەین و جیاوازییەکانیان نەبینین.

## جیاوازییەکانی نێوان پرۆسەی ڕیفراندۆم و ڕای گشتی چییە؟

- ڕیفراندۆم هەوڵێکی یاساییە کە سیستمە سیاسییەکانی وڵاتان بۆ پرسە گرینگەکانی ئابووری و سیاسی کەلکی لێ وەردەگرن و لە ئەگەری دەنگ هێنانەوەیان دەبێ بە یاسا، بەڵام ڕای گشتی لایەنی یاسایی بە خۆیەوە ناگرێ.
- ڕای گشتی زۆر جار لەسەر بزووتنەوەی هەست و سۆز دێتە ئاراوە بەڵام ڕیفراندۆم پرۆسەیەکی ئەقڵانییە.
- ڕای گشتی زیاتر دەربڕی بارودۆخی ئاشکرا و بیندراوی بابەتێکە، لە کاتێکدا کە ڕیفراندۆم لایەنی شاراوەی بیری

تاکەکانی نێو کۆمەڵگەیە.

## لایەنەکانی گرینگ لە ڕای گشتیدا

### لایەنە گرینگەکانی ڕای گشتی بریتین لە:

- **پانتایی:** واتە تا چ ڕادەیەک کۆمەڵگەی لە پشتە؟
- **گرینگی:** واتە تا چ ڕادەیەک کۆمەڵگە گرینگی بە بابەتەکە یان ڕووداوەکە دەدا.
- **جەهەت:** واتە لایەنی بەرامبەری بابەتەکە کێیە؟
- **خاوەنەکەی:** واتا چ لایەنێک خاوەنداری لە بابەتەکە دەکا.

بە شێوەیەکی گشتی دەکرێ بڵێین کە ڕای گشتی هێزێکی سیاسییە کە بەشێکی بەرچاوی وزەی نێوخۆیی نەتەوەیەک یان پێکهاتەیەک پێک دێنێ. ئەم هێزە شاراوەیە لە دەستووری هیچ وڵاتێکدا ئاماژەی پێ نەکراوە، بەڵام ڕۆڵی سەرەکی هەیە لە چەسپاندن یان لاواز کردنی هێزی دەسەڵاتدا.

ڕای گشتی هەردەم بە یەک شێوە نییە و لە کاتێک بۆ کاتێکی تر یان لە وڵاتێک بۆ وڵاتێکی تر ئاڵوگۆڕی گەورەی بەسەردا دێ. ڕای گشتی جاری وایە ڕۆڵی ڕووخێنەر، دروستکەر، ڕادیکاڵ، نەرم و نیان و یان پڕ هاتوو وریا و یانیش بێدەنگ بە خۆیەوە دەبینێ. ڕای گشتی شتێک نییە جگە لە دەنگی خەڵک، هەر وەکوو ماکیاوێلی لە کتێبە بەناوبانگەکەی خۆیدا میر «شهریار» دەڵێ دەنگی خەڵک دەنگی خودایە. ڕای گشتی هەڵقوڵاوی بەستێنی ئەو یاسا و ڕێسا سیاسی و کولتووری و ئایینییەیە کە بەسەر کۆمەڵگەدا زاڵن.
گرینگیی ڕای گشتی لە کاتی جەنگ و شەڕدا زیاتر دەبێ. وەکوو بۆ نموونە دەتوانین ئاماژە بە هەوڵەکانی ئەمریکا بکەین کە پێش هێرشکردنە سەر ڕێژیمی سەدام حوسێن بۆ هاوڕا کردنی ڕای گشتی جیهانی لەگەڵ خۆی هەوڵی دا.

بەکورتی دەتوانین بڵێین کە ڕای گشتی وەک لافاوێک وایە کە لە دوندی چیایەک بەرەو داوێنی دێتە خوارێ و هەموو ئەو شتانەی کە لەسەر ڕێگایەتی لەگەڵ خۆی ڕای دەماڵێ. هەر وەکوو ناپیلئۆن بناپارت بە جوانی دەڵێ دەتوانین بە زۆری سەرنێزە دەسەڵات بەدەستەوە بگرین بەڵام بۆ مانەوە لەسەر دەسەڵات پێویستیمان بە پاڵپشتیی ڕای گشتی هەیە.

لە ژمارەی ٧٥٠ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی مای ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

## لە پەراوێزی فیدرالیزمەکەی خاتەمی!

سەرۆک کۆماری پێشووتری کۆماری ئیسلامیی ئێران، سەید محەممەد خاتەمی ڕۆژی ٢١ی بانەمەڕی ئەمساڵ لە درێژەی چاو پێکەوتنێک لەگەڵ ئەندامانی شۆڕای شاری تاراندا دانی بەوە دانا کە باشترین و گونجاوترین شێوەی حکوومەت، حکوومەتی فیدراڵییە. ئەم باسە ناکرێ هەروا لە گۆترە کرابێ و خاتەمی بێ مەبەست و ئامانج کردبێتی، بۆیە خوێندنەوە و تاوتوێی زیاتر هەڵدەگرێ.

ئەم دەربڕینەی خاتەمی لەو کاتدا کاردانەوەی جۆراوجۆری لێ کەوتەوە، کە زۆربەی هەرە زۆری ئێرانییەکانی نێو دەسەڵات و ئەوانەش کە بە ناو ئۆپۆزیسیۆنی نیشتەجێی تاراوگە بوون دژایەتیی خۆیان لەگەڵ ئەم بۆچوونەی خاتەمی دەربڕی و بە واژۆ کردنی تۆمارێک داوایان لە ناوبراو کرد کە لەم هەڵوێست و قسەیەی پاشگەز بێتەوە.

گرینگیی ئەم باسەی خاتەمی لەوەدایە کە لە هەمووی حیزبە ڕۆژهەڵاتییەکانی کوردستان نیزیکە، چونکە ئەوانیش سیستمی فیدرالییان لە ئامانجی داوڕۆژی خۆیاندا گونجاندوە.

ئەگەر لەم ڕوانگەوە بڕوانینە ئەم باسەی خاتەمی دەبێ دڵخۆش بین کە وردەوردە ئەم شێوە حکوومەتدارییە، دەبێتە بابەتی یەکلاکردنەوەی کێشەکانی تاران لەگەڵ نەتەوەکانی تری ئێران و، دەبێ هیوادار بین ئەگەر ئەم بابەتە تەنیا بۆ ڕێکلام کردنی خاتەمی نەبێ بەمەبەستی خۆ بەربژێرکردن بۆ خولی داهاتووی سەرۆک کۆماری و بە لاڕێ بردنی ڕای گشتیی نەتەوە بندەستەکانی ئێران و تەنیا لە چوارچێوەی قسەی زریقە و بریقەداردا قەتیس نەمێنێتەوە؛ ئەوە لە جێی خۆیدا جێگەی بایەخ پێدانیشە. دەبێ تاکی کورد بە گشتی = و ڕووناکبیرانی کورد بە تایبەتی ئەم دەرفەتەش بقۆزنەوە و ئەم تابۆ و هێڵەسوورە ببەزێنن و هەوڵ بدەن کە کاربەدەستانی دیکەی ئێرانیش ناچار بکەن کە بە تێڕوانینی خاتەمی بڕواننە چارەسەر کردنی کێشەی نەتەوەکانی ئێران و کوردستان بە تایبەتی لەم نێوانەدا. دەبێ هەوڵێکی وەها بدرێ کە ئەم ڕادەر بڕینەی خاتەمی ببێتە ماڵ لە سەری و نەتوانێ لێی پاشگەز ببێتەوە.

باسکردن لە فیدرالیزم بۆ ئیدارە کردنی وڵات دانان بە ڕاستییەکی حاشا هەڵنگرە و سەرەتایەکە بۆ بەرەو ئیدارەکردنی وڵات بە شێوەی دێموکراسییانە و لە هەمان کاتدا ڕاستەوخۆ داننانە بە مافی دیاریکردنی چارەنووس و هەر ئەم ڕاستییەشە کە پان ئێرانیستەکانی تووڕە کردوە و خوێنیان وەکوڵێن هاتوە، هەر ئەم لێدوان و بۆچوونانەش دەبنە هۆکار بۆ ئەوەی کە

لە داهاتوودا نەتوانن چیدی درێژە بە ڕەوتی مێژوویی خۆیان بۆ سەرکوتی نەتەوە نافارسەکان بدەن.

ئەرکی تاکی کورد لە ئێستا و داهاتوودا دەبێ ئەوە بێ کە لە ئەگەری گۆڕینی دەستووری بنەڕەتیی ئێراندا جا بە هەر شێوەیەک بێ (چ لە ئەگەری گۆڕینی دەستوور لە لایەن کۆماری ئیسلامی و چ لە ئەگەری نەمانی کۆماری ئیسلامیدا) ئەم ویست و داخوازییە، کە داخوازییەکی ڕەوایە و هەتا ئێستاش حیزبە سەرەکی و دیارەکانی کوردستان لە پێناویدا خەبات دەکەن و ڕووبارێکیشیان خوێن بۆ داوە، بیچەسپێنن و گارانتی ئەوەش بکرێ کە لە ئەگەری پێشێلکردنی ئەم بڕگەیە؛ نەتەوەکانی ئێران ڕێکاری دیکەیان بە شێوەی یاسایی لەبەر دەستدا بێ.

لە ئێستادا کە بارودۆخی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە هەموو کات نالەبارترە و ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕێکی خوێناوی لە ئارادایە، هێنانە بەر باسی ئەم بابەتەش جێگەی هەڵوێستە لەسەر کردنە!
لە کاتێکدا کە کەسێکی وەک خاتەمی کە ماوەی ٨ ساڵ سەرۆککۆماری ئێران بووە لە هەموو کەس باشتر دەزانێ کە فیدرالیزم چییە و چ ئاکامێکی لێ دەکەوێتەوە و لە هەمان کاتدا باس لە ڕێفراندۆمێک دەکرێ بۆ گۆڕینی دەستووری بنەڕەتیی ئێران، دەبێ حیزبە ڕۆژهەڵاتییەکان بە وردی بەدوادا چوون بکەن بۆ ئەم بابەتە ئەگەری بەکارهێنانی هێزێکی کوردیی بەشێکی دیی کوردستان لە هاوکێشەکانی ئێراندا بەهەند وەربگرن. لەو پێوەندییەدا پێویستە مەترسیی دووبارە بوونەوەی ئەزموونی ڕۆژئاوا بە ئالتێرناتیڤێکی جێگەی مەترسی سەیر بکرێ، بۆوەی فیدرالیزم لە جیاتی دابەشبوونی دەسەڵات؛ لە حکوومەتی فیدرالییەوە نەبێ بە وردە دیکتاتۆری لە هەرێمەکاندا. واتا دابەشبوونی دیکتاتۆرییەکی گەورە بۆ چەند دیکتاتۆریی بچووکتر.

باسی دامەزراندنی سیستمی فیدرالی لە ئێراندا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی بزووتنەوەی مەشرووتەخوازی. بەڵام بە درێژایی مێژوو هەتا ئێستاشی لەگەڵ بێ زۆر لە سیاسی و ڕووناکبیرەکان لە ترسی دابەشبوونی ئێران دژایەتیی خۆیان لەگەڵ ئەم شێوە لە حوکمڕانی دەربڕیوە و قۆڵی کپ کردنیان لێ هەڵماڵیوە کە دکتور موسەدیق لە دیارترینی ئەم کەسانەیە. هەروەها جگە لە کەسانی نێو دەسەڵات و چ بەناو ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی، دەستووری بنەڕەتیی ئێرانیش بەربەستێکی تری ئەم هەژمار دەکرێ و لە ئێس = تادا، هەر وەک خاتەمی لە پێوەندی لەگەڵ بەڕێوەبردنی ئێران بە شێوەی فیدرال باسی لێوە کرد دەستووری ئێران ئیزن بە بەڕێوەبردنی وڵات بەم شێوەیە نادا و پێویستی بە هەموارکردنەوەی دەستوور هەیە.

لە مێژووی کۆماری ئیسلامیدا تەنیا یەک جار یاسای دەستووری هەموار کراوەتەوە و لە ساڵی ١٣٥٨ کە ڕێفراندۆمی کۆماری ئیسلامی کرا زیاتر لە ٨٠%ی هاووڵاتیانی کورد بایکۆتیان کرد و نەچوون بۆ دەنگ دان و ئێستا دوای ٤٠ ساڵ ئەم هەڵوێستەی خەڵکی ڕۆژهەڵات لاپەڕەیەکی جێگەی شانازییە و هەڵوێستی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی بە ئاشکرا لەسەر

دەبیندرێ. (هەموار کردنی دەستووری ئێران لە دوای مردنی خومەینی لە ساڵی ١٣٦٨دا بوو، کە ئەسڵی ١٧٧ی پێوە زیاد کرا - ئەسڵی ١٧٧ ڕێگەی بە گۆڕینی یاسای دەستووری ئێران داوە-).

لە ئێستادا کە باس لە هەموار کردنەوەی دەستووری بنەڕەتی دەکرێ، دەبێ ئەوەمان لەبەرچاو بێ کە هەموارکردنی یاسا تەنیا بە داواکاری ڕێبەری کۆماری ئیسلامی ئێران، عەلی خامنەیی دەکرێ و پێویستی بە ڕاوێژ لەگەڵ ئەندامانی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی نیزام و هەر سێک لە بەرپرسانی سێ ناوەندی دەسەڵاتی ئەم ڕێژیمە (دەسەڵاتی دادوەری و دەسەڵاتی جێبەجێ کردن و دەسڵاتی یاسادانان) هەیە و، ئەم شێوەیەش بۆ خۆی جێگای گومان و لە هەمان کاتیشدا مەترسیدارە. هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەموارکردنی دەستوور لەژێر چاودێریی خامنەیی دەکرێ و ئەو کەسانەش کە دیاری دەکرێن وەک شۆڕای پێداچوونەوە بە دەستوور، هەر هەموویان لە لایەن ناوبراوەوە دەسنیشان دەکرێن و، هەر بۆیەش هەموارکردنەوە ئەگەر نەڵێین پرۆسەیەکی بەدوور لە ڕاستییە دەکرێ بڵێین کە جێگەی گومانە، گومان لەم ڕوانگەوە کە کەسێکی کە لە دەزگا ڕاگەیاندنەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا مافی دەرکەوتنی نییە، لە کاتێکی هەستیاری وەکوو ئێستادا دەردەکەوێ و بابەتێک دەورووژێنێ کە نەتەوە نافارسەکانی ئێران بە گشتی و کورد بە تایبەتی لە پێناویدا خەبات دەکا ودوژمنەکەشی بۆ سەرکوت کردن و کپ کردنی ئەم مافە ڕەوایە سڵی لە هیچ کردەوەیەک نەکردوە و پەنای بۆ هەموو جۆرەکانی سەرکوت بردوە و بە شانازیشی دەزانێ.

**ئەم بابەتەی خاتەمی دوو دەرەنجامی دەبێ:**

**نەرێنی:** تەنیا بۆ هێور کردنەوەی بارودۆخی ئێستای ئێران و بە جۆرێک لە جۆرەکان پروپاگاندای پێش هەڵبژاردنە و، خۆیشی دانی بەوە ناوە کە ئەمجار ئەگەر خۆی بەربژێر بکاتەوە ئەوە خەڵک باوەڕ و متمانەی پێ ناکەن. لە ئەگەری ئەوەشدا کە خاتەمی خۆی بەربژێر نەکا ئەوە داکۆکی لە کەسێکی وەک ڕۆحانی و ڕۆحانییەکان دەکا بۆ گەیشتنەوە بە دەسەڵات و بۆ ماوەیەکی دیکە خەڵک سەرقاڵی ئەم بابەتە دەکا و لە کۆتاییشدا دیسان پاساو بە ڕێگری دەستووری بنەڕەتی و بێدەسەڵاتی سەرۆک کۆماری دێنێتەوە.

**ئەرێنی: ئەگەریش ئەم بابەتە بەڕاستی بچێتە دەستووری کار و بەرنامە و پرۆگرامی دەوڵەتی داهاتوو و کاری بۆ بکرێ بە شێوەیەکی ڕوون و بێگەرد ڕوون بکرێتەوە بۆ خەڵک، ئەوە ئەرکی حیزبە ڕۆژهەڵاتییەکان بە گشتی و ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێرانە کە بایەخێکی زۆر بەم بابەتە هەستیارە بدەن.**

**لە ژمارەی ٧٥١ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە**

**سەرچاوە:ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی جوونی ٢٠١٩**

## ئەو خەونانەی ڕێژیم دەیدی و وەدی نەهاتن!

کوژرانی قاسم سولیمانی کۆمەڵێک کاردانەوەی لێ کەوتۆتەوە و لەو سۆنگەیەوە بارودۆخی ناوچەکە بەرەو شڵەژان و ئاڵۆزی زیاتر دەچێ. هێماکان هێمای جاران واتا شەڕی پرۆکسی( وەکالەتی - نیابەتی) نەماوە و لێدوانەکان و هەڵوێستەکانی لایەنەکان شێوەیەکی نوێیان بە خۆیانەوە گرتوە و ناکۆکیەکانی نێوان ئامریکا و کۆماری ئیسلامیی ئێران وەرزێکی نوێ لە گرژی بە خۆیانەوە دەبینن و هەر دوو لایەن خەریکی هەڕەشەکردنی زیاترن لە یەکتری.

لێرەدا چەند پرسیارێکی سەرەکی و گرینگ دێتە ئاراوە، ئەویش ئەوەیە کە لە دوای کوژرانی فەرماندەی سپای قودس کاردانەوەی کۆماری ئیسلامی چ دەبێت؟ هەروەها کاردانەوە جیهانییەکان بە کوژرانی قاسم سولیمانی و ئاڵۆزییەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەرەو چ ئاقارێک هەنگاو دەنێ؟ یان ئەوەی بڕیارەکەی پارلمانی ئێراق لە مەڕ دەر کردنی هێزە بیانیەکان چ لە هاوکێشەکان دەگۆڕێ و هەڵوێستی هاوپەیمانی دژی داعش چ دەبێت؟ لەدوای ڕاگەیاندنی کۆماری ئیسلامی ئێران سەبارەت بە چیدی پابەند نەبوون بە بەرجام گرژییەکان بەرەو کۆ دەچن؟

قاسم سولیمانی کاراکتێری سەرەکیی سەرکوت و کوشتن و قەڵاچۆی نەیارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە نێوخۆ و دەرەوەی سنوورەکانی ئەم وڵاتە بوو و، دایمەن لە هاتوو چۆ دابوو لە نێوان ئێران و سووریە و لوبنان و ئێراق و یەمەن و سەرۆک وەزیرانی بۆ ئەم وڵاتانە دیاری دەکرد و بە گشتی کۆڵەکەی سەرەکی و ئاڵقەی پێوەندیی نێوان کۆماری ئیسلامی ئێران و لق و پۆپەکانی سپای پاسدارانی ڕێژیم لە ناوچە بوو. بەڵام ئەمانە هەمووی پێش کوژرانی ناو براو بووە و دوای مەرگی قاسم سولیمانی، ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەچێتە وەرزێکی نوێ لە مێژووی خۆیەوە.

لەئێستادا چاوەڕوان دەکرێ کە ئێران بە شێوەیەکی بەرچاو خۆ بپارێزێ لە ئاڵۆزکردنی زیاتری بارودۆخەکە و نەچێتە نێو شەڕێکی ڕاستەو خۆ لە گەڵ ئامریکا لە بەر دوو هۆکار.

یەکەم، بەرپرسان و کاربەدەستانی سەربازی و سیاسیی ئێران ئەوە باش دەزانن کە توانای سەربازی و بەرپەرچدانەوەی هێرشەکانی ئامریکا بۆ سەر ئێران کارێکی ئاسان نییە و ئابووریی داڕماوی ئێران دەرووەستی بارودۆخی شەڕ نایە.

دووهەم، هەر دوو وڵات هەڵبژاردنێکی گرینگیان لە پێشە و گریمانەی ئەوە دەکرێ کە هەر وەک لە لێدوانەکانی هەر دوو

لایەندا دیارە هیچیان خوازیاری هەڵگیرساندنی شەڕ نیین.

بەڵام سەربارى ئەوەش ئەوە هەر ئێرانە کە زەرەرمەندی سەرەکییە لەم بارودۆخەدا، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە یەکەم، کوژرانی فەرماندەیەکی باڵای سەربازی و دیاری ڕێژیم زەبرێکی قورسە هەم لە پەیکەری ڕێژیم و هەم لە سیاسەتی دەرەوەی ئەم وڵاتە، هەمیش کە تۆڵە گەورەکەی! ڕێژیم تەنیا ڕیسواییەکی گەورەتری تووشی دەسەڵاتبەدەستانی ڕێژیم کرد.

لەلایەکی دیکەوە گوشار و گەمارۆکانی ئەمریکا نەک لەجێی خۆیانن، بگرە هەردەم زیاتریش دەبن؛ لەگەڵ ئەوەشدا سێبەری ئەم گەمارۆیانە خراوەتە سەر لق و پۆ سەربازی و میلیشیایەکانی لە ناوچەکەشدا و ئەم ڕێکخراوە تیرۆریستیانەشی تووشی قەیرانی ئابووری کردوە و؛ بەوەش بەرەو لاوازی بردوون و توانای کردەوەی تیرۆریستیی کەمتر کردوونەوە. بەدەر لەمە ئەم ڕێکخراوانە جگە لە ئامریکا حکومەتێکی ناوەندیشیان دوژمنە ویان لانیکەم لەگەڵ لایەنێک لە بارودۆخی شەڕدان و لە هیچ کام لەم وڵاتانە(سووریە و شەری نێوخۆ - حوسیەکانی یەمەن و سعودی و ئیمارات - حشدی شەعبی و ئامریکا و ئیسرائیل) لە حاڵەتی ئاگر بەسدا نیین و ڕۆژانە دەبێ تێچووی ماددی و لۆجستیکیی ئەم شەڕانە بدەن و جگە لە کۆماری ئیسلامی ئێران هیچ سەرچاوەیەکی داهاتی ڕاستەوخۆیان نییە.

جگە لەم بابەتانە کۆماری ئیسلامی ئێران لە دوای کوژرانی قاسم سولیمانی تووشی شکەستێکی سیاسی دیکەش بووە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا و ئەویش هەڵوێستی وڵاتانی جیهان بوو لە مەر کوژرانی کەسێکی پلەبەرز و دیاری دەسەڵات. زۆربەی هەرە زۆری وڵاتان قاسم سولیمانییان بە کەسێکی مەترسیدار بۆ سەر ئەمن و ئاسایشی ناوچە و جیهان ناو برد و تەنانەت ژمارەی ئەو وڵاتانەی کە کوژرانی سولیمانییان ئیدانە کرد زۆر کەم بوون و مەحکوومکردنەکەش زۆر بە شێوەیەکی نافەرمی بوو و داوایان لە هەر دوو لایەن کرد پشوو درێژ بن و دان بە خۆدا بگرن و ناوچەکە بەرەو ئاڵۆزیی زیاتر نەبەن!

ئەوە بوو کاتێک ڕێژیم نەیتوانی هیچ سۆزێکی وڵاتانی زلهێز بەنیسبەت کوژرانی فەرماندە مەیدانییەکەی ڕاکێشێ، کەوتە خۆ کە لە نێوخۆی وڵاتدا بە هەڵخڕاندنی هەستی ئایینی و نیشتمانیی خەڵک کەلک لە مەیتەکەی قاسم سولەیمانی وەرگرێ. بەڵام لەوەشدا سەبارەت بەو ڕووداوانەی لە کاتی ناشتنی سولەیمانیدا ڕوویان دا و دواتر کارەسات و جینایەتی بەردانەوەی فڕۆکە نەفەرهەڵگرەکەی ئۆکراینی بەدوودا هات؛ ئەوەی بۆ ڕێژیم مایەوە هەر ڕیسوایی بوو. دەمێنێتەوە ئەو بەناو دەسکەوتەی کە خۆی لە بریاری پارلەمانی ئێراق بۆ کشانەوە و جێهێشتنی هێزە بیانیەکاندا دەبینێتەوە کە بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی نێوخۆ و ناسەقامگیریی سیاسی لەو وڵاتە، چوونە بواری جێبەجێکردنەکەی نە ئەوەندە ئاسان بێ و نە لە ڕاستیشدا حکومەتی عێراقیش شتی وای بوێ. تەنانەت لە ئەگەری ئەوەی کە دەسەڵاتی شیعەی ئێراق هەر پێداگر بن لە سەر دەرکردنی هاوپەیمانان کە لە ٧٦ وڵات پێک هاتووە، ژێرخانی ئێراق تووشی دارمان دەبێ و وەبەرهێنانی

بیـانیش تێـدا بە شـێوەیەکی بەرچـاو  لە کەمـی دەدا. بەتـایبەت کە ترامپ هەڕەشـەی ئەوەی لە عێـڕاق کـردوە کە وەهـا گەمارۆی ئابووریی ئەم وڵاتە دەدا کە گەمارۆکانی ئێران لە چاو گەمارۆ ئابوورییەکانی ئێراق هەر هیچ نەبێت.

کشانەوەی ئێران لە بەڵێنەکانی بەرجامیش وایکردوە کە سێ وڵاتی ئورووپایی بریتانیا، فەڕانسە و ئەڵمـانیش هەڵوێـستیان بەدژی ڕێژیم توند ببێ و لە هەڵوێست و بڕیاردا لە ئەمریکا نیزیک ببنەوە، ئەوانەش هەموو ئاماژەی ڕوونن بـۆ قەیرانێکی گەورە لە سیاسـەتی دەرەوەی ڕێژیمـدا؛ قەیرانێـک کە لەگەڵ قەیـرانە نێوخۆییەکـان پێشـبینیی ڕۆژ و ئەیـامێکی نـاخۆش و چارەنووسساز بۆ دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بکەن.

لە ژمارەی ٧٦٦ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی جانێویری ٢٠٢٠

---



سەرچاوە
Serchawe

## ئەوە کۆتایی نییە، دەستپێکێکی نوێیە

بوریس جانسۆن سەرۆک وەزیری وڵاتی شانشینی یەکگرتووی بریتانیا ڕۆژی ٣١ - ١ - ٢٠٢٠ زاینی لە پەیامێکی ڤیدیۆییدا بەفەرمی ڕایگەیاند کە لە دوای کاتژمێر ١١ شەو بە کاتی لەندەن ئەو وڵاتە چی دیکە ئەندامی یەکیەتیی ئوروپا نامێنێ و بەم پەیامە کۆتایی بە سێ ساڵ دانووستان و ناکۆکیی نێوان بریتانیا و یەکیەتیی ئوروپا لەسەر مانەوە یان نەماوەی لەو یەکیەتییە هات.

هاتنە دەرێی بریتانیا لە دوای ٤٧ ساڵ ئەندامەتی لە یەکیەتیی ئوروپا کە دەکرێ سەرچاوەی گرتبێ لە زیادبوونی هەستی ناسیۆنالیستی و لە ڕوانگەی ئابووریشەوە ویست و حەزی ئەم وڵاتە نیشان دەدا بۆ چوونە نێو بازاری ئازاد و دەستی ئەو وڵاتە زیاتر ئاوەڵا دەکا بۆ ڕێکەوتن لەگەڵ ئامریکا و ئۆسترالیا؛ هاوکات درێژەپێدان بە دەستڕاگەیشتنی بە بازاری ئوروپا.

برێگزیت کە زیاتر وەک ئامانجێکی سیاسیی تاک و گرووپەکان و حیزبە سیاسییەکان پێناسە دەکرێ، لە ساڵی ١٩٧٣ وە باسی دەکرێ و دەتوانین بڵێین کە ویستی لانیکەم زیاتر لە نیوەی حەشیمەتی ئەو وڵاتەیە کە ساڵی ٢٠١٦ لە ڕێفراندۆمێکدا شەرعییەتی جێبەجێکردنی پێدرا.

چوونە دەرێی بریتانیا لە یەکیەتی ئوروپا، ئەم وڵاتە لە چەند پوانێکی پۆزەتیڤیش بێبەش دەکا، بۆنموونە چی دیکە ئەم وڵاتە لە پارلمانی ئوروپادا مافی بەشداریکردنی نابێ کە پێشتر خاوەنی ٧٣ کورسی بووە؛ مەگەر بە بانگهێشتی فەرمی نەبێت و نوێنەرانی ئەم وڵاتە تەنانەت بوریس جانسۆنیش مافی بەشداریکردن لە پرسەکانی تایبەت بە بریتانیای نابێ کە لە پارلمانی ئوروپادا بێنە بەرباس. هەروەها یانە وەرزشییەکانی بریتانیا بەرەوڕووی کۆمەڵێک گرفت دەبنەوە، وەک نموونەی بەرچاو ١٢٠ یاریزانی فوتباڵ لە خۆڵەکانی بریتانیا یاری بۆ تیمەکانی ئەم وڵاتە دەکەن و لە دوای قۆناغی تێپەر بوون چیدی وەک جاران ناتوانن لە تیمەکانی بریتانیادا یاری بکەن یان چیدیکە هاووڵاتیانی بریتانیا مافی دەستڕاگەیشتنیان بە کەرتی تەندروستی و بیمەی یەکیەتیی ئەوروپا نامێنێ. بەڵام لە هەمووی ئەوانە گرینگتر بابەتی ئاڵوگۆڕ و وەرچەرخانی سیاسەتی گشتی و ستراتێژیی وەزارەتی دەرەوەی ئەم وڵاتەیە لە کاتێکدا بۆ کەس شاراوە نییە کە بریتانیا ئەندامی هەمیشەیی شووڕای ئەمنیەتی نەتەوە یەکگرتووەکانە بە مافی ڤیتۆ وە؛ هەروەها هاوپەیمانێکی سەرەکی و هەمیشەیی ئامریکاشە و ئەم وەرچەرخانە دەتوانێ لە داهاتوودا بە شێوەیەکی بەرچاو هاوسەنگیی هێز لە سەرانسەری

جیهاندا بگۆڕێ و هاوتەریب بێت لەگەڵ سیاسەتە گشتی و درێژخایەنەکانی ئامریکادا.

لە کەس شاراوە نییە کە بە هاتنەدەرێی بریتانیا لە یەکیەتی ئورووپا ئەم یەکیەتییە بەرەو لاوازی دەچێ و ئامریکا دەتوانێ بە پشتیوانیی ئەم وڵاتە زیاتر لە جاران بەهێزتر ببێ و ئەم قۆناغە نوێیە زیاتر سێبەر دەخاتە سەر سیاسەتە گشتییەکانی ڕووسیە و ئێرانیش.

ئامریکا دوای کشانەوەی لە بەرجام ئێرانی تووشی زۆر گیروگرفتی سیاسی و ئابووری کردوە و ئەوجار بە هاتنەدەرێی بریتانیا لە یەکیەتیی ئورووپا پێشبینی ئەوە دەکرێ کە قەیرانەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران زیاتر لە جاران تەشەنە بستێنن و ئاسۆی گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی نوێ لە جاران لێڵتر بێت بۆ کاربەدەستانی ئێران. وەک چۆن بریتانیا ماوەیەک لەوەپێش حیزبوڵڵای لوبنانی خستە لیستی تێرۆر و دەبینین دەراوی زاری دەسەڵاتدارانی بریتانیا گۆڕاوە و، توندتر لە جاران بەرامبەر بە سیاسەتەکانی ئێران بە تایبەتی دوای تەقاندنەوەی فرۆکە نەفەرهەڵگرەکەی کییەڤ - تاران و شەپۆلی نوێی نارەزایەتییەکانی ئێران هەڵوێست دەگرن؛ دەستبەسەرکرانی بالیۆزی بریتانیا لە تاران نموونەی بەرچاوی ئەم ناکۆکیانەن.

خاڵی گرینگتر لەدوای هەنگاوی پێنجەمی ئێران بۆ کشانەوە لە پابەندییەکانی لێدوانە توندەکەی محەممەد جەواد زەریف، وەزیری دەرەوەی ئێران بوو کە هەڕەشەی هاتنەدەرێی لە NPT کرد، کە ئەمە وڵاتانی ئەندامی لە ڕێککەوتنی بەرجامی زیاتر لە جاران خستە گومانەوە کە ئێران لە پشت بەناو بەرنامەی ئاشتیخوازانەی ئەتومی هەوڵی بەکردەوەی هەیە بۆ دەستڕاگەیشتن بە چەکی ناوەکی. خامنەیش لە قسەکانی لە نوێژی هەینیی بەفرانبەرادا هیچ شک و گومانێکی بۆ کەس نەهێشتەوە و بەئاشکرا ڕایگەیاند کە تەنیا ڕێگای بەردەمیان بەهێز بوونیانە.

لەم بارودۆخەدا دەکرێ بڵێن بریتانیا زیاتر لە جاران دەستئاوەڵا دەبێ و بەپێی هەموو خوێندنەوەکان هاوتەریب لەگەڵ سیاسەتەکانی ئامریکا هەنگاو دەنێ بەرامبەر بە ئێران. بۆیەش لە یەکەم ساتەکانی ڕاگەیاندنی هاتنەدەرێی بریتانیا لە یەکیەتی ئورووپا وەزارەتی دەرەوەی ئەم وڵاتە ڕایگەیاند کە لەندەن پابەندی گەمارۆکانی سەر ئێران دەمێنیتەوە کە لە بوارەکانی مافی مرۆڤ و وزەی ناوکیدا بەسەر ئەم وڵاتەدا سەپاون.

ئەگەر لە ڕوانگەی ئەمنیەتی و سەربازیشەوە بڕوانینە برگزیت، ڕووداوەکانی ئەم دواییانە لە ڕۆژهەڵاتی نیوەڕاست بەگشتی و ڕۆڵی ئێران لە ناوچەکەدا، بۆمان دەردەکەوێ کە لە ئێستادا هاوپەیمانیە دەریاییەکەی کەنداو کە بەمەبەستی پاراستنی کەشتییە نەوتهەڵگرەکان لە خەلیج و گەرووی هورموز دامەزراوە، ڕێبەرییەکەی لە ئەستۆی بریتانیایە و ڕۆڵی بریتانیا لە

ناتۆشدا دیار و بەرچاوە و ناتۆ لە ئێستادا لە هەموو تەمەنی خۆی زیاتر رۆڵ دەگێڕێ لە ڕۆژئاوای ئاسیادا.

دواخاڵ ئەوەیە کە ئاستی پێوەندییەکانی نێوان کۆماری ئیسلامیی ئێران و بریتانیا بەستراوەتەوە بە ئەو ماوە ١١ مانگەی گوزار کە لەنێوان ئەو وڵاتە و یەکیەتیی ئورووپادا دیاری کراوە و هەروەها ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی خولی داهاتووی ئامریکاش ڕۆڵی کاریگەری دەبێت لە سەر ئەم پێوەندییانە.

لە ژمارەی ٧٦٧ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی فێبریوێری ٢٠٢٠

---



سەرچاوە
Serchawe

## پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانی ئێران دوای ٤١ ساڵ

مێژووی سیاسەتی دەرەکیی ئێران مێژوویەکی پڕ لە هەوراز و نشێوی هەیە و دەکرێ بەسەر سێ قۆناغی مێژوویدا دابەش بکرێ (قاجار، پەهلەوی و کۆماری ئیسلامی).لە قۆناغی سێیەمدا دەسەڵاتدارانی ئێران کە زیاتر لە ڕوانگەی ئایینییەوە دەڕوانـنە پێوەندییەکانیان، دەکرێ بڵێین وەرچەرخانێک بوو لەمەڕ سیاسەتی دەرەکی و پێوەندییەکانیان لەگەڵ دنیای دەرەوەدا.

پێوەندییە دەرەکییەکان هەر لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی بە خۆیەوە بینی و لەگەڵ بە دەسەڵات گەیشتنی کۆماری ئیسلامی باڵوێزخانەی ئەمریکا داگیر کرا. ئەم بە بارمتەگیرانە، بوو بە هۆکارێک بۆ پساندنی پێوەندییەکانی ئەمریکا و تەنانەت بوو بە هۆکارێک بۆ خستنەسەری گەمارۆی ئابووری لە لایەن واشینگتۆنەوە بۆ سەر کۆماری ئیسلامیی ئێران. هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی دوای شۆڕشەوە بالوێزخانەی ئیسرائیل داخراو و بیناکەشی درا بە فەلەستینییەکان و بەم جۆرە یەکەم سەردانی کەسایەتییەکی دیار و فەرمی بۆ ئێران یاسر عەرەفات بوو کە بە مەبەستی کردنەوەی باڵوێزخانەی فەلەستین سەردانی تارانی کرد. بەم جۆرە سیاسەتی دەرەکیی کۆماری ئیسلامیی ئێران بناغەی خۆی لە سەر ناکۆکی و دوژمنایەتی لەگەڵ ئیسرائیل و ئەمریکا بنیات نا. ئەم ناکۆکییانەی تازە بە دەسەڵات گەیشتووەکانی ئێران هەر لەگەڵ ئەم دوو وڵاتە نەبوو، ئاگری ناکۆکییەکانی کۆماری ئیسلامی، وڵاتانی موسوڵمانیشی گرتەوە و سنووری ئەم ناکۆکییانە وڵاتانی دەوروبەری ئێران و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیشی گرتەوە. بڕینی کاتیی پێوەندییەکانی نێوان ئێران و عەرەبستان، کێشەکانی ئێران لەگەڵ ئیمارات لەسەر سێ دوورگەی خەلیج، ئاڵۆزبوونی پێوەندییەکانی ئێران لەگەڵ وڵاتی بەحرەین لەسەر پشتیوانیی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە شیعەکانی ئەم وڵاتە، نەمانی پێوەندیی دیپلۆماتیک لەگەڵ وڵاتی میسر لە دوای پشتیوانی کردنی ئێران لە خالید ئیسلامبۆلی، لێڵبوونی پێوەندییەکانی نێوان ئێران و کوەیت لە کاتی شەڕی هەش ساڵەی ئێران و عێراق و چوونە نێو شەڕێکی قورس لەگەڵ عێراق؛ نموونەیەکن لە پێوەندییە دەرەکییەکانی کۆماری ئیسلامی. ئەمانە جگە لەوە بوون کە سیاسەتی بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی بوو بۆ هەموو جیهان کە ئەمە لە خۆیدا بوو بە هۆکارێکی سەرەکی کە وڵاتانی موسوڵمان بە گشتی و وڵاتانی موسوڵمانی سونیی مەزهەب بە تایبەتی بە هەستیارییەوە بڕواننە پێوەندییەکانی خۆیان لە گەڵ ئێران.

لە سەردەمی دەوڵەتەکانی ڕەفسەنجانی و خاتەمیدا سیاسەتی دەرەکیی ئێران ڕووی لە ئورووپا بوو، بەڵام لە دوای زنجیرە ڕووداوێک کە هەموویان بە فەرمان و بڕیاری ڕاستەوخۆی کاربەدەستانی پلە بەرزی ڕێژیم درابوو وەک؛ بە بارمتەگرتنی

فەرمانبەر و دیپلۆماتکارەکانی باڵوێزخانەی ئەمریکا، شەڕی نێوان ئێران و عێراق، دەرکردنی فتوای کوشتنی سەلمان ڕوشدی لە لایەن خومەینییەوە، زنجیرە تیرۆرەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە وڵاتانی ئورووپا بە گشتی و بە تایبەتی تیرۆری دوکتور سادق شەرەفکەندی و کەیسی تیرۆری ناوبراو لە ئاڵمان کە بە دادگای میکۆنووس ناوبانگی دەرکرد، دانانی بۆمب لە ئارژانتین کە بە کارەساتی ئامیا بە ناوبانگە و... بوونە هۆکارێک کە ئێران نەتوانێ لە داڕشتنی سیاسەتی دەرەکیی خۆیدا سەرکەوتوو بێ، سەرەڕای ئەوەی کە لە کەس شاراوە نییە کە یەکێک لە گرینگترین کۆڵەکەکانی سیاسەتی دەرەکی لەسەر حیسابی بەرژەوەندیی ئابووری و بازرگانی دادەڕێژرێ و، ئێران وەک جەمسەرێکی سەرەکی بۆ هەناردەکردنی نەوت و گازی سروشتی هەژمار دەکرێ و ئێران بازاڕێکی گەورەی بەکارهێنانی بەرهەمەکانی ئورووپایە، بەڵام سەرەڕای هەبوونی ئەو هەموو خاڵە بەهێزە لە بواری بازرگانیدا نەک سەرکەوتنێکی ئەوتۆی بەدەست نەهێنا، بەڵکوو بە هۆی ئەم کارنامە ڕەشەی خۆی لە سەرکوت و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و لەنێو بردنی نەیارانی خۆیدا چ لە گرتووخانەکان و چ لە دەرەوەی وڵات تەنانەت لەسەر مێزی دانووسانیشدا، تەنیا گەمارۆی زیاتر و بلۆکەکردنی داراییەکانی ئەم وڵاتەی لێکەوتەوە.

هەر لە دوای دەرکردنی حوکمی دادگای میکۆنووس کە بۆ یەکەم جار کاربەدەستانی هەرە باڵای کۆماری ئیسلامیی ئێرانیان بە تاوانبار ناساند، بۆ جارێکی تر سێبەری سەرەڕۆییەکانی ئەم کردەوانەی کاربەدەستانی خستە سەر سیاسەتی دەرەوەی ئێران بە جۆرێک کە هەر هەموو ئەندامانی یەکیەتیی ئورووپا، نوێنەرایەتییەکانی خۆیان لە ئێران داخست و ئێرانیش وەک پەرچەکردار باڵوێز و کۆنسوولەکانی خۆی لە یەکیەتیی ئورووپا بانگهێشتی تاران کردەوە و ئەم پچڕانی پێوەندییانە بۆ ماوەی سێ مانگ درێژەی کێشا و، لە دوای دەسبەکاربوونی کابینەی خاتەمی وردە وردە ئەم گرژییانە هێور بوونەوەی بە خۆیەوە بینی. بە کورتی دەتوانین بڵێین کە سیاسەتی ڕەفسەنجانی و خاتەمی کەمکردنەوەی گرژییەکان بووە لەگەڵ وڵاتانی دیکە.

پێوەندییەکانی ئێران لەگەڵ دنیای دەرەوە لە دوای هاتنە سەرکاری دەوڵەتی ئەحمەدینژاد لە ساڵی ١٣٨٤ەوە ئاڵوگۆڕێکی بەخۆوە بینی و سیاسەتی ئێران زیاتر ڕووی لە وڵاتانی ئەمریکای لاتین و بەشێک لە ئەفریقا و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا کرد. نیشانەی ئەم ئاڵوگۆڕانە بە لابردنی باڵوێزەکانی پێشووی ئێران لەم وڵاتانەدا زیاتر ڕەنگی دایەوە. هۆکاری سەرەکیی ئەم وەرچەرخانە دەکرێ بگەڕێنینەوە بۆ پیتاندنی ئۆرانیۆم و بەرنامەی ناوکییەکەی و هەروەها پەرەسەندنی بەرنامەی مووشەکیی ئێران. جگە لەم بەربەستانەش خاڵێکی جێی تێرامانی مەحموود ئەحمەدینژاد ناردنی نامە بۆ هەر یەک لە سەرۆک کۆمارەکانی ئەمریکا و فەڕانسە و سەرۆک وەزیران و ڕاوێژکاری باڵای ئاڵمان و ئامۆژگاری کردنیان بوو. لە هەمان کاتیشدا پەیتا پەیتا کۆمەڵکوژیی جووەکانی بە ناڕاست دەزانی و هەڕەشەی لەنێو بردن و سڕینەوەی ئیسرائیلی لەسەر نەخشەی جیهان دەکرد و، ئەم جۆرە ڕەفتارانە ببوونە هۆکارێک کە یەکیەتیی ئورووپا بە هەستیارییەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ ئێران بکا. کۆی ئەمانە بوونە هۆکار بۆ ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی لە پێوەندی لەگەڵ وڵاتانی پێشکەوتوو بکشێتەوە و ڕوو

لە وڵاتانی ئەمریکای لاتین و ئاسیا بکا.

بە هاتنی حەسەن ڕۆحانی جارێکی تر پێوەندییە دەرەکییەکانی ئێران وەرچەرخانێکی دیکەی بەخۆوە بینی و، بەرەو هێور بوونەوە چوو. هۆکاری ئەم هێور بوونەوەش دەتوانین گرێ بدەین بە سیاسەتی کاربەدەستانی پێشووی ئەمریکا کە بە دانی پووەن و ئیمتیاز بە ئێران خوازیاری پێوەندیی دیپلۆماتیک بوون لەگەڵ ئێران. بەڵام تەمەنی ئەم ئارامی و هێور بوونەوە تەنیا لە چوار ساڵی یەکەمی دەوڵەتی ڕۆحانی بوو.

لە ئێستادا دەزگای دیپلۆماسیی ئێران تووشی کێشەگەلێکی جۆراوجۆر بووە. هێرشکردنە سەر باڵوێزخانەی عەرەبستان لە مەشهەد و بڕانی پێوەندییەکانی ئەم دوو وڵاتە و هەروەها لەگەڵ وڵاتانی ئیمارات، بەحرەین، سوودان، جیبۆتی و هەروەها تۆمری ڕۆژهەڵاتیش پێوەندییەکانی خۆیان لەگەڵ ئێران پساند و یان ڕێژەی دیپلۆماتکارەکانی خۆیان بە شێوەیەکی بەرچاو کەم کردەوە. ئێران جگە لە پاکستان لەگەڵ هەموو دراوسێکانی خۆی ناکۆکیی هەیە. لەگەڵ وڵاتی ئازەربایجان لەسەر پشتیوانیی لۆجێستیکی و ماڵی لە ئەرمەنستان و نزیکیی سیاسەتەکانی ئازەربایجان بە ئەمریکا و ئیسرائیل، لەگەڵ تورکیە پێوەندییەکی لەرزۆک و پڕ لە هەوراز و نشێوی هەیە بەشێوەیەک جارجار لێک نزیک دەبنەوە و جارجار پێوەندییەکانیان زۆر کەمڕەنگ دەبێتەوە.

سیاسەتی دەستێوەردانی ئێران لە کاروباری نێوخۆیی دراوسێکانی بۆتە هۆکارێکی سەرەکی بۆ دەربڕینی نارەزایەتیی خەڵکی ئەم وڵاتانە بۆ نموونە خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییانەی خەڵکی عێراق و لوبنان. یەمەنیشی بە هەمان شێوە تووشی داڕمانی ئابووری و قەیران و قاتوقڕی کردوە. وڵاتانی خەلیجیش لەم سیاسەتە زێدەڕەوییانەی ئێران وەزاڵە هاتوون.

باڵوێزخانەکانیان لە ئورووپا بە هۆی پێڕەوی لە سیاسەتی تێرۆر و سەرکوت تووشی کێشە بوون. لە بێلژیک دیپلۆماتکارێکی ئێران بە ناوی ئەسەدوڵڵا ئەسەدی بە تۆمەتی هەوڵدان بۆ بۆ کردەوەیەکی تێرۆریستی لە پاریس بە دژی دژبەرانی کۆماری ئیسلامی دەسبەسەر کراوە، هەر لە دوای ئەم دەستبەسەرکرانە وڵاتی هولەند ڕایگەیاند کە کاربەدەستانی ئێران بڕیاری تێرۆری "محمد رضا صمدی کلاهی"یان داوە، دانمارک کە ئەندامێکی دیکەی یەکیەتیی ئورووپایە بە هەمان شێوە ئیدانەی هەوڵێکی تێرۆریستی کە لە لایەن کاربەدەستانی ئێرانەوە بەرنامەی بۆ داڕێژرابوو کرد.

ڕۆمانیش هەر بە هەمان شێوەی وڵاتانی پێشوو باسی لە پووچەڵ کردنەوەی کردەوەیەکی تێرۆریستیی کرد کە لە لایەن کاربەدەستانی ئێرانەوە داڕێژرابوو و باڵوێزخانەی ئێران لەم وڵاتەش پشتیوانیی لە تێرۆریستەکان کردبوو، ئاڵبانیش وڵاتێکی دیکە بوو کە دوو دیپلۆماتکاری باڵوێزخانەی ئێرانی لە وڵاتی خۆی بە تۆمەتی تێرۆریستی دەرکرد، سیاسەتی

بریتانیاش لە پێوەندی لەگەڵ ئێران لە کەس شاراوە نییە و بە هاوپەیمانی سەرەکیی ئەمریکا هەژمار دەکرێ و سیاسەتەکانی بریتانیا هاوتەریبی سیاسەتی ئەمریکایە و لە خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییانەی ئێران باڵوێزی ئەم وڵاتەش لە لایەن هێزە ئەمنییەکانی ئێرانەوە بۆ ماوەیەکی کورت دەسبەسەر کرا و نارەزایەتیی توندی ئەم وڵاتەشی لێ کەوتەوە. فەرانسە لە دوای هەڵدانی مووشەکی ئێرانی بۆ بۆشایی ئاسمان نیگەرانیی خۆی بە ڕاشکاوانە دەربڕی، خوازیاری کارپێکردنی مێکانیزمی ماشەیە لە بەرامبەر سەرەڕۆییەکانی ئێران. ئاڵمانیش لەم ڕێڕەوە بەجێ نەماوە و لە ساڵیادی ٤١ ساڵەی شۆڕشی گەلانی ئێران لە زمان وەزیری دەرەوەی خۆیەوە بە فەرمی ڕایگەیاند کە ئاڵمان بە تەما نەبووە ئەمساڵ پەیامی پیرۆزبایی بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران بنێرێ و، ئەم پەیامە بە هەڵە و بەبێ ئاگاداریی وەزارەتی دەرەوەی ئاڵمان نێردراوە و هەر وڵاتێک ئەگەر پەیامی پیرۆزبایی بۆ وڵاتێکی سەرکوتکەری وەک ئێران بنێرێ کارێکی باش ناکا. سوئێد و ئۆکرایینیش لە دوای خستنەخوارەوەی فڕۆکەی هێڵی ئاسمانیی ئۆکراین بە دەستی سپای پاسداران پێوەندییەکانیان بەرەو ئاڵۆزی دەچێ و، کاناداش لە دوای کوژرانی هاووڵاتییەکی خۆی لە یەکێک لە بەندیخانەکانی ئێران هەموو پێوەندییەکی خۆی لەگەڵ ئەم وڵاتە بڕی. جگە لە لاوازیی پێوەندییەکانی نێوان ئێران و ئورووپا ٨ وڵاتی ئەندام لەم یەکیەتییە ڕەزامەندیی خۆیان دەربڕیوە بۆ پەیوەست بوون بە هاوپەیمانیی دەریایی بۆ ڕاگرتنی ئەمنیەتی گەرووی هۆرموز کە لەژێر هەڕەشەکانی ئێراندایە ئەم هەشت وڵاتە بریتین لە ئاڵمان، بێلژیک، ئیتالیا، پرتەغاڵ، فەڕانسە، یوونان، دانمارک و هولەند.

لاوازیی پێوەندییەکانی ئێران بە دنیای دەرەوە تەنانەت لە دوای کوژرانی قاسم سولەیمانی کە دیارترین کەسایەتیی سەربازیی ئەم وڵاتە بوو خۆی نیشان دا، بە شێوەیەک کە ڕێژەی ئەم وڵاتانەی کە پەیامی هاوخەمییان بۆ کاربەدەستانی ئێرانی نارد نەدەگەیشتە ژمارەی قامکەکانی دەست و لە کۆتاییدا ئەگەر بە خێرایی ئاوڕێک لە دۆستان و دژبەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بدەینەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ئاستی ئەم پێوەندییانە چەندە نزمە و داهاتوویەکی ڕوون چاوەڕوانی ئەم وڵاتە ناکا.

لە ژمارەی ٧٦٩ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی مارچی ٢٠٢٠

## داهاتووی ئێران لە ئەگەری کاراکردنی مێکانیزمی ماشەدا

دوای هاتنەدەرێی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا لە ڕێککوتنی بەرجام لە ١٨ بانەمەڕی١٣٩٧، کۆماری ئیسلامی ئێران لە وەڵامی ئەم بڕیارەی ئامریکا بۆ کشانەوە لەم ڕێکەوتننامەیە، حەسەن ڕوحانی، سەرۆک کۆماری ئێران ڕێک دوای ساڵێک لە ١٨ی بانەمەڕی ١٣٩٨دا و لە دانشتنێکی هەئیەتی دەوڵەتدا باسی لە کەمکردنەوەی بەرپرسیارییەکانی ئێران بەرامبەر بە وڵاتانی (١+٥) و بەرجام کرد. ڕێککەوتنێک کە پێنج ساڵ پێش ئێستا لەسەر کاغەز کرا، بەڵام زوو کەوتە بەر ڕەشەبای پەژیوانیی لانیکەم یەک لە لایەنە سەرەکییەکانی.

ڕوحانی ئەم کەمکردنەوەی بەرپرسیارەتی بەرامبەر بە ڕێکەوتننامەی بەرجامی لە حەوت هەنگاودا پۆلێنبەندی کرد کە یەکەم هەنگاو بە نەفرۆشتنی ئورانیۆمی پێتێنداراو و ئاوی قورس بە وڵاتانی کریار دەستی پێکرد. ئەو ٦٠ ڕۆژی کات بە یەکیەتیی ئورووپا دا و، هەرەشەی ئەوەی لێ کردن کە ئەگەر پێبەندی ڕێکەوتنەکە نەبن و بەرژەوەندییەکانی ئێران دابین نەکەن؛ ئەوا بەرەو هەنگاوی دووهەم دەچن. هەنگاوی دووەمیش بریتی بوو لە بەزاندنی سنووری پیتاندنی ئورانیۆم بە خەستیی ٣.٦٧% کە پێشتر لە بەرجامدا لەسەری ڕێک کەوتبوون. هەنگاوی سێیەمیش لابردنی بەربەستەکان بوو بۆ توێژینەوە و پەرەپێدان بە لێکۆلینەوە ناوەکییەکان و، هەنگاوی چوارەم تێکردنی گاز لە سانترفیوژی جۆری IR-8 بوو. هەنگاوی پێنجەمی ئێران لە ١٥ی بەفرانبار و دوو ڕۆژ دوای کوژرانی قاسم سولیمانی خرایە جێبەجێ کردنەوە. ئەوە بوو کە ئێران ڕایانگەیاند لەم ڕێکەوتەوە چی دیکە پابەندی هەژماری سانترفیوژەکان نابن و هیچ بەربەستێک لە سەر ڕێگای خۆیان نابینن بۆ زیادکردنی ژمارەی سانترفیوژەکانیان و پیتاندنی ئورانیۆم. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەو بڕیارانە کە نەزۆککردنی بەرجامە، کەچی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ جارێکی دیکەش خۆیان بوارد لەوەی بەئاشکرا بڵێن لە بەرجام نامێنن!

وەزیری دەرەوەی ئێران ڕایگەیاند کە هەنگاوی پێنجەم، هەنگاوی کۆتایی ئێران بووە و ئەم هەوڵەی ئێرانیش بە مانای هەڵوەشاندنەوەی بەرجام نییە و، لە ئەگەری لابرانی گەمارۆکانی سەر ئێران دەرفەت بۆ گەڕانەوەی ئێران بۆ پێبەندییەکانی بە ڕێکەوتننامەکە هەیە. زەریف دواتر بە زەریفی و بۆ کەمکردنەوەی نیگەرانییەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی نووسی کە ئێران وەک پێشوو لە هاوکارییەکانی لەگەڵ ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتومی (IAEA) بەردەوام دەبێ.

لە دوای هەنگاوی پێنجەمی ئێران سێ وڵاتی بەشدار لە رێکەوتننامەی بەرجام ( ئاڵمان، بریتانیا و فەڕانسە) خوازیاری بردنی دۆسییەی ئێرانن بۆ کۆبوونەوەی شوڕای ئەمنیەتی نەتەوە یەکگرتووەکان کە بە مکانیزمی ماشە ناسراوە و لە بەندی ۳۷ی ئەم ڕێکەوتننامەیە ئاماژەی پێکراوە. ئەم سێ وڵاتە هۆشدارییان داوە بە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە پابەند بێ بە بەڵێنەکانی خۆی لە رێکەوتننامەی بەرجام و بە پەرەپێدان بە ناکۆکییەکان نیگەرانییەکانی ئەوان زیاتر نەکا کە ناچار بە کاراکردنی میکانیزمی ماشە بن.

بەڵام ئێران لە وەڵامی ئەم داوایەدا ڕایگەیاند کە ئەگەر مکانیزمی ماشە بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە، ئەوە کاتی هەڵوەشاندنەوەی بەرجامیش دەگا و ئەمەش کۆتا هەنگاومان نابێ لەم پێوەندییەدا و، لە ئەگەری ناردنی پەروەندەی ئێران بۆ شوڕای ئەمنیەتی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەوە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە پەیماننامەی (NPT) دێتە دەرێ.

بۆ کەس شاراوە نییە کە دوای ئەم پێنج هەنگاوە لە ڕاستیدا شتێک بە ناوی ڕێککەوتنی بەرجام نەماوە و تەنیا شتێک کە لە بەرجام ماوە چاوەدێری ئاژانسی وزەی ناوەکییە کە ئەویش لە دوڕاپۆرتی ئاژانسی وزەی ناوەکی کە ڕۆژی ۱۳ی رەشەمە بڵاو کرایەوە، ئێران خراوەتە ژێر پرسیار.

ڕافائێل گرووسی، بەرپرسی ئاژانس لەو ڕاپۆرتەدا داوای لە ئێران کردوە کە لە پێوەندی لەگەڵ وێزگەیەکی ناوکی خۆی (تورقوزئاباد) ڕوونکردنەوە بدا. هەروەها ئێران دەبێ هاوکاریی زیاتری ئاژانس بێ و دواتر ڕاپۆرتی ئەو چالاکییانە بۆ بڕیاردان دەدرێتە شوڕای حوکام.

لە ڕاستیدا ڕێکەوتننامەی بەرجام لە سەر دوو کۆڵەکەی سەرەکی بنیات نرابوو کە یەکەمیان لابردنی گەمارۆکانی سەر ئێران بوو، دووهەمیشیان پێبەندیی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە بەڵێنەکانی لەمەڕ کەمکردنەوەی چالاکییە ناوەکییەکانی کە لە ئێستادا هیچیان نەماون، جگە لە بڕیارنامەیەکی شوڕای ئەمنیەت بە ژمارەی ۲۲۳۱. ئێرانیش وەک پێشوو خەریکی شاردنەوە و نەدانی زانیاری ڕاست و دروست لەبارەی چالاکیی رێئاکتۆرە ناوکییەکانی خۆیەتی. هەر لەو ڕاپۆرتەی ئاژانسی وزەی ناوکیدا باس لە دوو ناوەندی شاراوەی ئەتۆمیی دیکەش کراوە کە هەتا ئێستا کۆماری ئیسلامیی ئێران بەنهێنی کاری تێدا کردوون و هیچ زانیارێکی لە پێوەندییەدا نەداوە بە ئاژانس. ئەوانەش لە ئەگەری سەرەڕۆیی ئێراندا وڵاتانی ئورووپایی ناچار بە کاراکردنی مێکانیزمی ماشە دەکەن

دیارە لە ئەگەری چالاککردنی "مکانیزمی ماشە" هەر هەموو گەمارۆکانی سەر ئێران لە پێش ساڵی ۲۰۱۵ دەگەڕێنەوە جێی خۆیان و بارودۆخی ئابووری دارماوی ئێران لە ئێستا خەراپتری بەسەر دێ. بۆیە لە ئێستادا تەنیا ڕووناکاییەک کە

کاربەدەستانی ڕێژیمی ئێران دڵیان پێ خۆش کردوە و دیواری هیوا و ئاواتیان لەسەر هەڵچنیوە، هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا لە هاوینی ساڵی ڕابردوودا و هاتنە سەر کاری ئیدارەیەکی نوێیە، بەو تەمایەی سیاسەتێکی جیاواز لە سیاسەتی ئێستای ترامپ و ئیدارەیەکی ئەوی هەبێ.

**لە ژمارەی ٧٧٠ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٩ی مارچی ٢٠٢٠**



سەرچاوە
Serchawe

## ستراتیژیی ئەمریکا لە عێراق، کشانەوە یان ڕەگداکوتان؟

لە دوای ڕووداوەکانی بەفرانباری ساڵی پێشوو، پارلمانی عێراق دوای چەند جار دانیشتن (بەبێ بەشداری نوێنەرانی هەرێمی کوردستان و عەرەبی سوونە) پرۆژە یاسایەکیان دەر کرد کە هێزە بیانیەکان دەبێ لە ماوەیەکی دیاریکراودا خاکی عێراق بەجێ بێڵن. یەک لەو لایەنانە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە.

لێرەدا پرسیارێک دێتە ئاراوە: گرینگی عێراق بۆ ئەمریکا چییە؟ ئایا چۆلکردنی ناوچە عەرەبنشینەکانی عێراق و هێشتنەوەی هێزەکانی لە هەرێمی کوردستان نیشانەی گرینگی پێدانی ئەمریکایە بەم ناوچەیە و دەیەوێ لە هەرێمی کوردستانەوە سیاسەتی کارتێکەریی خۆی بەسەر هەموو عێراقدا جێبەجێ بکا؟ داخۆ ئەمە پاشەکشە یا جێگۆڕکەیەکی تاکتیکییە؟ لە کاتێکدا کە شیعەی عێراق کەمتر بایەخ بە ڕێککەوتنە یاساییەکان دەدا، ڕۆڵی هەرێمی کوردستان چ دەبێ لەم پێوەندییەدا؟ ستراتێژی درێژخایەنی ئەمریکا لە ناوچەکەدا بە گشتی و لە عێراق بە تایبەتی چییە؟

گرینگیپێدانی عێراق بۆ ئەمریکا دوو هۆکاری سەرەکیی هەیە: یەکەمیان لە ڕووی جوغرافیایی و ژێوپۆلیتیکەوە کە وا گریمانە دەکرێ کە ئەگەر ئەمریکا بتوانێت عێراق کە وەک دڵی وڵاتانی عەرەبە بخاتە ژێر هەژموونیی خۆیەوە، ئەوە بە جۆرێک دەسەڵاتی خۆی لە هەموو ناوچەکەدا جێگیرتر لە جاران دەبینێ. هەروەها لەم وڵاتەوە دەتوانێ سەرەڕۆییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران کۆنترۆڵ بکا و بەربەستێکی وشکانی دەبێ لە بەر دەم گەیاندنی یارمەتییەکانی کۆماری ئیسلامی بە میلیشیاکانی سەر بەو ڕێژیمە و پێگەیاندنی یارمەتیەکانی ئابووری و لۆجێستیکی ئێران بەم حیزب و ڕێکخراوە تیرۆریستیانە کەم بکاتەوە. بەمجۆرە تا ئەو جێگایەی کە بۆی دەکرێ پێش بە سەرەڕۆیی و دەستێوەردانی ئێران بگرێ لە ناوچەکەدا و هەروەها ئاسایشی وڵاتی ئیسرائیلیش دابین بکا. دووهەم شت لە ڕووی ئابوورییەوە هەبوونی نەوت لە عێراق هۆکارێکی ترە بۆ مانەوەی ئەمریکا لەم وڵاتەدا. لە کەس شاراوە نییە کە وڵاتانی پیشەیی پێویستییەکی زۆریان بە نەوت هەیە و ئەمریکاش وەک زلهێزێک و وڵاتێکی پیشەیی دەبێ بیر لە دابینکردنی نەوت بکا بۆ چەندین دەیەی داهاتوو و نابێت ریسکی ئەوە بکا کە بۆ دابینکردنی بڕی نەوتی پێویستی خۆی تەنیا پشت بە وڵاتێک و بە سەرچاوەیەک ببەستێ. جگە لەمانە دابینکردنی ئەمنیەتی کەنداو و گەرووی هوورمووزیش گرینگیی تایبەت بە خۆی هەیە لە ستراتێژی ئەمریکا لە ناوچەکەدا و بەو جۆرە ئەمنیەتی ناوچەیی و هەناردەکردنی نەوتی هاوپەیمانەکانی خۆی لە خەلیجیش دابین دەکا.

ڕوویەکی دیکەی چۆڵکردنی بنکە و بارەگاکانی ئەمریکا لە ناوەند و خوارووی عێراق پێوەندیی بە گرووپە دژبەرە

عێراقییەکان و لە سەرووی هەموویانەوە حەشدی شەعبییەوە هەیە. ستراتیژی ئەمریکا لە عێراق بەرامبەر بە حەشدی شەعبی دوو ئاراستەی بە خۆیەوە بینیوە هەتا ئێستا، کە بریتی بوون لە ستراتیژی نەرم، کە خۆی لەوەدا دەدیتەوە ئەم هێز و ڕێکخراوانە تێکەڵ بە ئەرتەشی ئەم وڵاتە بکەن کە لە بەرەو پێشچوونی ئەم ستراتیژییەدا واشینگتۆن سەرکەوتوو نەبوو. هەر بۆیە ئەم وڵاتە پەنای بردە بەر ستراتیژی ڕەق، واتە لێدانی ڕاستەوخۆی ئەم گرووپ و لایەنانەی کە لە لیستی ڕەشی ئەمریکادا بوون.

لە داوی هێرش کردنە سەر باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەغدا لە لایەن لایەنگرەکانی ئێران و کوژرانی قاسم سولیمانی بارودۆخی عێراق ئاڵوگۆڕێکی دیاری بە خۆیەوە گرت و ناکۆکییەکانی نێوان ئێران و ئەمریکا لە عێراق پەرەی ستاند. هەر لەم پێوەندییەدا چەندین جار پێکدادان لە نێوان ئەمریکا و میلیشیا کانی سەر بە ئێران ڕووی دا و تەنانەت کۆماری ئیسلامی لە ژێر ناوی تۆڵەسەندنەوەی قاسم سولیمانیدا هێرشی مووشەکیشی کردە سەر سەربازگەی "عەینولئەسەد" و فرۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر. جگە لە هێرشەکەی سەر سەربازگەی عەینولئەسەد لق و پۆیەکانی حەشدی شەعبی بۆ جارێکیتر هێرشیان کردە سەر "ئەلتاجی"، سەربازگەیەکی دیکەی هێزەکانی ئامریکا. لە ماوەیەکی کەم دوای ئەم هێرشدا هێزەکانی ئەمریکا بڕیاری چولکردنی سەربازگە و شوێنە سەربازیەکانی خۆی دا لە بەشی عەرەبیی عێراق و هێنانی هێزەکانی خۆی بۆ هەرێمی کوردستان، لەژێر ناوی خۆ پاراستنیان لە ویرووسی کرۆنادا.

جووڵاندنی هێزەکانی ئەمریکا بۆ هەرێمی کوردستان لە حاڵێکدابوو کە چەند ڕۆژ ئەم بڕیارە دۆناڵد ترامپ لە نامەیەکی پیرۆزبایی بەبۆنەی جێژنی نەورۆزدا کە بۆ نێچیروان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستانی نووسیبوو، باسی لە پەرەپێدانی پێوەندییە ئەمنی و سەربازی و ئابوورییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و ئەمریکای کردبوو. هەر لە هەمان کاتدا "پێنتاگۆن"یش لە ڕاگەیندراوێکدا ڕایگەیاند کە بەرنامەیەکی گەورەیان لە بەر دەستدایە بۆ هێرشێکی بەربڵاو بە دژی لق و پۆیەکانی حشدی شەعبیی لایەنگری کۆماری ئیسلامیی ئێران کە گرینگترینیان کەتائیبی حیزبوڵڵان لە عێڕاقدا. هەر لەم پێوەندییەدا پێنتاگۆن فەرمانی بە بەرپرسانی سەربازی خۆی کرد کە خۆیان بۆ هێرشێکی بەربڵاو بۆسەر هێزە چەکدارەکانی لایەنگری سپای پاسداران لە عێراق ئامادە بکەن و وا وێدەچێ کە هەموو ئەوانە لەتە لێکجیاکانی پازیلەکە بن.

دوابەدوای ئەم ڕووداوانە ئەوە سپای پاسداران بوو کە ڕۆژی ١٢ی خاکەلێوە لە ڕاگەیەندراوێکدا هەڕەشەی ئەوەی لە ئەمریکا کرد کە بێتوو لە هەر شوێنێک لە بەرژەوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی بدا، وەڵامێکی ئەوەندە توندیان دەبێ کە ئەمریکا هەر بە خەیاڵێشیدا نەهاتبێ!

هەڵبەت لە کاتێکی وەک ئێستادا کە لە بواری ئابوورییەوە تەواو داڕماوە و لە بارودۆخێکدا کە بەشێک لە کۆمەڵگەی

نێودەوڵەتی بە هۆی پەتای کرۆناوە خوازیاری لابردنی گەمارۆکانی سەر ئێرانن، لە ئەگەری کاردانەوە وەڵامدانەوەی ئێران بە لێدانی هێزەکانی هاوپەیمانی لە عێراق زەرەر و زیانەکانی خۆی چاوەروانکراو نابێ و بەووش تاران ئاچمەز بووە.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو فاکتۆرانە ئەوەی لە عێراقدا روو دەدا، تەنیا تێکەڵچوونێکی سەربازیی نێوان هێزێکی دەرەکی و چەند رێکخراو و گرووپ نییە، بەڵکوو گریمانەی ئەوە دەکرێ کە خاکی عێراق ببێتە مەیدانی شەڕ و پێکدادانێکی نێودەوڵەتی و تەنانەت شەڕێکی نێوخۆییش لە نێوان پێکهاتەکانی عێراقیشدا. بەڵگەش بۆ ئەم بۆچوونە هاوتەریب نەبوونی دەرکردنی یاسا و ناتوانایی لە دیاریکردنی کەسێک وەک سەرۆک وەزیران و بریاری دەرکردنی هێزەکانی بیانی لەم وڵاتەدا ( کە کورد و عەرەبی سوونە دژی ئەم بریارە بوون) وهتد .. ئەم ناتەبایانەش پاڵنەرێکی بەهێزن بۆ تەشەنەسەندنی ناکۆکییەکان لە داهاتوودا و وا وێدەچێ کە ستراتێژیی ئەمریکا لەهەمبەر بەغداوە ئاڵوگۆڕی قووڵ بە خۆیەوە ببینێ و ستراتێژیی ئەمریکا کە لە سەر مێحوەری بەغدا بونیاد نرابوو بگۆردرێ بۆ میحوەری هەولێر.

بەکورتی نیشانەکان دەڵێن ئەمریکا بە نیاز نییە خاکی عێراق بەجێ بێڵێ و تەنیا جێگۆرکەیەکی بە هێزەکانی خۆی کردوە و هەرێمی کوردستانیش بۆ ئەم مەبەستە گونجاوترین جێگایە. هەرێمی کوردستان هەروەها لە ستراتێژیی درێژخایەنی ئەمریکادا جێگە و پێگەیەکی تایبەتی هەیە و نابێت ئەمش لە بەر چاو نەگرین کە گەورەترین کۆنسولخانەی ئامریکا لە ئاستی هەموو جیهاندا لە هەولێرە و ئەمەش خۆی دەتوانێ نیشانەیەکی بەهێز بێت بۆ پشتراستکردنەوەی ئەم بۆچوونە و ئەم گرینگی پێدانەش تەنیا تایبەت نییە بە کۆماریخوازەکان یان دێموکراتەکانی ئامریکا؛ وەک چۆن لە کاتی هێرشی داعش بۆ سەر هەرێمی کوردستان ئیدارەی ئۆباما ڕایگەیاند کە هەولێر هێلی سووری ئامریکایە.

لە ژمارەی ٧٧١ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٣ی ئەپریلی ٢٠٢٠

## پێوەندییەکانی نێوان ئێران و چین

پێوەندییەکانی نێوان ئێران و چین ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ لە پەرەسەندندایە، ئەم پەرەسەندنە و تەنانەت ڕاگرتنی پێوەندییەکە بۆ سیاسەتی دەرەوەی ئێران نەک هەر گرینگە بەڵکوو بۆتە بەشێک لە ستراتیژیی درێژخایەنی کۆماری ئیسلامیی ئێران. پێوەندییەکانی ئێران لەگەڵ وڵاتی چین دەکرێ بە فرەڕەهەند و لە بوارەکانی جۆراوجۆردا سەیر بکرێ وەک ئاڵوگۆڕی بازرگانی و کڕینی کەرستەی سەربازی و تێکنۆلۆژیی بەدەستهێنانی ئەم کەرستانە و هاوکاریی چین لەگەڵ ئێران لە بواری بەشی وزە و وزەی ناوکی و دەستپێڕاگەیشتنی تێکنۆلۆژیی کامپیوتێری و مخابەراتی و سەنعەتی فیلتێری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەخۆ دەگرێ. پێوەندیی نێوان چین و ئێران تەنیا بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران ستراتیژیک نییە و بەڵکوو بۆ چینیش گرینگە، زۆر جار چین لەسەر ئەم بابەتە ڕووبەڕووی گلەیی و گازەندەی ڕۆژئاوا بووەتەوە. هەر بۆیە چین بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆی لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا پەنای هێناوەتە بەر پێوەندیی بازرگانی و لەژێر سێبەری ئەم پێوەندییەدا درێژە بە هاوکارییەکانی خۆی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی لە بوارەکانی تریشدا دەدا. پێوەندیی نێوان ئەم دوو وڵاتە مێژوویەکی کۆنی هەیە کە دەگەڕێتەوە بۆ ١٤٠ ساڵ پێش زایین و هەتا ئێستا ئەم پێوەندییانە بەردەوام بوون.

**یەکەم ڕێککەوتنامەی نێوان ئەم دوو وڵاتە لە ساڵی ١٢٩٩ (١٩٢٠) لە ئیتالیا واژۆ کرا، کە ئەم ڕێککەوتننامەیە بە ڕێککەوتنی "مودت" ناوبانگی دەرکرد.**

لە دوای هاتنە سەر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران و شەڕی نێوان ئێران و عێراق، چین مووشەکی کرووزی بە ئێران فرۆشت و بەم کارەش یاسای(MTCR)ی پێشێل کرد. لە ساڵی ١٩٨٥ دا ئەم دوو وڵاتە بە شێوەیەکی نهێنی لەسەر یارمەتیکردنی چین بە ئێران لە بواری پەرەپێدان و دانی زانیاریی پێویست بۆ بەرهەمهێنانی دوو جۆر مووشەکی کرووز لە جۆری (HY-1 /C-801) و هەروەها لە بواری وزەدا ڕێکەوتن. بە درێژایی شەڕ ئەم دوو وڵاتە پێوەندیی سەربازییان لە نێواندا بوو، لە دوای کۆتایی شەڕ، ئێرانی دوای شەڕێکی هەشت ساڵە بازاڕێکی گەورە و پڕ پیت و بەرەکەت بوو بۆ چین و؛ پێوەندیی نێوان ئەم وڵاتە بواری بازرگانی و ئابووری و سیاسیی بە خۆیەوە گرت. جگە لەم بابەتانە چین کە بە یەکێک لە وڵاتانی بەرهەمهێنەری هەرە گەورە لە دنیادا هەژمار دەکرێ، هاتە نێو لیستی کڕیارانی نەوتی ئێران. کە ئەم داخوازییە هەتا ئێستاش هەر بەردەوامە و چین لە ئێستادا تەنیا کڕیاری نەوتی ئێرانە و بە شێوەیەک لە شێوەکان شەریکە بازرگانیی ئێرانە. لەم دواییانەدا باس لە پلانێکی ستراتیژیی ٢٥ ساڵە دەکرێ، کە بناغەکەی لە ساڵی ٢٠١٦ دوای سەردانەکەی "شی جین پینگ" بۆ تاران دارێژرا.



سەرچاوە
Serchawe

لە کەس شاراوە نییە کە پێوەندیی نێوان ئێران و چین لە هەموو بوارەکاندا بە شێوەیەکی گشتی و بە تایبەتی لە بواری سەربازییدا بێبەربەست و کراوە نییە و زلهێزێکی وەک ئەمریکا بەوردی و بە هەستیارییەوە چاودێریی ئەم پێوەندییانە دەکا، سەرەڕای ئەم چاودێرییە بەڵام پێوەندیی نێوان ئەم دوو وڵاتە ڕۆژ بە ڕۆژ لە پەرەسەندندایە، بە شێوەیەک کە پێش ڕێککەوتننامەی بەرجام وڵاتی ئێران لە پلەی ٥٦ی ریزبەندی لیستی دیپلۆماسیی بەرگری (دیپلماسی دفاعی)ی وڵاتی چیندا بوو، بەڵام دوای بەرجام ئێران گەیشتە پلەی ٢٣ی ئەم ریزبەندییە. سەردانی یەک لە دوای یەکی بەرپرسانی پلە بەرزی سەربازیی هەر دووک وڵات گرینگیی ئاستی پێوەندییەکانی ئەم بوارە دەسەلمێنن.

بەڵام چین لەم پێوەندییەدا بێکێشە نییە. جگە لە بەربەستەکانی ئەمریکا، چین وەک فرۆشیارێکی چەک، تەنیا فوکووسی نەکردۆتە سەر بازاڕی ئێران و دەبێ هاوسەنگیی هێز لە ناوچەکەدا بە گشتی و لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە تایبەتی ڕابگرێ و متمانەی وڵاتانی عەرەبیی کەنداویش لەدەست نەدا. بۆ وڵاتێکی وەک چین ریسک کردن لەم بوارەدا زۆر ئاسان نییە و وێدەچێ کە هاوکاریی نێوان ئەم دوو وڵاتە لە داهاتوودا تووشی کۆمەڵێک گرفت ببێتەوە، گرینگترین بابەت لەم بوارەدا ناکۆکیی نێوان تاران و واشینگتۆن و وڵاتانی ناوچە کە هەمیشە هەڵگری پەیامێکە بۆ وڵاتانی بەهێزی ڕۆژهەڵات وەک چین و ڕووسیە کە ئێران ئالتێرناتیڤی زۆری لە بەردەستدا نییە و لە کاتی تەنگانەدا هێزی دانوستانی لاواز دەبێ و جگە لە چین و ڕووسیە بژاردەیەکی دیکەی بۆ نامێنێتەوە و بە ناچار دەبێ درێژە بەم پێوەندییانە بدا. جگە لەم بابەتە خاڵێکی تر کە ئاستی پێوەندییەکان دیاری دەکات ئەوەیە کە وڵاتێکی وەک چین ٩١%ی نەوتی پێویستی خۆی لە ڕێگەی گەرووی هورموزەوە دابین دەکا و ئەمنیەت و ئاسایشی خەلیج و گەرووی هورموزیش بۆ چین لە ئەمریکا کەمبایەختر نییە و ناکرێ وڵاتێکی وەک ئێران وا پرچەک بکرێ کە بۆ دواڕۆژی چین ببێتە مەترسی و هەڕەشە بێ بۆسەر بەرژەوەندییەکانی خۆی لە ناوچەکەدا. سەرەڕای ئەمانە چین بە باشی هەستی بە گرینگیی ئێران کردوە لە بواری بازرگانی و هەڵکەوتەی ژێئۆپۆلێتیکیەوە. هەر لەبەر ئەم دوو هۆکارەش ئاستی پێوەندییەکانی خۆی سنووردار کردوە و ئەم دوو خاڵە بەهێزەی ئێرانی وەک مەترسییەکیش بۆ خۆی سەیر دەکات و ئاستی پێوەندییەکانی سنووردار کردوە.

دژایەتیی چین بۆ بە ئەندام بوونی ئێران لە ڕێکخراوی هاوکاریی شانگهای نموونەی بەرچاوی ئەم بابەتەیە. هۆکاری سەرەکیی ڕەدکردنەوەی داوای کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ ئەمە دەگەڕێتەوە کە ئێران تەنیا بۆ خۆ پرچەک کردن دەتوانێ پشت بە ڕووسیە و چین ببەستێ، لە کاتێکدا کە وڵاتانی عەرەبیی کەنداو بە تایبەتی ئیمارات و عەرەبستان ئاپشێنی زیاتر لە ئێرانیان لە بەردەستدایە و ئەم هەنگاوانەش دەتوانێ ناوچەکە تووشی ئاڵۆزیی زیاتر بکا و هاوسەنگیی هێز نەک هەر تێکبچێ بەڵکوو هەر لە نێوی بەرێ و ئێران بەرەو سەرەڕۆیی زیاتر و وڵاتانی کەنداویش تووشی پەرچەکردار بکاتەوە.

چین وەک ئەندامێکی شۆڕای ئەمنیەت گرینگیەکی تایبەتی بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران هەیە. لە ئێستادا وەک بە تەنیا کڕیاری نەوتی ئێران دادەنرێ و بەو پێناسانەی کە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی باسی دەکەن شەریکی بازرگانیی ئێرانە، ئەم گرینگییە بە ڕوونی دیارە بە جۆرێک کە ڕێبەری کۆماری ئیسلامی لە لێدوانێکی خۆیدا لە ٢٩ - ١١ - ٩٦ پێوەندیی ڕۆژهەڵاتی بە پێویستتر لە ڕۆژئاوا زانی، ئەمە لە کاتێکدایە کە خومەینی هێڵی سیاسەتی لەسەر بناغەی دروشمی (نە شرقی نە غربی) بنیاد نابوو. ئەمەش بڵێین چین کە ئەندامی شۆڕای ئەمنیەتە و مافی ڤیتۆی هەیە هیچ کاتێک نەک بڕیارنامەکانی ئەم شۆڕایەی بەدژی ئێران ڤیتۆ نەکردوە بەڵکوو دەنگی مەنفیشی بە بڕیارنامەکان نەداوە.

حەسەن ڕۆحانی لە پووشپەڕی ١٣٩٧ لە وڵامی ئەوەدا کە دروشمی (نە شرقی نە غربی) پەراوێز خراوە! ڕایگەیاند کە ئێمە نە تەسلیمی ڕۆژاوا بووین نە ڕۆژهەڵاتیش، ئەم دروشمە بە مانای ئەوە نییە کە ئێمە نابێ هیچ جۆرە پێوەندییەکمان هەبێ لەگەڵ ڕۆژاوا و ڕۆژهەڵات.

ئەوەی هەتا ئێستا لە سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ڕووی داوە وەلابردنێکی ئاگایانەی ڕۆژئاوا بووە و پەنابردنێک بۆ باوەشی ڕۆژهەڵات. سیاسەتی چەوت و پڕ لە هەڵەی ئێران و دەستێوەردانەکانی ئێران لە کاروباری نێوخۆی دراوسێکانی و ئاژاوەگێڕی وای لە کۆماری ئیسلامی کردوە کە سەربەخۆیی خۆی لەدەست بدا. نموونەش بۆ نەمانی ئەم سەربەخۆییە، لێدوانەکانی ئەم چەند ڕۆژەی ڕابردووی باڵوێزی چین بوو لە تاران بەرامبەر بە وتەبێژی وەزارەتی تەندروستیی ئێران و بەرپرسی هێڵی فرۆکەوانیی ماهان کە بە شێوەیەکی هەڕەشەیی داوای لێکردن کە ڕێز لە وڵاتی چین بگرن و، هەر زۆر زوو بەرپرسانی سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی داوای لێبوردنیان لە چین کرد و تەنانەت باسی لێکۆڵینەوەشیان کرد لە کیانووش جەهانپوور بۆ ئەوەی دەستی پشتی پەردەی ئەم کارە ئاشکرا بکەن. ئەمە لە کاتێکدایە کە دەزگای دیپلۆماسیی ئێران پشتیوانیی لە وتەکانی "چانگ هووا" باڵوێزی چین لە تاران و سەرکۆنەی وتەبێژی وەزارەتی تەندروستیی خۆیان کرد.

بە ئاوڕدانەوەیەکی خێرا لە ئاستی پێوەندییەکانی نێوان ئێران و چین بۆمان دەردەکەوێ کە پێوەندییەکی بەرژەوەندیخوازانەیە لە هەموو بوارەکاندا بەو جیاوازییە کە ئێران لە ڕووی ناچارییەوە دەبێ بە هەر شێوەیەک بێ ئاستی پێوەندییەکانی خۆی لەگەڵ چین درێژە پێبدا، جا بە هەر نرخێک بێ تەنانەت ئەگەر ڕێژەی سڵامەتی و تەندروستیی دانیشتووانی خۆیشی بخاتە مەترسییەوە و، بەکردەوە ئەمەی سەلماندوە کە ئەگەر لە سەرەتاوە بە پارێزەوە ڕووبەرووی پەتای کرۆنا ببانەوە و هاتوچۆکانی خۆیان لەگەڵ چین کە سەرچاوەی ئەم پەتا کوشندەیە کەم کردباوە، لەوانە بوو ئێستا خەڵکی ئێران و تەنانەت چەندین وڵاتی دراوسێی ئێرانیش تووشی ئەم قەیرانە نەبووبانەوە، هەر ئەمەش یانی بە هەر نرخێک بێ ئێران خوازیاری ڕاگرتنی ئەم پێوەندییەیە و لە هەمان کاتدا چین پێوەندییەکی ئاسایی لەگەڵ ئێران

هەیە وەک پێوەندییەکانی تری، بە شێوەیەک کە ڕێژەی ئاڵوگۆڕی بازرگانیی نێوان ئەم دوو وڵاتە کە نزیک بە ٣٧ میلیارد دۆلارە تەنیا ٨%ی ئاڵوگۆڕی بازرگانیی چینە، بەڵام چین لە بواری وزەدا بەکارهێنەرە و ئێران بەرهەمهێنەرە (نەوت و گاز) و بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی چین، ئێران تەنیا سەرچاوەیەک نییە کە چین پشتی پێبەستبێ. کێشیەکی دیکە کە بەرۆکی ئێرانی گرتوە شێوەی پێدانی ئەم پووڵەیە کە چین دەبێ بیدا بە ئێران، بۆیە لەم بوارەشدا کە کێشە هەیە، چین بەرهەمەکانی خۆی بە کوالیتێییەکی کە خۆی دیاریی دەکا دەدا بە ئێران و بژاردەکانی بەردەم ئێران زۆر نین.

لە کۆتاییدا بۆ هەموو کەس ڕوونە مەبەستی دەوڵەتێکی بێدەسەڵات کە پێش بە هاتنی پزشکانی بێسنوور دەگرێ و بە چاوی سیخوڕ و جاسووس سەیریان دەکا، بەڵام لە هەمان کاتدا ڕێگەی داوە بە چینییەکان کە خەت و نیشان بۆ بەرپرسانی ئێرانی بکێشن و تەنانەت هاتوچۆی ئێرانییەکانیان بۆ چین قەدەغە کردوە.

لە ژمارەی ٧٧٢ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی ئەپریلی ٢٠٢٠



سەرچاوە
Serchawe

## تێکنۆلۆژیی مووشەک لە دەست دەسەڵاتێکی سەرەڕۆدا

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی کۆماری ئیسلامی ئەوەیە کە مانەوەی لە دروستکردنی قەیران بۆ تێپەڕین لە قەیرانێکی دیکەدا دەبینێتەوە. مێژووی چوار دەیە دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی هەمووی قەیرانخوڵقێنی بووە بۆ سەرپۆشکردنی قەیرانە نێوخۆییەکانی خۆی. لە ئێستاشدا کە کۆرۆنا خەمی گەورەی هەموو وڵاتانە و حکوومەتەکان بەو پەڕی هێز و توانای خۆیان لە هەوڵی زاڵبوون بەسەر ئەم پەتایەدان، کۆماری ئیسلامی ئێران بەدووی قەیرانخوڵقێنییەکی دی لەو قەیرانەدایە بۆوەی بتوانێ ئەم کاتە ناسک و هەستیارانەش بێ‌وەی تێپەڕێنێ.

تاقیکردنەوەی مووشەکێکی نوێ بۆ هەڵدانی سەتەلایتێک بۆ مەبەستی نیزامی ئەو بابەتەیە کە کۆماری ئیسلامیی بەرەو چەند ئەگەر و گریمانەیەکی دی کردۆتەوە.

ڕۆژەکانی سەرەتای مانگی بانەمەڕ بوو کە کۆماری ئیسلامی ڕایگەیاند لە ڕێگەی مووشەکێکی نوێ - کە تەکنولۆژیی بەکارهێنانی وێدەچێ هەر هەمان تکنۆلۆژی بەکارهاتوو لە مووشکی بالیستیکی دوورهاوێژ بێت - ماهوارەی نووری بە سەرکەوتوویی لە بۆشایی ئاسماندا جێگیر کردوە.

**ئەم هەوڵەی سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی ئەویش لەو بارودۆخەی ئێستادا کاردانەوەی زۆری لێ‌کەوتەوە.**

یەکەم کاردانەوەکان لە لایەن ئامریکا بوو کە ئەم کارەی بە پێشێلکردنی بریارنامەی ٢٢٣١ی ڕێکخراوی نەتەوە یەککگرتووەکان زانی و خوازیاری ئەوە بوو کە ئەم بابەتە ببرێتە شوڕای ئەمنیەتی نەتەوە یەکگرتووەکان. دوابەدوای ئامریکا وەزارەتی دەرەوەی ئاڵمان و فەڕانسەش هەر بە هەمان شێوە ئەم کردەوەیەی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیان مەحکووم کرد. ئەوان وێڕای ئاماژە بەوەی هەوڵەکانی ئێران پێشێلکردنی ئاشکرای بریارنامەی شوڕای ئەمنیەتە، هەڵدانی سەتەلایت بۆ کاروباری نیزامییان بە هۆکارێک بۆ ناسەقامگیری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ناوبرد و ڕایانگەیاند کە هەڵوێستی ئەم وڵاتانە لە مەڕ چالاکیەی مووشەکییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران ئاڵوگۆڕی بە سەردا نەهاتوە.

هەڵوێستی بریتانیاش وەک ئەندامێکی هەمیشەیی شوڕای ئەمنیەت زۆر توند بوو، بەڵام بەپێچەوانە ڕووسیە بە چاوێکی دیکەوە سەیری ئەم ڕووداوەی کرد. ڕووسیە ناردنی ماهوارە بە مووشەکی بالستیکی دوورهاوێژی پێ سەرەڕۆیی ئێران و

پێشێلکردنی بڕیارنامەکان نەبوو. ماریا زاخارووا، وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیە پشتی ئێرانی گرت و ڕایگەیاند کە ئامریکا خۆی پێشێلکەری بڕیارنامەی گۆڕینە و بە هاتنەدەرێی تەکلایەنەی خۆی لە بەرجام ئەم بڕیارنامەیەی پێشێل کردوە.

جیا لە بابەتی کاتی هەڵدانی ئەم سەتەلایتە و هەڵوێستی وڵاتانی شوێندانەر لەسەر بڕیارە نێودەوڵەتییەکان، لایەنێکی دیکەی ئەم بابەتە ئەوە بوو کە بەرپرسانی پلەبەرزی سپای پاسداران بەڕەسمی ڕایانگەیاند کە ئەم ماهوارەیە بۆ مەبەستی سەربازی نێردراوەتە بۆشایی ئاسمان. تەنانەت ئەمیر حاجیزادە لەم پێوەندییەدا پێی لەوەش نا کە سپای پاسداران بە شێوەیەکی نهێنی لەم بوارەدا کاری کردوە و ماوەی چوار ساڵە شاراوە و بەشێنەیی کاریان لە سەر کردوە، کە هەر ئەمە خۆی داننانە بەوەی لەو کاتەوە بڕیارنامەی ٢٢٣١ یان پێشێل کردوە. جگە لەم بابەتانەش شوێنی هەڵدانەکە و بەکارهێنانی مووشەکی (قاصد)یش بۆ ڕاوەستان دەبێ. شوێنی هەڵدانی ئەم مووشەکە لە کەویری ناوەندیی ئێران بووە، شوێنێکی تەواو نهێنی کە لە ڕووی جوغرافیاییەوە بە ژینگەی یوزپەڵنگی ئێرانی دەناسرێ کە لە چەند ساڵی ڕابردوودا چەند ژینگەپارێز لەسۆنگەی ڕەخنەگرتنیان لە قڕکردنی ئەم یوزانە لەلایەن ناوەندی ئەمنیەتییەکانەوە گیراون. ئەو کەسانە تۆمەتی سیخوڕی بۆ وڵاتانی بیانییان دراوەتە پاڵ چەند کەس لەوان لە سێدارەش دراون.

کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەمیشە بەگومانەوە سەیری چالاکییە مووشەکییەکانی ئێرانی کردوە و بە مەترسیدار بۆ سەر سەقامگیریی ناوچەی زانیون. ئەم گومان و هەست بە مەترسیکردنەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کراوە و لە کاتی ئێستاشدا ئەم گومان و مەترسیانە بە لەبەرچاوگرتنی ڕۆڵی تێکدەرانەی ئێران لە هاوکێشەکانی ناوچە چەند قات زیاترە.

لەو بارودۆخەدا کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی خەریکی بەرنگاربوونەوەی پەتای کۆرۆنایە و چەند وڵاتێکیش داوای کەمکردنەوەی گەمارۆکانی سەر ڕێژیمی ئێرانیان لە ئەمریکا کردوە و ڕێژیمیش بۆ وەرگرتنی یارمەتیی داراییی دەستی بۆ سندووقی نێودەوڵەتیی دراو درێژ کردوە، ئەم بڕیارەی سپای پاسداران کاریگەریی لەسەر چەند بڕیارێکی دیکە لەسەر ڕێژیم دەبێ. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەو کارەی سەلماندی کە دەسەڵاتێکی جێی متمانە نییە و نەک ساغی و سڵامەتیی خەڵکی وڵات؛ بەڵکوو تەنیا ئامانجە نیزامی و ئەمنیەتییەکانی خۆی بەلاوە گرینگە.

### هەڵدانی ماهوارەی نوور لە گۆشەنیگایەکی تریشەوە جێگەی تێڕوانینە!

لەماوەی ڕابردوودا بەلەمەکانی سەر بە هێزی دەریایی سپای پاسداران زۆر جار بە شێوەیەکی مەترسیدار و سەرەڕۆیانە لە پاپۆڕەکانی ئامریکا نیزیک دەبوونەوە و ڕەفتاری دنەدەرانەیان لە خۆیان نیشان دەدا. دواجار سەرۆککۆماری ئامریکا بڕیاری

بە هێزەکانی خۆی لە خەلیج دا کە لە ئەگەری دووبارەبوونەوەی ئەم سەرەڕۆییانەی هێزەکانی سپای پاسداران وەڵامیان بدرێتەوە و لێیان دەن.

هەموو ئەم ڕووداوانە لە کاتێکدا بوون کە نرخی نەوت بە شێوەیەکی سەرسووڕهێنەر دابەزیوە کە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بڵاوبوونەوەی پەتای کرۆنا و نەبوونی کریار. هەر ئەم تویتەی ترامپ بۆ وڵامدانەوەی ئەرتەشی ئامریکا بە بەلەمەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران نرخی نەوتی سەتا ٢٠ بردە سەرێ کە دیارە هۆکارەکەی دیکەی تاقیکردنەوەی مووشەکیی سپای پاسداران بوو.

**لە زانستی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا چەمک و بنەمایەک هەیە بە ناوی تیۆریی گەمە (Game method) و ئەم میتۆدەش لە دوو تەوەردا پۆلێن دەکرێن:**

**گەمەی سفری:** لە ئەگەری شەڕ و پێکدادانی سەربازی لە نێوان دوو یان زیاتر لە دوو لایەن، ئەگەر لایەنەکان هەوڵ بدەن بۆ ئەوەی کە وڵاتێک تەواو تێک بشکێنن و سیستەمی سیاسیی ئەم وڵاتە بگۆڕن.

**گەمەی ناسفری:** واتا لە ئەگەری شەڕ و پێکدادانی سەربازی لە نێوان لایەنەکان ڕوو بدا، بەڵام بۆ لەنێوبردنی ئەم وڵاتە نەبێت و تەنیا بۆ لاواز کردنی ئەم لایەنە بێت.

بۆیە وا وێدەچێ کە ئامریکا بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگیی هێز لە ناوچەکەدا و بۆ کۆنترۆلکردنی بارودۆخەکە پێویستی بە شەڕێک لە جۆری تیۆریی گەمەی ناسفری هەبێ لە ناوچەکەدا و سەرەڕۆییەکانی سپای پاسدارانیش خەریکی پەرەپێدانن بۆ ئەم گەمەیە. نابێ لە یادمان بچێتەوە کە ڕێبەری کۆماری ئیسلامیی ئێران لە دوای کوژرانی قاسم سولیمانی باسی لە یەکەم لێدوانیدا باسی لەوە کرد کە دەبێ ئێران بەرەو بەهێزبوون هەنگاو بنێتەوە. هەر لەم پێوەندیەشدا حکوومەتی واشینتۆن دەستەوەستان نەوستاوە و خەریکە لە ناوچەکەدا ئامادەکاری پێویست بۆ ئەگەرەکانی بەردەم دەکا. بۆ نموونە دانانی قەڵغانی مووشەکیی پاتریۆت (MAM104) لە عێراق و خەلیج و هێنانی فرۆکەی (B52) و چەند ڕێکارێکی دی کە لەم ماوەیەدا گرتوویەتە بەر.

ئامریکا لە قۆناغی سەختی کۆرۆناشدا بە پێداگری لەسەر هێشتنەوەی سزاکانی سەر ئێران و هەروەها ڕێگری لە پێدانی وام لەلایەن سندووقی نێونەتەوەیی دراوەوە بە ڕێژیم، نیشانی دا کە بە هیچ شێوەیەک ناهێڵێ کۆماری ئیسلامیی ئێران درێژە بە سەرەڕۆییەکانی خۆی بدا. هاوکات داوای لە هاوپەیمانەکانی خۆیشی کردوە کە هەڵوێستی هاوچەشنیان هەبێ.

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەوەندەش نەوەستاوە و ڕایگەیاندوە کە ئەم پەروەندەیە دەباتە کۆبوونەوەی شووڕای ئەمنیەتی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕایگەیاندوە کە ئامریکا چ بە درێژکردنەوەی گەمارۆ خستنەسەر کرین و فرۆشتنی چەک و چۆڵە بە ئێران - کە قەرارە لە سەرەتای خەزەڵوەردا ماوەی ئێستای بەسەر بچێ - یان خود بە چالاککردنی مکانیزمی ماشە وەڵامی پێویستی خۆی دەبێ. لە ئێستادا ئامریکا ڕەشنووسی بڕیارنامەی خۆی ئامادە کردوە بۆ شوڕای ئەمنیەت و وا بڕیارە کە لە مانگی داهاتوودا کە وڵاتی ئێستۆنی بەڕێوەبەری ئەم خولەی شوڕای ئەمنیەتی دەکەوێتە ئەستۆ و ئەندامی ناتۆ و هاوپەیمانێکی نێزیکی ئامریکاشە، بیهێنێتە بەر باس.

**ئامریکا لەم پێوەندییەدا ئەرکێکی قورس و گرانیشی کەوتۆتە ئەستۆ کە هاوڕاکردنی ڕووسیە و چینە لەگەڵ خۆی.**

**قسەی کۆتایی نوێنەران و دیپلۆماتەکانی ئامریکا ڕوو بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران گەورەترین وڵاتی پشتیوان لە تێرۆریسمی نێودەوڵەتییە و کەمترخەمی لەم بارەیەوە هاوسەنگیی هێز لە جیهاندا تووشی مەترسی و لەنێوچوون دەبا.**

لە ژمارەی ٧٧٣ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٤ی مای ٢٠٢٠



سەرچاوە
Serchawe

## هەوراز و نشێوی پێوەندییەکانی نێوان ئێران و تاڵیبان

لە دوای ڕووداوەکەی ١١ی سێپتامبر و هێرشی ئامریکا بۆ سەر حکوومەتی تاڵیبان لە ئەفغانستان و ڕوخانی ئەم حکوومەتە، بەشێک لە هێز و لایەنگران و فەرماندە و بەرپرسانی تالیبان کە نەیانتوانیبوو بگەنە سنووری پاکستان، پەنایان بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران هێنا. ئەوان لە ژێر سێبەری ئێراندا بۆ جارێکی دی خۆیان ڕێک ختسەوە و ئامادەی ڕووبەڕووبوونەوە بوون لەگەڵ حکوومەتی تازە بەدەسەڵاتگەیشتووی ئەفغانستان.

ڕێژیمی ئێران لەوکاتدا هەر هەمان سەربازگە و حەشارگانەی سەردەمانێک بۆ لێدانی تاڵیبان دابووی بە هاوپەیمانیی باکوور و دژبەرانی دیکەی، ئەمجارەیان ختسیە بەر دەستی هێزەکانی تاڵیبان. لێرەدا پرسیارێک دێتە پێشی: "بۆچی کۆماری ئیسلامی کە دژی تالیبان و ئەلقاعیدە بوو، دوایە پەنای دان و هاوکاریی لۆجێستیکی و دارایی کردن؟"

هۆکاری سەرەکیی ئەم هاوکارییە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ترسەی کە دەسەڵاتدارانی ئێرانی لەوەیان هەبوو کە تاڵیبان ببێتە هاوپەیمانی جوندوڵڵا. هۆکارێکی دیکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە تاڵیبان لە بەرەی شەڕ دژی هێزەکانی هاوپەیمانان بە ڕێبەریی ئامریکا بوو و، ئێرانیش بەپێی ستراتیژیی خۆی تاڵیبانی بۆ ئامانج و بەرژەوەندییەکانی خۆی لە ناوچەکەدا بەسوود دەزانی.

خاڵی گرینگ لە هەمبەر پاڵپشتیی کۆماری ئیسلامی ئێران لە تاقمی تالیبان - بەپێی بەڵگەنامەکانی ویکیلیکس_ هەر ئەم خاڵە بوو کە ئامانجی تالیبان لە شەڕ دژی هێزەکانی هاوپەیمان هەر تەنیا دەرکردنی ئامریکا نەبوو لە ئەفغانستان، بەڵکوو کردنەوەی تۆڵەئەستێنی لە دژی ئەمریکا بوو لە هەر شوێنێک بۆیان لوابا؛ بۆیە ئێران بیری لەوە نەدەکردەوە کە ڕۆژێک تالیبان و ئەمریکا پێکەوە بکەونە دانوستانەوە. بەڵام ئەم هاوکێشەیە دوای دەستبەسەرکرانی "مەلا عەبدولغەنی بەرادەر" سەرکردەی ئەم ڕێکخراوەیە و هاتنە سەر کاری مەلا ئەختەر محەممەد مەنسوور، گۆڕانێکی بەرچاوی بە خۆیەوە بینی و بە شێوەیەکی بەرچاو دانوستان لەگەڵ ئامریکا، ناتۆ و عەرەبستانی سعوودی دەست پێکرا. پاشان کە مەلا ئەختەر جارێکی دیکە پلانە سەربازییەکانی خۆی لە دژی هێزەکانی ئەمریکا ختسە گەڕ، لەلایەن هێزەکانی ئەمریکاوە کرایە ئامانج و کوژرا.

هەر لە سەرەتای ئاشکرابوونی پێوەندیی نێوان کۆماری ئیسلامی و تالیبان دیار بوو کە ئێران بەتەمایە ڕۆڵی سەرەکی

ببینێ لە گۆڕانکارییەکانی ئەفغانستاندا. چوار دەیە ئەزموونی سیاسەتی دەرەوەی ئێران پێمان دەڵێن ئێران لە ئەفغانستان و ئەو وڵاتانەی دراوسێی کە مەیلی مەیلەو ڕۆژئاوایان بووە، هەموو بەرنامەکانی تێکدانی سەقامگیری و نانەوەی بشێوی بووە. پێوەندییەکانی ئێران لەگەڵ تالیبانیش بۆ تەڕاتێنی زیاتری خۆی لەم وڵاتە و سەپاندنی هێژمونیی خۆی بوو.

هەڵوێستی ئێران بەرامبەر بە پرۆسەی ئاشتی لە ئەفغانستان لێڵ و ناروون بوو. ساڵی ٢٠١٠ بەئاشکرا دژایەتیی پرۆسەی دانوستانەکانی ئاشتیی دەکرد و ساڵی ٢٠١١ وەرسووڕایەوە و پشتیوانیی لێکرد، تەنانەت بەڕەمی ڕایگەیاند کە ئامادەیە خانەخوێی دانیشتنەکان بێ! خاڵی هەڵوێستە کردن لە سەر ئەم بابەتە ئەوەیە کە هەم مەلا ئەختەر مەنسوور، سەرۆکی تالیبان دوای گەرانەوەی لە ئێران بە فرۆکەیەکی بێ فرۆکەوانی ئامریکا کوژرا و، هەم بورهانەدین ڕەبانی، سەرۆکی پرۆسەی وتووێژەکانی ئاشتیی ئەفغانستان دوای سەردانی ئێران و لە ڕێگای گەرانەوەیدا بۆ ئەفغانستان بە دەستی چەکدارانی تالیبان کوژرا.

ساڵی ٢٠١٣ دا و دوای کرانەوەی دەفتەری نوێنەرایەتیی تالیبان لە وڵاتی قەتەر، کۆماری ئیسلامیی ئێران بە ڕەسمی دژایەتی خۆی لەگەڵ هەموو جۆرە پێوەندی و دانوستانێکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی نێوان تالیبان و ئامریکا دەربڕی و وەزارەتی دەرەوەی ئێران لەم پێوەندییەدا ڕاگەیەندراوێکیشی بڵاو کردەوە.

دژایەتیی ئێران لەگەڵ کردنەوەی دەفتەری نوێنەرایەتیی تالیبان لە قەتەر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لەمەودوا ڕێکخراوی تالیبان خاوەن ئادرەسێکی دیار دەبێ بۆ دانوستانەکان چ لەگەڵ ئامریکا یان دەوڵەتی ناوەندیی ئەفغانستان، ئەم بارودۆخەش لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئێران لە ناوچەدا یەک ناگریتەوە، بەڵام ئەم ئادرەسە نوێیەی تاڵیبان کۆماری ئیسلامیی ئێران ناچار کرد کە سەرەڕای پێناخۆشبوونی دان بە ئەمری واقیعدا بنێ و پێوەندییەکانی ئێران و ئەم ڕێکخراوەیەش پێی نایە قۆناغێکی نوێوە.

حەوتوویەک دوای دانووستانی نێوان تاڵیبان، ئامریکا، عەرەبستان و ئیمارەتی یەکگرتووی عەرەبی، عەلی شەمخانی، نوێنەری ڕێبەری ئێران خۆی گەیاندە کابول و بەئاشکرا پێوەندیی شاراوەی نێوان ئێران و تاڵیبانی لەقاو دا و؛ پێداگریی لەسەر ئەوە کرد کە ئەم پێوەندییانە بەردەوام و گەرموگوڕتر دەبن. ئامانج لەم سەردانەی شەمخانی گەیاندنی ئەو پەیامەی ئێران بە بەرپرسانی ئامریکایی و ئەفغانی بوو کە دەبێ ڕۆڵی کۆماری ئیسلامیش لە گۆڕانکارییەکانی ئەفغانستاندا لە بەر چاو بگیرێ و ئێرانیش بەشێک بێ لە دانووستانەکان. دوای سەردانەکەی شەمخانی شاندێکی تاڵیبانیش لە قەتەر ڕا سەردانی کۆماری ئیسلامیی کرد و دوای ئەم سەردانە بوو کە زەریف، وەزیری دەرەوی ئێران بەکاناڵی(NDTV) ی ڕایگەیاند کە ناکرێ تاڵیبان لە دەوڵەتی داهاتووی ئەفغانستاندا ڕۆڵی نەبێ و بەشداری حکومەت نەبێ!

ئێران بۆ دەستێوەردانی زەق و ئاشکرای خۆی لە کاروباری ئەفغانستاندا چەند هۆکارێک دەبینێ. یەکەم، نەرمینواندنی حامید کەرزای لە بەرامبەر سەرەڕۆیی و خۆسەپاندنی بەشێنەیی ئێران، کار گەیشتە ئەو جێیەی کە شەمخانی، ڕاوێژکاری خامنەیی لە پێتەختی ئەفغانستاندا بوێرێ بەئاشکرا باس لە پێوەندییەکانی نێوان ئێران و تاڵیبان بکا. دووهەم، هاوپەیمانیی باکوور کە سەردەمانێک ئێران پشتیوانیی ڕەهای لێدەکرد و تەنانەت کووژراوەکانی بە شەهیدی موجاهید ناو دەبرد _ بۆ نموونە ئەحمەدشا مەسعوود کە بنێرەکانی ئێستاش لە تاران هەڵدەواسرێن - لە دوای ڕووخانی تالیبان بەرەو لاوازی و لە نێوچوون دەڕۆیشت و ئێران بۆ ئەوەی بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی سەلماندبا کە هەر لە لوبنان و سووریە و یەمەندا ئەکتەری سەرەکی نییە، بەڵکوو لە ئەفغانستانیش دەستی باڵای هەیە؛ هاوکاریی تاڵیبانی کردوە و ئەو پێوەندییانەی بۆ ئەم ڕۆژانە ڕاگرتوە. ئەگەرچی لە ڕوانگەی ئیدۆلۆژییەوە تاڵیبان لە عەڕەبستان و ئیمارات نیزیکە و ئێران ئەمەشی پشتگوێ نەخستوە. خاڵێکی تری ئەم بابەتە کە زیاتر بۆ ئێران گرینگە لە دوای ڕووداوەکەی ١١ سێپتامبر و هێرشی ئامریکا بۆ سەر حکوومەتی تاڵیبان لە ئەفغانستان و ڕوخانی ئەم حکوومەتە، بەشێک لە هێز و لایەنگران و فەرماندە و بەرپرسانی تالیبان کە نەیانتوانیبوو بگەنە سنووری پاکستان، پەنایان بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران هێنا. ئەوان لە ژێر سێبەری ئێراندا بۆ جارێکی دی خۆیان ڕێک خستەوە و ئامادەی ڕووبەڕووبوونەوە بوون لەگەڵ حکوومەتی تازە بەدەسەڵاتگەیشتووی ئەفغانستان.

ڕێژیمی ئێران لەوکاتدا هەر هەمان سەربازگە و حەشارگانەی سەردەمانێک بۆ لێدانی تاڵیبان دابووی بە هاوپەیمانیی باکوور و دژبەرانی دیکەی، ئەمجارەیان خستیە بەر دەستی هێزەکانی تاڵیبان. لێرەدا پرسیارێک دێتە پێشی: "بۆچی کۆماری ئیسلامی کە دژی تالیبان و ئەلقاعیدە بوو، دوایە پەنای دان و هاوکاریی لۆجێستیکی و دارایی کردن؟"

هۆکاری سەرەکیی ئەم هاوکارییە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ترسەی کە دەسەڵاتدارانی ئێرانی لەوەیان هەبوو کە تاڵیبان ببێتە هاوپەیمانی جوندوڵڵا. هۆکارێکی دیکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە تاڵیبان لە بەرەی شەڕ دژی هێزەکانی هاوپەیمانان بە ڕێبەریی ئامریکا بوو و، ئێرانیش بەپێی ستراتیژیی خۆی تاڵیبانی بۆ ئامانج و بەرژەوەندییەکانی خۆی لە ناوچەکەدا بەسوود دەزانی.

خاڵی گرینگ لە هەمبەر پاڵپشتیی کۆماری ئیسلامی ئێران لە تاقمی تالیبان - بەپێی بەڵگەنامەکانی ویکیلیکس - هەر ئەم خاڵە بوو کە ئامانجی تالیبان لە شەڕ دژی هێزەکانی هاوپەیمان هەر تەنیا دەرکردنی ئامریکا نەبوو لە ئەفغانستان، بەڵکوو کردنەوەی تۆڵەئەستێنی لە دژی ئەمریکا بوو لە هەر شوێنێک بۆیان لوابا؛ بۆیە ئێران بیری لەوە نەدەکردەوە کە ڕۆژێک تالیبان و ئەمریکا پێکەوە بکەونە دانوستانەوە. بەڵام ئەم هاوکێشەیە دوای دەستبەسەرکرانی "مەلا عەبدولغەنی بەرادەر" سەرکردەی ئەم ڕێکخراوەیە و هاتنە سەر کاری مەلا ئەختەر محەممەد مەنسوور، گۆڕانێکی بەرچاوی بە خۆیەوە

بینی و بە شێوەیەکی بەرچاو دانوستان لەگەڵ ئامریکا، ناتۆ و عەرەبستانی سعوودی دەست پێکرا. پاشان کە مەلا ئەختەر جارێکی دیکە پلانە سەربازییەکانی خۆی لە دژی هێزەکانی ئەمریکا خستە گەڕ، لەلایەن هێزەکانی ئەمریکاوە کرایە ئامانج و کوژرا.

هەر لە سەرەتای ئاشکرابوونی پێوەندیی نێوان کۆماری ئیسلامی و تالیبان دیار بوو کە ئێران بەتەمایە ڕۆڵی سەرەکی ببینێ لە گۆڕانکارییەکانی ئەفغانستاندا. چوار دەیە ئەزموونی سیاسەتی دەرەوەی ئێران پێمان دەڵێن ئێران لە ئەفغانستان و ئەو وڵاتانەی دراوسێی کە مەیلی مەیلەو ڕۆژئاوایان بووە، هەموو بەرنامەکانی تێکدانی سەقامگیری و نانەوەی بشێوی بووە. پێوەندییەکانی ئێران لەگەڵ تالیبانیش بۆ تەڕاتێنی زیاتری خۆی لەم وڵاتە و سەپاندنی هێژمونیی خۆی بوو.

هەڵوێستی ئێران بەرامبەر بە پرۆسەی ئاشتی لە ئەفغانستان لێڵ و ناروون بوو. ساڵی ٢٠١٠ بەئاشکرا دژایەتیی پرۆسەی دانوستانەکانی ئاشتیی دەکرد و ساڵی ٢٠١١ وەرسووڕایەوە و پشتیوانیی لێکرد، تەنانەت بەڕەمی ڕایگەیاند کە ئامادەیە خانەخوێی دانیشتنەکان بێ! خاڵی هەڵوێستە کردن لە سەر ئەم بابەتە ئەوەیە کە هەم مەلا ئەختەر مەنسوور، سەرۆکی تالیبان دوای گەڕانەوەی لە ئێران بە فڕۆکەیەکی بێ فڕۆکەوانی ئامریکا کوژرا و، هەم بورهانەدین ڕەبانی، سەرۆکی پرۆسەی وتووێژەکانی ئاشتیی ئەفغانستان دوای سەردانی ئێران و لە ڕێگای گەڕانەوەیدا بۆ ئەفغانستان بە دەستی چەکدارانی تالیبان کوژرا.

ساڵی ٢٠١٣ دا و دوای کرانەوەی دەفتەری نوێنەرایەتیی تالیبان لە وڵاتی قەتەر، کۆماری ئیسلامیی ئێران بە ڕەسمی دژایەتی خۆی لەگەڵ هەموو جۆرە پێوەندی و دانوستانێکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی نێوان تالیبان و ئامریکا دەربڕی و وەزارەتی دەرەوەی ئێران لەم پێوەندییەدا ڕاگەیەندراوێکیشی بڵاو کردەوە.

دژایەتیی ئێران لەگەڵ کردنەوەی دەفتەری نوێنەرایەتیی تالیبان لە قەتەر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لەمەودوا ڕێکخراوی تالیبان خاوەن ئادرەسێکی دیار دەبێ بۆ دانوستانەکان چ لەگەڵ ئامریکا یان دەوڵەتی ناوەندیی ئەفغانستان، ئەم بارودۆخەش لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئێران لە ناوچەدا یەک ناگرێتەوە، بەڵام ئەم ئادرەسە نوێیەی تاڵیبان کۆماری ئیسلامیی ئێران ناچار کرد کە سەرەڕای پێناخۆشبوونی دان بە ئەمری واقیعدا بنێ و پێوەندییەکانی ئێران و ئەم ڕێکخراوەیەش پێی نایە قۆناغێکی نوێوە.

حەوتوویەک دوای دانووستانی نێوان تاڵیبان، ئامریکا، عەرەبستان و ئیمارەتی یەکگرتووی عەرەبی، عەلی شەمخانی، نوێنەری ڕێبەری ئێران خۆی گەیاندە کابول و بەئاشکرا پێوەندیی شاراوەی نێوان ئێران و تاڵیبانی لەقاو دا و؛ پێداگریی

لەسەر ئەوە کرد کە ئەم پێوەندییانە بەردەوام و گەرموگوڕتر دەبن. ئامانج لەم سەردانەی شەمخانی گەیاندنی ئەو پەیامەی ئێران بە بەرپرسانی ئامریکایی و ئەفغانی بوو کە دەبێ ڕۆڵی کۆماری ئیسلامیش لە گۆڕانکارییەکانی ئەفغانستاندا لە بەر چاو بگیرێ و ئێرانیش بەشێک بێ لە دانووستانەکان. دوای سەردانەکەی شەمخانی شاندێکی تاڵیبانیش لە قەتەر ڕا سەردانی کۆماری ئیسلامیی کرد و دوای ئەم سەردانە بوو کە زەریف، وەزیری دەرەوی ئێران بەکاناڵی(NDTV) ی ڕایگەیاند کە ناکرێ تاڵیبان لە دەوڵەتی داهاتووی ئەفغانستاندا ڕۆڵی نەبێ و بەشداری حکومەت نەبێ!

ئێران بۆ دەستێوەردانی زەق و ئاشکرای خۆی لە کاروباری ئەفغانستاندا چەند هۆکارێک دەبینێ. یەکەم، نەرمینواندنی حامید کەرزای لە بەرامبەر سەرەڕۆیی و خۆسەپاندنی بەشێنەیی ئێران، کار گەیشتە ئەو جێیەی کە شەمخانی، ڕاوێژکاری خامنەیی لە پێتەختی ئەفغانستاندا بوێرێ بەئاشکرا باس لە پێوەندییەکانی نێوان ئێران و تاڵیبان بکا. دووهەم، هاوپەیمانیی باکوور کە سەردەمانێک ئێران پشتیوانیی ڕەهای لێدەکرد و تەنانەت کووژراوەکانی بە شەهیدی موجاهید ناو دەبرد - بۆ نموونە ئەحمەدشا مەسعوود کە بنێرەکانی ئێستاش لە تاران هەڵدەواسرێن - لە دوای ڕووخانی تالیبان بەرەو لاوازی و لە نێوچوون دەڕۆیشت و ئێران بۆ ئەوەی بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی سەلماندبا کە هەر لە لوبنان و سووریە و یەمەندا ئەکتەری سەرەکی نییە، بەڵکوو لە ئەفغانستانیش دەستی باڵای هەیە؛ هاوکاریی تاڵیبانی کردوە و ئەو پێوەندییانەی بۆ ئەم ڕۆژانە ڕاگرتوە. ئەگەرچی لە ڕوانگەی ئیدۆلۆژییەوە تاڵیبان لە عەرەبستان و ئیمارات نیزیکە و ئێران ئەمەشی پشتگوێ نەختسوە. خاڵێکی تری ئەم بابەتە کە زیاتر بۆ ئێران گرینگە...

ئەوەیە کە لای خۆی دایناوە کە دوای چوونەدەرێی ئامریکا لە ئەفغانستان ئەم وڵاتە دەکەوێتە دەستی کۆماری ئیسلامی و ئێران دەتوانێ تەڕاتێنی تێدا بکا و ئەوێش بکاتە حەسارخەڵوەتی خۆی.

هەڵبەت ناکرێ لە ڕوانگەی مێژووییشەوە بایەخ بە تاڵیبان و ڕۆڵی ئەم هێزە لە گۆڕانکارییەکانی ئەفغانستاندا نەدرێ. ڕێکخراوی تاڵیبان کە زۆربەیان "پەشتوون"ن، تەنیا لە ئەفغانستان و پاکستان نیزیک بە ٤٥ میلیۆن کەس دەبن و بەکگراوندێکی شەڕ لەگەڵ سێ زلهێزی جیهانیان هەیە کە لە دووانیدا سەرکەوتوو بوون (لە سەدەی ١٩ لە دژی بریتانیا و لە سەدەی ٢٠ لە دژی سۆڤییەت). ئەوان لە ئێستاشدا لەگەڵ ئامریکا لە شەڕ و پێکدادانێکی خوێناویدان و ئامریکایان ناچار کردوە لەگەڵیان بێنە سەر میزی دانووستان. ئەمەش ناکرێ لە خوێندنەوەکانی ئێراندا لەبەرچاو نەگیرابێ.

دوای دەستبەکار بوونی دەفتەری نوێنەرایەتیی تاڵیبان لە دۆحەی قەتەر، هەتا ئێستا ١١ خولی دانوستان لە نێوان نوێنەرانی ئامریکا و تاڵیبان بەڕێوە چووە و لە خولی ١١ی ئەم دانیشتنانەدا تاڵیبان و ئامریکا ڕێکەوتننامەیەکیان ئیمزا کرد. لە کاتێکدا کە دنیا بە گەشبینییەوە چاوەڕوانی بە ئەنجام گەیشتنی پرۆسەی ئاشتیی ئەفغانستان بوون، نوێنەری

وەزارەتــی دەرەوەی ئێــران، محەممەدئیبــراهیم تاهیریــان ســەردانی دۆحەی کــرد. هەر حەوتــوویەک دوای ئەم ســەردانە توندــوتیژییەکان لە ئەفغانســتان پەرەیــان ســەند ومحەمــمەد ئەشــرەف غەنــی لە ڕاگەیەندراوێکــدا فەرمــانی بە هێــزە چەکدارەکانی ئەفغانستان کرد کە لە حــاڵەتی بەرگری بێنە دەرەوە و حــاڵەتی هێرشکردنە سەر چەکدارانی تەڵەبــان بە خۆیانەوە بگرن.

لە ئێســتادا وێــدەچێ بــزووتنەوەی تــاڵیبــان وەک ئامرازێــک کەوتبێــتە دەســتی کۆمــاری ئیسلامی و ئێــران دەیەوێ ئادرەسی تــاڵیبان لە دۆحە ڕا بگۆڕێ بۆ تــاران؛ یــان لانیکەم نوێنەرایەتییەکیش لە ئێران دابمەزرێنــێ. بە پێچەوانەوە تــاڵیبــان لە پێوەندی گرتن بە ئێرانەوە مەبەستی ڕاگرتنی هاوسەنگیی خۆیەتی لە ناوچەکەدا و لە مێژووی خۆیــدا ئەوەی سەلماندوە کە لە کاتی گەیشتنیان بە دەسەڵات و هێزمەندیی خۆیاندا هیچ هۆگرییەکان بۆ ئێرانی شیعە نییە. کوژرانی دە کەس لە بەنــاو دیپلۆمــاتە ئێرانییەکــان لە بالیۆزخــانەی ئێران لە مەزارشــەریف و بانگهێشت نەکردنی نــوێنەری کۆماری ئیسلامی ئێــران بــۆ ڕێکەوتنــنامە نێوان تــاڵیبان و ئامریکا سەلمێنەری ئەم ڕاستییەن.

لە ژمارەی ٧٧٤ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی مای ٢٠٢٠

---

## دەرکەوتنی ڕووی ڕاستەقینەی کۆماری ئیسلامی ئێران



بە درێژایی مێژووی هاتنەسەر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی،هەڵگرتنی درووشمی توندوتیژ و گرتنەبەرت سیاسەتی چەوت و دانانی ستراتیێژی ناڕیالیستی، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕێژیمی لە کۆڕ و کۆمەڵە نێودەوڵەتییەکان دوور خستۆتەوە و تێوەگلانی بەرپرسانی باڵای ئەم ڕێژیمە لە کردوە تیرۆریستییەکان و هاندانی لایەنگرانی خۆیان بۆ نانەوەی ئاژاوە و بشێوی رووخسارێکی تا بڵێی کرێت و دزێویان لە ڕێبەرانی ئەو ڕێژیمە پێشان داوە. ڕوویەکی دیکەی ئەو واقعە مامەڵەی وڵاتانە کە لە سۆنگەی پاراستنی بەرژەوەندییە ئابووری و ئەمنیەتییەکانیان هەوڵیان داوە لەگەڵ ڕێژیم هەڵ بکەن و بە گوشاری کەم تا زۆر هەوڵ بدەن ڕەفتاری ڕێژیم گۆڕانی بەسەردا بێت. بەڵام ڕاپەڕینی ژینا ئەم واقعەی گۆڕی.

گۆڕینی نیگای کۆمەڵگەی جیهانی ئەگەرچی کارتێکەریی کوژرانی حکوومەتیی ژینا و وەرگەوتنی لافاوی تووڕەیی خەڵک بۆ ڕاماڵینی ڕێژیمی لەسەرە، بەڵام بێگومان کۆمەڵە فاکتەرێکی دیکەش هەن کە وا دەکەن وڵاتان چیدی ئامادە نەبن بە هەموو تێچوویەک درێژە بە پێوەندییە پرکێشەکانی خۆیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بدەن. هەرشە کردن لە وڵاتان، دەستێوەردانی ڕێژیم لە کاروباری وڵاتانی تر، پەرەپێدان بە بەرنامەی مووشەکی و ئەتومی، پێشێلکردنی هەراوی مافی مرۆڤ، سەرکوتکردنی خەڵک لە خۆپێشاندانەکان، پشتیوانیی لۆجیستیکی و ماڵی لە میلیشیا چەکدارەکان و بەکارهێنانیان وەک کارتێکی فشار بۆ سەر وڵاتانی ناوچە و جیهان، پێدانی درۆنە خۆکوژەکان بە ڕووسیە و بەشداریکردن لە شەری ئوکراین لە بەرژەوەندیی ڕووسیەدا، بەشێک لەو فاکتەرانەن کە لە تەنیشت ئاخێزی ئەمجارەی خەڵکی ئێران ڕوانگەی دنیای دەرەوەی بەنیسبەت کۆماری ئیسلامی گۆڕیوە.

بەرژەوەندیی ئابووری و سیاسی یەکێک لە پارادایمە هەرە بەهێزەکانی سیاسەت کردن و داڕشتنی پێوەندیی دوولایەنەیە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی پاراستنی بەرژەوەندی هەردەم دەتوانێت ببێتە هۆکار بۆ بەردەوامیی پێوەندییەکانی نێوان دوو لایەن یان خود نەمانیان، واتا بێتوو بەرژەوەندی وڵاتێک یان چەند وڵاتێک لە مەترسییش بکەوێت ئەوە هۆکاری سەرەکییە بۆ پچران یان کەمکردنەوەی پێوەندیی نێوانیان.

یەکێک لە گرینگترین ڕووداوەکانی ئەم دواییانە سەردانی بەرپرسانی چین بوو بۆ عەرەبستانی سعودی. چین کە لەم چەند ساڵەی دواییدا وەک هێزێکی کاریگەر لە جیهاندا و وەک ڕکەبەری ئامریکا ناوی دێت، بۆ پاراستنی هاوسەنگیی خۆی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا پێویستی بە ئارامی و سەقامگیرییەکی درێژمەودا هەیە بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا. کاتێکیش هەست بە وەکرا کە کۆماری ئیسلامی و هەوڵە تێکدرانەکانی دەتوانێت بەرژەوەندییە باڵاکانی ئەم وڵاتە بە تایبەت لە بواری وزەدا بخاتە مەترسییەوە، بەبێ دوو دڵی وازی لە لایەنە لاوازەکە (ئێران) هێنا و ڕووی لە وڵاتانی عەرەبی کرد کە کەرتی وزەیان لە بەردەستدایە، ئەمەش لە کاتێکدایە کە کۆماری ئیسلامی ئێران لە ئاستی سیاسەتی دەرەوەی خۆیدا سیاسەتی نیزیکبوونەوە لە بلۆکی ڕۆژهەڵاتی (چین و ڕووسیە) لە دەستووری کاری خۆیدا پەیڕەوی کردوە و ئەم بابەتەش خۆی لە خۆیدا ئاماژەیەکە بە دوورکەوتنەوەی خۆویستانە لە وڵاتانی ڕۆئاوایی. لەو سۆنگەیەوە دەبینین بە شێوەیەک لە شێوەکان کۆماری ئیسلامی ئێران گرەوی لەسەر ئەسپی تۆپیو کردووە.

بە سەرنجدان بە مێژووی پڕ لە هەوراز و نشێوی پێوەندیی نێوان عەرەبستان و کۆماری ئیسلامی گرینگیی ئەم وەرچەرخانەی چینمان زیاتر بۆ ڕوون دەبێتەوە. ڕوونە کە هێرش و هەڕەشە بەردەوامەکانی ئێران بۆ سەر عەرەبستان و دامودەزگاکانی ئەو وڵاتە بەرژەوەندییەکانی چین لە مەترسی داوێت و نائارامی لە بواری وزەدا بە تایبەت لە کەنداو و گەرووی هوورموز لە پێش هەموو لایەنێکدا زیان بە وڵاتێکی وەک چین دەگەیەنێ و گرینگتر لە هەموو ئەم بابەتانش ئەوەیە کە نیزیکبوونەوەی عەرەبستان لە چین ئیدارەی بایدن و دێموکراتەکانی تووشی سەرسوورمان کردووە. بۆیە ئەوانیش بۆ ئەوەی هاوپەیمانێکی گرینگی وەک سعوودی لە کیس خۆیان نەدەن، دەبێ زیاتر لە جاران ئاور لەم وڵاتە بدەنەوە و بابەتی پاراستنی ئەم وڵاتش دەبێتە بابەتێکی هەستیار و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی نێوان چین و ویلایەتەیەکگرتووەکان دەبێتە کێبڕکێی نیوانیان.

تەریککەوتنەوەی کۆماری ئیسلامی تایبەت بەم قۆناغە لە ژیانی سیاسیی ئەم ڕێژیمە نییە و هەر لە سەرەتای هاتنەسەر کاری ئەم ڕێژیمە بە هۆی پشتیوانیی کۆماری ئیسلامی لە تێرۆریزم و هێرشکردنە سەر بالیۆزخانەی ئەمریکا لە خاکی ئەم وڵاتە و هەوڵدانیان بۆ نانەوەی بشێوێ و ناسەقامگیری لە ناوچە دەستی پێ کرد و ئێستاش بەهۆی بەردەوامییان لەو سیاسەتە و پەرەپێدان بە سیاسەتی تێرۆر لە نێوخۆ و دەرەوە و سەرکوتی نارەزایەتییە نێوخۆییەکان متمانەیەکیان بۆخۆیان لای هیچ وڵاتێک نەهێشتۆتەوە.

دادگـایی خەڵکیــی ئابــان لە لەنــدەن، دادگــایی و بەنــدکردنی حەمیــد نــووری لە ســۆئێد و ئێســتاش دانــانی کــۆمیتەی بەدواداچوونی ڕاستییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکـان سـەبارەت بە کوشـتاری خۆپێشـاندەران چەنـد نموونەیەکن لە کـاردانەوەی کـۆمەڵگەی جیهـانی کە دەیـانەوێ سنوورێک بـۆ ئەو ڕێـژیمە دابنـێن. دەرکرانـی ئێـران لە کۆمیسـیۆنی پـێگەی ژن لە نەتـەوە یەکگرتووەکان کە یەکێک لە لێکەوتەکـانی ڕاپەڕینـی ژینـا بـوو، ڕای گشـتیی کـۆمەڵگەی جیهـانی لەسـەر دۆخـی ڕاسـتەقینەی واقعە سیاسییەکانی نێوخۆی ئێران چڕ کردۆتەوە.

تێـوەگلانی کۆمـاری ئیسـلامی لە شـەڕی ئـوکراین و فرۆشـتنی درۆنـی خۆکـوژ بە ڕووسـیەش هۆکـارێکی تـرە بـۆ هەرچـی زیـاتر تەریککەوتـنەوەی ئێـران لە کـۆمەڵگەی نێـودەوڵەتی. بـوونی پـاڕلمانەکـانی ئورووپـا بە تریبـوونی خۆپێشـاندەران و پرسـی وەکــالەتی سیاســیی دەسبەســەرکراوەکانی ڕاپەڕینــی ژینــا لەلایەن پاڕلمانتــارانی ئوروپــاوە نیشــانەکانی دیــکەی تەریککەوتنەوەی ئێران و بە بۆنبەستگەیشتنی سیاسەتەکانی ڕێژیمن.

هاوکێشەکە ڕوونە: بەرجام بۆ هاوبەشە ڕۆژئاواییەکان لە ڕۆخی مردندایە. ئێـران کە بەتـەما بـوو پشـکێکی زۆری لە بـازاڕی گـازی ئورووپـا هەبێـت، بەهـۆی پشـتیوانیی لە ڕووسـیە لە شـەڕی ئـۆکراین ئەو دەرفەتەشـی بۆخـۆی لەبـار بـرد کە بێگومـان لە غەیری ئەوەشدا ڕووسیە ئەو ئیزنەی نەدەدایە. سپای پاسداران هەتـا دێ پتر لەسۆنگەی مەترسییەکانی بـۆ سـەر ئەمنییەتـی جیهانی ئیزۆلە دەکرێ و ئەوانەش نیشانەکانی پتر دارمانی هەیکەلی کۆماری ئیسلامی وەک وڵاتێکی یاخی و سەرەڕۆیە.

لە ژمارەی ٨٣٨ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٦ی بەفرانباری ٢٧٢٢



سەرچاوە
Serchawe

## قوماره گەورەکەی ئێران



کۆماری ئیسلامی ئێران لە ماوەی دەسەڵاتدارەتیی خۆیدا و لەپێناو ڕاگرتنی هەیمەنە و هێژمۆنیی خۆیدا هەموو ئامرازەکانی سەرکوتی بۆ بەگژداچوونەوەی ویست و داواکارییە بەحەقەکانی نەتەوەکانی ئێرانی بەکار هێناوە و لە ئامرازی هەڵداشتنی قەیرانەکان بۆ دەرەوەی سنوورەکانی و هەڵگیرساندنی شەڕی دەرەکییش دەستی نەپاراستووە.

ڕێژیم لە ماوەی دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی ژینا  بە هێرشکردنە سەر بنکە و بارەگاکانی حیزبە ڕۆژهەڵاتییەکان بۆ چەندین جار هەوڵی دا ڕەوتی نارەزایەتی و خۆپێشاندانەکان لە نێوخۆی ئێران بە گشتی و لە کوردستان بەتایبەتی بەلاڕێدا ببا. ئامانجی ڕێژیم لەو سنووربەزاندن و هێرش بۆ سەر حیزبە کوردییەکان ئەوە بوو وا بنوێنێ کە ئەم ڕاپەڕین و سەرهەڵدانەی ئێران هۆکاری دەرەکیی هەیە تا بەمجۆرە نارەزایەتییەکان لە ئێرانی پێ پەردەپۆش بکەن. جگە لەم بابەتە کۆماری ئیسلامی ئێران هەم بۆ خۆی و لۆبییەکانی جارێ ئەوەی دا کە نەتەوەکانی ئێران سەودای سەربەخۆیی و لەتکردنی ئێرانیان هەیە و هێندێک لە بەناو ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی وڵاتیش ئەم هەوایەیان بۆ ڕێژیم ئەستاندەوە و تەندووری چەواشەکارییەکانی ڕێژیمیان نێڵ دا. بەرپرسانی باڵای کۆماری ئیسلامی دوای ئەوەی بۆیان دەرکەوت کە ئاستی تێگەیشتنی سیاسیی خەڵک زۆر لەوە لەسەرترە وحیزبە سیاسییەکانی کوردستانیش لەوە ژیرترن کە بکەونە داوی ژوورە فکرییەکانی ناوەندە نیزامی و ئەمنییەتییەکانی ڕێژیم؛ پەنایان بردە بەر سیناریۆی هەڕەشەکردن لە چەند دراوسێیەکی خۆیان، واتە

هەرێمی کوردستان و کۆماری ئازەربایجان. ئەمەش پەرەی بەو تیۆرییە دا کە ئاخۆ ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی لە ئێستادا بۆ بازدان بەسەر قەیرانە نێوخۆییەکانیان قەیرانێکی دیکە دروست دەکەن؟ بەڕوونی ئایا لە دەرەوەی سنوورەکانیان شەڕێک وەڕێ دەخەن؟ ئاخۆ لە بنەڕەتدا شەڕ لە بارودۆخی ئێستادا چەندە لە بەرژەوەندیی مانەوەی کۆماری ئیسلامی لە دەسەڵاتدایە؟

بە سەرنجدان لە سەر بابەت گەلێک کە چارەنووسی شەڕ یەکلایی دەکاتەوە دەبینین کە هیچ کام لەو فاکتەرانە لە بەرژەوەندیی ڕێژیمدا نییە. ژێرخانی ئابووریی وڵات لە خەراپترین بارودۆخی خۆیدایە، تا ئەو ڕادەیە کە ڕێبەری کۆماری ئیسلامی بۆ چارەسەرکردنی کورتیهێنانی بودجەی وڵات و پێدانی مووچە و مزی کارمەندەکانی ئیزنی بە دەوڵەت داوە ملکە تاپۆکراوەکانی بفرۆشێت. لە هاوکێشە سیاسییە نێودەوڵەتییەکانیشدا دیپلۆماسیی ڕێژیم لە خوارترین ئاستی خۆیدایە و پاڵپشتیی نەک جیهانی بەڵکوو ناوچەییشی نەماوە. خۆ ئەگەر جاران کەموزۆر و بە شێوەیەک لەلایەن چین و ڕووسیەوە پاڵپشتییەکی ئاست نزمی لێ دەکرا، ئێستا لەوەش بێبەری بووە. چین زیاتر بە نیازە خۆی لە وڵاتانی عەرەبی نێزیک کاتەوە و ڕووسیەش بۆخۆی لە شەڕی ئوکرایندا چەقیوە و تەنانەت ئەوە کە چاوی هیوای لە ئێران بۆ پشتیوانیی لۆجستیک بڕیوە.

دۆخی نێوخۆیی و پێگەی سیاسیی ئێران لە هاوکێشە جیهانییەکان جۆرێکە لە ئەگەری ڕوودانی شەڕ یان ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداری یان خود پەرەپێدان بە ناکۆکییە ناوچەییەکان کە ستراتیژیی سەرەکی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە، تەنانەت ڕووسیەش کە لە ئێستادا قەرزباری ئێرانە، ناتوانێت بەهانای دەسەڵاتدارانی تاران بگات. دیارە هەر لەجێدا پێشێلکردنی پرەنسیپە نێونەتەوەییەکانی دیپلۆماسی لە تاران و هەرجارە بە بیانوویەک و بە شێوەیەک هێرشکردنە سەر باڵیۆزخانەکان هیندەی دیکە ستاتۆی ڕێژیمی لاواز کردووە. هەر لە ئێستادا دوای هێرشە تێرۆریستیەکەی سەر بالیۆزخانە کۆماری ئازەربایجان، ئەم وڵاتە هەڕەشەی کشاندنەوەی دیپلۆماتەکانی خۆی دەکات لە تاران و ئەوەش بە پەیامێک دادەنرێ لە سیکلی دیپلۆماسیدا. گرینگی ئەو بڕیارەی ئازەربایجان بۆ ئەمە دەگەڕێتەوە کە کۆماری ئازەربایجان پێوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ ئیسرائیل هەیە و دەستی ئەو وڵاتە زیاتر لە جاران بۆ هەر جورە کردەوەیەکی دژبەرانە بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی ئێران ئاوەڵا دەکات. بەتایبەت کە لە دوای هاتنەوەسەرکاری بنیامین نتانیاهوو دەبینین کە ئەم وڵاتە سوورتر لە هەر کات پێداگرە لە سەر ئەوەی نەهێڵێت کۆماری ئیسلامی دەستی بە چەکی ناوکی ڕابگات و ڕۆژ بە ڕۆژ لۆبیی ئیسرائیل لەم پێوەندییەدا بەهێزتر دەبێت. ڕێکەوتنی ئیبراهیم وڵاتانی دراوسێی ئێرانی گرتۆتەوە و تەنانەت بەرجامیش کەوتۆتە بەر کاریگەریی ئەم بابەتە و هێرشەکەی چەند ڕۆژ پێش ئێستای سەر شارەکانی ئیسفهان و چەند شارێکی تری ئێران ئەم تیورییە پشت ڕاست دەکاتەوە.

لە ڕاستیدا لەم کاتەدا کۆماری ئیسلامی بۆ هەڕشەکردن و بەرگریکردن لە خۆی و یان خۆ پارێزی تەنیا پشتی بە مووشەک و درونەکانی بەستووە و وێناچێ بیەوێ قومارێکی گەورەیان لەسەر بکات. لە هەمووی گرینگتر ئەوەیە کە ڕای گشتیی کۆمەڵگەی ئێران پشتیوانی لە سیاسەتە چەوتەکانی ئەم ڕێژیمە ناکات و ئەو پروپاگاندابییەی کە لە کاتی شەڕی نێوخۆیی سووریە باسی لێ دەکرد و دەیگوت ئەگەر لە دەرەوەی سنوورەکانمان بەرنگاری دووژمن نەبینەوە ئەوە دەبێ لە نێوخۆدا بەرنگاریان ببینەوە پووچ دەرچووە.

**لە ئێستادا شەر گەیشتۆتە نێو خاکی ئێران و دەشبینین کە هێزەکانی تێرۆریستیی سەر بە سپای پاسداران چۆن دەستەوەستان ماونەتەوە بەرامبەر بەم هێرشانەی کە دەکرێتە سەریان و هەرجارە بیانویەک دێننەوە بۆ خۆدەربازکردن لەو شەڕەی نایانەوێ بۆ ئێرانی بکەن.**

لە ژمارەی ٨٤٠ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٧ی ڕێبەندانی ٢٧٢٢**

## ساڵێک دوای شەڕی ئوکراین




کاتێک هەواڵی دەستپێکی شەڕی نێوان ئوکراین و ڕووسیە بڵاو بۆوە، زۆربەی شارەزایانی سەربازی و تەنانەت سیاسی گریمانەی ئەوەیان دەکرد لە ماوەیەکی کورتدا ئەم شەڕە کۆتایی پێ دێت. زۆربەی زۆری چاودێرانیش لایان وا بوو شەڕەکە لە بەرژەوەندیی ڕووسیە کۆتایی پێ دێت و شەڕکردن لە بەرانبەر زلهێزێکی جیهانی ناتوانێ درێژمەودا بێت. بەڵام خۆڕاگریی کەموێنەی خەڵکی ئوکراین بەگشتی و کەسایەتیی کاریزماتیکی زێلێنسکی بەتایبەتی ڕیسەکەی لە ڕووسیە کردە خوری.

شەڕی ڕووسیە و ئۆکراین وا دەچێتە دووهەمین ساڵی خۆیەوە. ئەم شەڕە زۆر سادەیە ئەگەر تەنیا گرێ بدرێتەوە بە خۆڕاگریی خەڵک و ڕۆڵی کەسێکی وەک زێلێنسکی. بە سەرنجدان بە ڕووداوەکانی پێش دەستپێکی ئەم شەڕە و گرژبوونی پەیوەندییەکانی نێوان ئەم دوو وڵاتە بۆمان دەردەکەوێ کە تەقینەوەی ناکۆکییەکان هەر لە سەرتاوە گرێدراوی ڕێکخراوە هەواڵگرییە نێودەوڵەتییەکان بووە بۆ بەرنگاربوونەوەی ڕووسیە لە نیزیک سنوورەکانی خۆی. داواکاریی ئەندامەتیی ئۆکراین لە ناتۆش هەر درێژەدەری هەمان سیاسەت و هەر بە یەک ئامانج بوو، واتا بێتوو ڕووسیە قەبووڵی بەئەندامبوونی ئۆکراینی لە ناتۆدا کردبا، سنووری هاوپەیمانیی نیزامیی ناتۆ دەگەیشتە نیزیکترین ئاست بۆ دامەزراندنی قەڵغانی بەرگریی مووشەکی بۆ پاراستنی ئورووپا لە هەڕەشە و مەترسییەکانی پووتین بۆ سەر یەکیەتیی ئورووپا. یا خود ئەگەریش ئەو سیستەمی بەرگرییە بە پێی داوای وڵاتی ئۆکراین قەبووڵ نەکرێت، ئەوە ئاستی ناکۆکییەکان دەگاتە پێکدادانی سەربازی


سەرچاوە
Serchawe

و شەڕێکیماڵوێرانکەر بەرۆکی هەموو ناوچەکە دەگرێت. بۆیە زۆر پێش دەستپێکی ئەم شەڕە ناوەندە ئەمنییەتی و هەواڵگرییەکانی جیهانی بە پڕوپاگاندای سەرهەڵدانی شەڕ ڕای گشتییان بۆ ئەم بابەتە ئامادە دەکرد. لەگەڵ دەستپێکی شەڕەکەش بەشی هەرە زۆری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی چوونە پشتی ئۆکراین و پشتیوانیی خۆیان لە خەڵک و حکوومەتی ئەو وڵاتە ڕاگەیاند.

شەڕی ڕووسیە و ئوکراین لە چەند ڕەهەندی دیکەشەوە گرینگیی خۆی هەیە. کەرتێکی بابەتەکە گرێدراوی بەشی ئابوورییە و بینیمان کە لە دوای دەستپێکی شەڕەکە چۆن شەڕ کاریگەریی خۆی بە سەر ئابووریی بەشێکی زۆری جیهان پێشان دا. هەروەها ئەو ڕاستییەشی دەرخست کە ڕووسیە توانای ئەوەی هەیە ئەگەر بۆ کورتماوەش بووبێ بەتایبەت لە بواری وزەدا ئاستەنگ بۆ سەر کەرتی ئابووریی جیهانی ساز بکا و جیهان دەبێ خۆی بۆ پڕ کردنەوەی ئەو بۆشاییە ئامادە بکات، ئەمەش پێویستیی بە دانیشتن و دانووستان هەیە لەگەڵ وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت و وزە و بۆ هاندانیان بۆ هەناردەکردنی زیاتری نەوت و بەربەست سازکردن بۆ ڕێککەوتنی نوێ لەگەڵ ڕووسیە و بۆڵدکردنی ئەو بابەتە کە سەودا و دانووستان لەگەڵ ڕووسیە ڕیسکێکی گەورەیە.

بەشێکی تری ئەم شەڕە بۆ ئەو مەبەستە بوو کە هێزی سەربازیی ڕووسیە بێننە ژێر پرسیار و ئەو ڕاستییەی دەرخست کە هەر وڵات و حکوومەتێک خەڵکی وڵاتەکەی پاڵپشتی نەبێت، دواجار دەستەوەستان دەبێت جا ئەگەر خاوەنی دووهەم هێزی سەربازیی جیهانیش بێت؛ تا ئەو ڕادەیە کە تەنیا کۆماری ئیسلامی شک ببەی هاوپەیمانیی نیزامیی لەگەڵ ببەستی.

بابەتێکی دی کە جێگەی هەڵوێستەکردنە لە سەری ئەوەیە بە سەرکەوتوونەبوونی ڕووسیە لەو شەڕەدا پێش بە چەندین شەری دیکە گیرا لە ناوچەکە و دەکرێ بڵێین لە جیهاندا. دوای چەند ڕۆژێک لە دەستپێکی شەڕەکە گریمانەی ئەوە دەکرا ناکۆکییەکان لە چین و تایوانیش پەرە بستێنن و تەنانەت وڵاتانی سۆئێد و فیلاندیش کەوتبوونە بەر شاڵاوی هەڕەشەکانی ڕووسیە. تەنانەت کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش هەڕەشەی هێرشکردنە سەر هەرێمی کوردستان و کۆماری ئازەربایجانی دەکرد. گرینگتر لە هەموو ئەمانەش تەریککەوتنەوەی ئەم وڵاتە لە کۆڕ و کۆبوونەوە نێودەوڵەتییەکان بوو، و ئەوانەش دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە هێرشکردنە سەر خاکی وڵاتان بە بیانووی جیاواز ئاکامێکی تری لە تەریککەوتنەوە نابێت.

کۆبوونەوەکانی لووتکەی وڵاتانی G7 و داڤووس دوو نموونەی دیاری ئەم کۆڕ و کۆبوونەوانەی کە ڕووسیە تێدا بانگێشت نەکرا. جگە لەم خاڵانەی سەرەوە هەڕەشەی بەکارهێنانی چەکی ناوکی، بەکارهێنانی درۆنە خۆکوژەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ کوشتنی خەڵکی مەدەنیی ئۆکراین و گواستنەوەی کارگەی بەرهەمهێنانی ئەم درۆنانە لە ئێران ڕا بۆ ڕووسیە لەڕووی سەربازییەوە مەترسیی زۆری هەیە بۆ سەر نەیارانی هەر دوو وڵات. ڕووسیە دەستی ئاوەڵاتر دەبێ لە بەرهەمهێنان

و بەکارهێنانی ئەم درۆنانە و بەکارهێنانی زۆرتری ئەم درۆنانە هۆکارن بۆ دۆزینەوەی خاڵە لاوازەکانی و بەهێزکردنیان لە داهاتوودا وەک خێرایی و توانای خاپوورکردن و پێکانی باشتری ئامانجەکانی و ئەم پۆینتانەش دەستی کۆماری ئیسلامیی ئێران ئاوەڵا دەکات بۆ بەکارهێنانی ئەم درۆنانە بەدژی دژبەرانی خۆی و وڵاتانی ناوچەکە.

ئێستا کە ساڵێک بە سەر ئەو شەڕەدا ڕادەبرێت و هێشتا ئاسۆکانی ناڕوونن، دەبینین وڵاتانی جیهان بە تەرخانکردنی بەشە بووجەی خۆیان بۆ گەیاندنی یارمەتیی مادی و سەربازی بە ئوکراین بەئاشکرا پشتیوانی لەم وڵاتە دەکەن و هەوڵ بۆ سەرکەوتنی ئەم وڵاتە دەدەن؛ چونکی باوەڕ گشتییەکە ئەوەیە بردنەوەی ڕووسیە ئاسۆی کۆمەڵگەی جیهانی لێڵ و ئەمنییەتی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی ناسەقامگیر دەکات.

لە ژمارەی ٨٤١ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.


سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٦ی ڕەشەمەی ٢٧٢٢

---

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

گەلاوێژی ٢٧٢٦ی کوردی = ئاگۆستی ٢٠١٦ی زایینی

---





# سپاس و پێزانین

**بۆ هاوڕێ ئامانج زیبایی بۆ ئامادەکردنی وتارو نووسراوەکان.**

**دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**



سەرچاوە
Serchawe